
KURDISTAN


LOVE
Happy Valentine's Day
پیرۆز بێ ڕۆژی خۆشەویستی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- بە بۆنەی ڤالێنتاین - ڕۆژی جیهانی خۆشەویستی .................................... شێرکۆ بێکەس ...... ٣

٢- لە ڕۆژی خۆشەویسیدا، با فێری خۆشەویستی بین ............................................ تامان شاکر ......... ٥

٣- ڕۆژی خۆشەویستی؛ چیرۆک و مێژووی ...................................................... کنێر عەبدوڵڵا ......... ٨

٤- لە دیدی دەستەبژێری کوردیدا،خۆشەویستی چییە؟ ......................................... تانیا ئـاوارە ....... ١٥

٥- تۆ باوەڕت بە ڤالانتاین هەیە؟ ........................................................... د.ئارام ڕەفعەت ....... ٢٣

٦- ڤالانتاین زادەی خەیاڵی عاشقان ........................................................... شیرین - ک ....... ٢٦

٧- مێژووی ڤالانتاین و چۆنێتی هاتنی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی ......................................... ڕووداو ......... ٣٣

٨- ڤالانتاین لەچیەوە هاتوە؟ ................................................................... وێستگە ستایل ....... ٣٥

٩- ئەگەر بەتەنهایت چۆن ڕۆژی ڤالانتاین بەسەر دەبەیت؟ ................................. ماڵپەڕی کی ئین ئین ...... ٣٧

١٠- لە ڕۆژی ڤالانتاین خۆشەویستی هەمیشەیی مسۆگەر بکە ........................................ چاوان هێرش ...... ٣٨

١١- ڤالانتاین و مێژووی پەیدابوونی ........................................................ دڵشاد موحەمەد ...... ٤٠

١٢- ڤالانتاین.. ڕۆژێک بۆ خۆشەویستیی پێشمەرگە ............................................ گوڵان میدیا ....... ٤٣

١٣- لە کوردستان ڤالانتاین بە شێوازی جۆراوجۆر یاد دەکرێتەوە ............................ نیشاف عەبدولڕەحمان ..... ٤٧

١٤- ڤالانتاین چییە و لە کوردستان چۆن دەگوزەرێ؟ .............................................. دەرباز ساڵح ....... ٤٩

١٥- چیرۆکی ڤالانتاین چییە؟ و چەند زانیارییەکی گرنگ لە بارەی ڕۆژەکەوە ...................... ماڵپەڕی خەڵک .... ٥٣

١٦- ڤالانتاین و ڕۆژی خۆشەویستی ........................................................... بەدرخان کۆڤان ........ ٥٥

١٧- ڕۆژی خۆشەویستیی ...................................................................... بەختیار عەلی ........ ٥٧

١٨- ڤالانتاین.. ڕۆژی نوێبوونەوەی عەشق و ژیان ................................. ئامادەکردنی: کاشان و ژیمان ...... ٥٩

١٩- ڤالانتاین و ١٢ ڕاستیی نەزانراو ................................................................. فۆستا ....... ٦٥

٢٠- ڤاڵەنتاین، ڕۆژی خۆشەویستیی یان کۆنەویستیی؟! ............................................ دارا ئەحمەد ....... ٦٧

## بە بۆنەی ڤالێنتاین، ڕۆژی جیهانی خۆشەویستی



**شیرکۆ بیکەس**

**ڤالانتاین...**

**کەژاوەیەک لە گەواڵەی هەوری سپی**
**پەنجەرەیەک لە گوڵەباخ**
**بە پووڵەکەی گوڵ ئەستێرە جریوەدار**
**پۆلە ماچێ لە فڕینی ناو ساماڵدا و دوو دڵداریش چووتێ شیعری نێرە و مێیینەن**
**جار بە جارێ سەروملی ئاونگاویی لە شەبەنگێکی مۆرەوە دێنە دەرێ!**

**ڤالانتاین...**

**وەختێ کە دێ بەر چنەیەک پڕ پەپوولە لە شانی**
**دووسێ گزنگ بە دەستیەوە**
**مانگەشەو لە ناو قژیا**
**کانیاوێ لە باوەشیا**

کاتێ کە ڕۆیی‌و تیپەڕیش
ئەو لە دوای خۆی هەتا نەورۆز بۆنی مێخەک و گۆڕانیی لە ناوماندا بە جێدێڵێ!
لەم ڕۆژەدا هەرچی ڕەنگی گوڵی ترە جلەکانیان دائەکەنن
خۆیان لە "سوور" هەڵئەکێشن و لەبەر خاتری چاوەکانی "ڤالانتاین" هەموو ئەبن بە دارهەنار
لەم یادەدا کە دەم‌و لێوی عاشقان تێکەڵ بە یەکتری ئەبن
لەهەزار لاوە دووئاوان گوڵاڵەی ماچ ئەدەن بەدەم شەپۆلەوە
لەگەڵ "با" دا سەر هەڵ ئەگرن
لە یەک ڕۆژدا "شوبات" ئەبێ بە "نیسان" و شەختە هەڵاڵە ئەگرێت
تەرزەیش خۆی ئەکا بە یاقووت
بۆ ئێوارەش لە ژوورێکی ئێسک سووکی ڕەنگ پەمەیی "سەرچنار" دا
لەسەر مێزێکی نارنجی کە نمە نمەی مۆسیقا بە هێواشی لێمانبدا
هەر "خۆی" و خۆم ئەچینە ناو خەونێکەوە
کەسێک..کەسێک..بێکۆتایی
ئەم قەڵەمەیش "کە ئەم شیعرەم پێ نووسیوە" لە نێوان هەر دووکماندا دائەگیرسێ و ئەبێ بە مۆم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژپرێس  -  ڕێکەوتی: ١٧ی فێبریوێری ٢٠١٠



## لە رۆژی خۆشەویسیدا، با فێری خۆشەویستی بین...



**تامان شاکر**

کە باس لە خۆشەویستی دەکرێ دونیایەکی فراوان و رەنگاو رەنگ دێتە پێش چاو، چونکە خۆشەویستی ژیانە، بەبێ بوونی خۆشەویستی لە ژیاندا مرۆڤ تووشی نائومێدی دەبێت و ژیان دەوەستێت، چ کا رەساتێکە کە مرۆڤ هەست بە خۆشەویستی نەکات و هەست نەکات خەڵکانی تر خۆشیان دەوێت.

خۆشەویستی قاڵبێکی دیاری کراوی نییە، خۆشەویستی جیهانێکی فراوانە و لە هەموو سووچەکانی ژیاندا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەی کە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی زیاد لە هەموو شتێک سەرقاڵکردووە خۆشەویستی نێوان نێرو مێە، کە رۆژانە لەم کۆمەڵگەیەدا هەزار تاوان و سوکایەتی بە ناوی خۆشەویستییەوە دەکرێت. چەندین کەسیش دەبنە قوربانی وشەیەک کە لە مانا قوڵکەی نەگەیشتوون، بەڵام چەپاندنی سێکس و پێداویستی رەگەزی بەرامبەر وا دەکات، هەموو درۆ بەناوی خۆشەویستیەوە بکەن و هەندێک جاریش ببنە قوربانی ئەو خۆشەویستیە کە جارێک لە ژیانیاندا هەستیان پێنەکردووە، لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی پراو پر لە ستەمکاری نەک خۆشەویستسی جێگەی نابێتەوە بەڵکو رق دەبێتە کلتووری باو،گرنگ نییە شاعیرێک جوانترین شیعر بۆ خۆشەویستی بنووسێ، لە کاتێکدا دەروونی پر لە رق بێت، نەوێرێت بە ئاشکرا مومارسەی خۆشەویستی بکات. لە کۆمەلگەی ئێمەدا نرخ و بە های خۆشەویستی نەزانراوە، بەڵکو بە چاوی سووک سەیر دەکرێت و زۆرجار ئەوانەی خۆشیشمان دەوێن، بە سووکی سەیرمان دەکەن رێز لە هەست و سۆزەکانمان ناگرن، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو کلتورە سەقەتەی کە فێری رقی کردین، لە جیاتی خۆشەویستی. سەیر نییە کوشتن و تێهەڵدان و جنێودان و ناو ناتۆرەی ناشیرین بەرامبەر بە خەڵک، ئاسانتربێ لە ماچی دوو خۆشەویست.

ئەمە پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگەوە هەیە،کە هەرلە منداڵییەوە پێت دەڵێن خۆشەویستی عەیبە. نەلێی تێبگە نەباسی بکە نە مومارەسەی بکە،

ئێمە خۆشەویستیمان لێ زەوتکراوە، هەستەکانمان داگیرکراون مافەکانمان پێشێل کراون. لە خێزانی کوردیدا دایک و باوک خۆشەویستی نێوانیان لە منداڵەکانیان دەشارنەوە و کەچی بە بەرچاوی ئەوانەوە شەڕ دەکەن و سەدان جنێو قسەی ناشیرین بەیەکتری دەڵێن، منداڵەکانیان توشی دڵەراوکێ دەکەن، لەوەدا شەرم ناکەن، ژینگەی کوردەواری شوێنێکی گونجاو نییە بۆ خۆشەویستی و ژیان، دەبینین لە ماڵێکدا دایک باوک و منداڵەکانیش هەموویان تاکە یەک ژووریان هەیە و ئەمەش وای کردووە ئازادی خێزانەکە بە تایبەتی ژن و مێرد سنووردار بێت، هەرچەندە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پیاو باڵا دەستەو ژن تەنها وەک خزمەت کارێک سەیر دەکرێت، مافی ئەوەی پێنەدراوە کەسی خۆش بووێت، یان کەس ئەوی خۆش بووێت ئەگەر بەو ژیانەش رازی نەبێت تووشی سزا دەبێت.

بۆیە پەیوەندیە خێزانییەکان پەیوەندیەکی سەقەتەو لە سەر بنەمای راستی و متمانە بەیەکتری دروست نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای سادیەت مازۆخیەت دروست بووە، واتە چەوسێنەرو چەوساوە. زۆرینەی پیاوان کەسانێکی سادین و دیانەوێ ئەوەی بەرامبەریان بپوکێننەوەو لە ناوی بەرن، توندو تیژی لەگەڵدا بەکاردێنن، ژنانیش کەسانی مازۆخی و ملکەچی ئەو توندو تیژیەن و لەگەڵیدا دەژین. جگە لە هۆکاری ئابووری زۆر کێشەی تری کۆمەڵایەتی هەن کە رەنگی خۆشەویستیان لەناو خێزانەکانماندا کاڵکردۆتەوە لە هەمووشیان گرنگتر ئازادیە، خۆشەویستی بەبێ ئازادی ناژی. چونکە لە ژینگەیەکی پر لە ستەم و کۆیلەداری ناتوانین خۆشەویستی بەرهەم بێنین.

تاکی کورد تا گەورەش دەبێت ناتوانێت لە خۆشەویستی تێبگات و بە هەڵە بەکاری دەهێنێ و یان تەنها خۆشەویستی بە سێکس پێناسە دەکات، ئەو خۆشەویستی تەنها بۆ یەک کەس دەبێت لەو حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین مرۆڤ دەبێت هەست بە خۆشەویستی ئەوانی تریش بکات واتە کەسێکی خۆشەویست بێت ئەو کاتە دەتوانین بڵێین خۆشەویستی لە ناخماندا هەیە.
بە راشکاوی باس لە خۆشەویستی و ئەزموونەکانی ژیانمان بکەین، بە تایبەتی چینی رۆشنبیران و نووسەران، کە خۆیان بە نوخبە دەزانن ئەوان دەتوانن گۆرانکاری بکەن و دیوارەکان بروخێنن و سنوورەکان ببەزێنن، ئێمە بە پەرۆشەوە باس لە ئازارەکانی ژیانمان دەکەین، باس لە رۆژانی سەختی تەمەن دەکەین و هەست و سۆزی خەڵک بۆلای خۆمان رادەکێشین، دەکرێ هەندێک جار خۆشەویستیش بوبێتە بەشێک لە ئازارەکانی ژیان، کەچی خۆمانی لێ لادەدەین و لە ناخی خۆمانی حەشاری دەدەین و دەیکەین بە بەشێک لە رابردووی دوور و لە بیرکراو. سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانی ژیان مرۆڤە، مرۆڤ دەتوانێ خۆشەویستی بکات لە هەمانکاتیشدا دەکرێ ببێتە دڕندە ،پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مرۆڤ لایەنە باشەکانی لە خۆیدا پەرە پێداوەو پەروەردەی کردووە، یان لایەنە خراپ شەرانییەکەی پەرە پێداوەو لە مرۆڤایەتی دوور کەوتۆتەوە؟.
کۆمەڵگەی کوردی دنیایەکە پڕیەتی لە تابوو، ئەوەش وای کردووە مرۆڤ بە ترسەوە دەست بۆ هەموو شتێک بەرێت، متمانەی بە خۆی دەورووبەری لە دەستداوە، لە حەقیقەتی خۆی و ئەوانی تر تێناگات، چونکە مرۆڤەکان بوون بە خاوەنی



سەرچاوە Serchawe

چەندین دەمامک، بۆ هەر بۆنەیەک یەکێک بەکاردەهێنن،ئەوەی کە زۆر کەم لەم ولاتەدا دەوترێت راستیی و خۆشەویستی و لێبووردەییە، ئەوەشی زۆر دەوترێت درۆیە لەگەڵ دەوروبەر لەگەڵ خودی مرۆڤ خۆی، ئەو کاتە مانایەک بۆ خۆشەویستی نامێنێتەوە.

پاڵنەری سێکسی وایکردووە، تەنها بیر لە سێکس بکرێتەوە، خۆشەویستی بە مانا راستەقینەکەی فەرامۆش بکەن، بۆیە پاش پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بە ماوەیەکی کورت بێزاری روو لەماڵەکان دەکات و خۆشەویستی لە پەنجەرەوە رادەکات رق و کینەو شەڕ جێگای دەگرێتەوە چونکە لە سەرەتاوە خۆشەویستی و متمانەو دڵنیایی لە و نێوەندەدا ون بووە و سێکس پاڵنەری سەرەکی ئەم پەیوەندیە بووە.

مرۆڤ تا نرخی خۆشەویستی نەزانی نرخی ژیان نازانێت و بەزەیم بەو کەسانە دێتەوە کەلەژیانیاندا نەیانتوانیوە کەسیان خۆشبووێت و کەسیش خۆشی نەویستوون .زۆر جاریش بە تایبەتی لەسەر دەمی هەرزەکاری پیوانەکانی مرۆڤ هەڵەن و تەنها جوانی یان سەروەت و سامان دەبیتە پێوانە بۆ خۆشەیستی لە راستیدا مرۆڤ نابێت بە پێوانەی جوانییەکانی دەم و چاو خەڵکی خۆشبووێت، چونکە جوانییەکانی مرۆڤ لە ناوەوەدێت. ئەو دەموچاوە جوانانەش لە ژێر کاریگەری زەمەندا چرچ و لۆچیان تێدەکەوێت و ئەوەی کە بۆ هەمیشە بە جوانی دەمێنێتەوە هەڵوێستە جوانەکانی مرۆڤە. من چی لە دەموچاوێکی جوان بکەم کە لێم تێنەگات و قسەکانی وەک شمشێر لەت لەتم کەن. مەرج نییە هەموو سیمایەکی جوان ناخیشی جوان بێت ئێمە لەگەڵ مرۆڤ دەژین هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ کاریگەریان دەبێت بەسەرمانەوە نەک جوانی و ناشیرنیەکانی دەموچاو یان هەژاری و دەوڵەمەندی. هەرچەندە لەم رۆژگارەدا پارە وای لێهاتووە نەنگیەکانی مرۆڤ دادەپۆشی و مرۆڤەکان بە پێی پلەو پایەو پارەی گیرفانیان حیسابیان بۆ دەکرێت و رێزیان دەگیرێت، هەژارەکانیش هەرچەندە کەسانی خۆشەویست و باش بن هەر بەکەم سەیر دەکرێن، خۆشەویستیش دەبێتە یاریەکی هەڵخەڵەتێنەر. بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکار دەهێنرێ.

کەواتە یادکردنەوەی رۆژی خۆشەویستی لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و سیستەمێکی کۆیلەدا مانایەکی نییە کەی ئێمە فێری خۆشەویستی و لێبووردەیی بووین و لە ناخەوە هەستمان بە خۆشەویستی کرد و ژینگەیەکی گونجاومان هەبو بۆ خۆشەویستی و بە ناوی خۆشەویستی سوکایەتیمان بەکەس نەکرد و ئەوکەسەی ئەمرۆ خۆشمان دەوێ سبەی نەبوو بە دوژمنمان، ئەو کاتە دەتوانین بڵێن خەڵکی کوردستان هەموو رۆژەکانی خۆشەویستیتان باش.

سەرچاوە ماڵپەڕی دەنگەکان - رێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٣

# ڕۆژی خۆشەویستی؛ چیرۆک و مێژووی



کنێر عەبدوڵڵا

ساڵانە لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژی خۆشەویستی بە شێواز و ڕێگەی جۆربەجۆر یاد دەکرێتەوە و مەراسیمی جیاوازی بۆ ساز دەکرێت؛ ئەگەرچی بەپێی ناوچە و لە وڵاتە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتتر لە کوردستاندا، سەبارەت بەم بابەتە دید و تێڕوانینی جیاواز لە ئارادا دەبێت و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاوازیش دەکرێت.

## ڕۆژی خۆشەویستی بۆ؟

١٤ی شوباتی هەموو ساڵێک، ڕۆژی خۆشەویستی، یان ڕۆژی ڤالانتاین، یاخود ڕۆژی عاشقان، بۆنەیەکە کە لە سەرتاسەری جیهاندا عاشقان، یان خۆشەویستەکان خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕن و یادی دەکەنەوە و ئاهەنگی بۆ ساز دەکەن.

لەم ڕۆژەدا خۆشەویستان لە ڕێگەی جۆربەجۆری وەک نامەگۆڕینەوە، ناردنی لقێک گوڵی سوور، یان دەستە گوڵێکی بچووک، چوکلێت، کارتی پیرۆزبایی، نامەیەکی دڵداری، ئاڵوگۆڕی وشە و هەست، چەند دێڕە هۆنراوەیەکی دڵداری و جۆرەکانی شیرینییەوە، گوزارشت لە خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەکەن و هەوڵی دەرخستنی هەست و نەستی سۆزدارییان دەدەن و، بە هۆیەوە دیاری دەدەنە یەکتری و هەر بەو بۆنەیەوە جلوبەرگی سوور دەپۆشن، وەک بەڵێنێک بۆ دووپاتکردنەوەی خۆشەویستی لە نێوانیاندا. ڕەنگەکانی ئەو ڕۆژە تایبەتن و، بەزۆری لە ڕەنگی سوور، هەروەها سپی و پەمەییدا خۆی دەبینێتەوە.

## چەمکی خۆشەویستی چییە؟

خۆشەویستی، وەک هەر چەمکێکی تری زانستی، لە یەک پێناسەدا کورت ناکرێتەوە؛ ئەوەیش بە هۆی فرەڕەهەندی و فرەتێڕوانینی بوارە جیاجیاکانەوە. بەڵام بە مانا فراوانەکەی، خۆشەویستی ماناگەلێک دەبەخشێ و بە پێی پۆلێنکردنی جۆری پەیوەندییەکە، جیاوازی بەخۆوە دەبینێ کە دەشێت جۆری خۆشەویستییەکە خۆشەویستی مرۆڤ بێت بۆ گەل، نیشتمان، وڵات یان پلە یەکەکانی خزمایەتی، یان زیاتر، یاخود بۆ هاوڕێ، خۆشەویست و هاوسەر و ...بێت.

بە دیوێکی تردا بناغەی هەموو پەیوەندییەکی مرۆیی، هەموو تازەگەری و بوونێک، هەموو داهێنان و گەشەکردنەکان، لە بنەڕەتدا ڕەگوڕیشەی بۆ چەمکی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە.

## ڤالەنتین کێیە؟

ڤالەنتین ئەو قەشەیەیە کە لە ڕۆژانی حوکمی ئیمپراتۆڕی یۆنانی، کلاودیۆسی دووەم، لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی میلادیدا ژیانی بەسەر دەبرد. لە فبرایەری ٢٧٠م لە سێدارە درا. هۆکاری لەسێدارەدانی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرپێچیکردنی لە بڕیارەکانی ئیمپراتۆر، کە لەبەر هۆکارێک بانگەشەی بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو مارەکردنێکی کچان و کوڕان دەکرد، بەڵام ڤالەنتینی قەشە بە شێوەیەکی نهێنی، وەک ڕێزێک بۆ خۆشەویستان و عاشقان ئەنجامی دەدا، تا ئەو کاتەی نهێنییەکەی ئاشکرا بوو و ئیدی لێپێچینەوەی لێ کرا.

## ڤالانتاین وەک جەژنێکی ڕۆژاوایی:

ئەگەرچی ڤالانتاین جەژنێکی ڕۆژاواییە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو ڕۆژەدا بە شێوازی جۆربەجۆر یاد دەکرێتەوە و، لە هەمان کاتدا لە هەندێک وڵات یان ناوچەی تردا بە هۆکاری جیاجیا، یادی ئەو ڕۆژە ناکرێتەوە.

لە کوردستاندا دید و تێڕوانینی جیا دەخرێنە ڕوو، بەتایبەت لە لایەن کەسانی ئایینیی و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە و، لەسەر ئەو ڕۆژە قسەی جیاوازی خۆیان هەیە. هەندێک باوەڕیان وایە کە ئەو بۆنەیە هیچ پەیوەندییەکی بە کەلتووری کوردستانەوە نییە و یادکردنەوەی هیچ پێویست و گرنگ نییە؛ ئیدی بەشێکی هۆکارەکانی دەبەستنەوە بەوەی ئەو بۆنەیە پەیوەندیدار و هەڵقووڵاوی کۆمەڵی ڕۆژاوایە، بەشێکی تریش هۆکارەکان دەبەستنەوە بەوەی کە گرێدراوی

ئایینی مەسیحە و هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵی کوردییەوە نییە. لە ڕاپرسییەکی تایبەت بە وڵاتانی ئیسلامیدا، ڤالانتاین وەک جەژنێکی قەدەغە دێتە هەژمار و، تەنانەت جەژنگرتن و سازدانی بۆنە لەو ڕۆژەدا بە دژی یاسا دادەنرێ.

لە عەرەبستان، فرۆشتنی هەر شتێکی پەیوەندیدار بە ڤالانتاین لەو ڕۆژەدا قەدەغەیە و پۆلیسی مەزهەبیی ئەو وڵاتانەیش ڕێگری لە فرۆشتنی هەر دیارییەکی ئەویندارپی وەک گوڵی سوور و هەر شتێکی تر، دەکەن. هەروەها لە هەندێ شوێندا سازدانی ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە بە هۆکاری جیاواز قەدەغە دەکرێت، بۆ نموونە بەرپرسانی شارێکی قیرقیزستان بڕیاریان دا سازکردنی ئاهەنگ بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستییەوە لەناو قوتابخانەکانی ئەو شارەدا قەدەغە بکرێت و، هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ پارێزگاریکردن لە پاراستنی ڕەوشتی منداڵەکان.

### ڤالانتاین لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

سەبارەت بە ڤالانتاین و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەو ڕۆژە، چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە. یەکێک لە بۆچوونەکان ئەوەیە پاش بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت و هاتنی ڕۆمانەکان بۆ ناو ئایینی مەسیحیەت، ڕۆمانەکان لەسەر ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی "جەژنی خۆشەویستی"یەوە بەردەوام بوون، بەڵام لە چەمکە بتپەرستییەکەی خۆیان (خۆشەویستی ئیلاهی)، گواستیانەوە بۆ چەمکێکی تر و، بە گەواهیدەرانی خۆشەویستی گوزارشتیان لێ دەکرد.

لە سەدەی سێی زایینی و سەردەمی "ئیمپراتۆریی ڕۆم"دا، سەرکردەیەک هەبوو بە ناوی "کلاودیۆسی دووەم" کە حوکمڕانیی ڕۆمانییەکانی دەکرد و بە هۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەغە کرد، بۆ ئەوەی بەشداریی جەنگەکان بکەن و بەژنهێنانەوە سەرقاڵ نەبن، بەڵام "ڤالەنتین"ی قەشە، ڕووبەڕووی بڕیارەکەی ئیمپراتۆر بووەوە و، ژێربەژێر و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجام دەدا.

ئەم قەشەیە بەوە ناسرا بوو کە گوڵی دەکردە دیاری بۆ هەموو خۆشەویستەکان، بەتایبەتی ئەوانەی مارەکراون. ئەم کارەی دژی ڕۆمانییەکان ئەنجام دەدا، کە لەو سەردەمەدا مارەکردن بە شەرعییەتی مەسیح لە ئیتاڵیا قەدەغەکراو بوو؛ لەبەر ئەوەی ئایینی مەسیحی پەیڕەو نەدەکرا. هەرچەندە ڤالەنتین لە لای پاشای کلاودیۆسی دووەم کەسایەتییەکی بەهێز و پەسەند بوو، بەڵام کاتێک کلاودیۆس بەو مەسەلەیەی زانی، بڕیاری زیندانیکردنی ڤالەنتینی دەرکرد.

ڤالەنتین لەناو زینداندا عاشقی کچی زیندانبانەکە بوو. بەو جۆرەی کە لە ئەفسانەکاندا هاتووە، ڤالەنتین نامەی بۆ ئەو کچە دەنارد و لەسەری دەنووسی "لە لایەن ڤالەنتینی تۆوە". ئەو کارەی ڤالەنتین، بووە هۆی ئەوەی کە پاشا ڕقی لێ



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبستێ و بڕیار بدات لە سێدارەی بدا و، لە ئاکامدا قەشە بە تاوانی لەیەکمارەکردنی ئەو عاشقانە بەپێچەوانەی یاساکانی کلاودیۆسی دووەمەوە، لە ١٤ - ٢ - ٢٦٩ لە سێدارە درا. بەڵام لە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی و لە دوای مردنی ڤالەنتین بە ٢٠٠ ساڵ، قەشە گێلاسیس بڕیاری دا ١٤ی شوباتی هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژی خۆشەویستیی جیهانی، کە بە ناوی "ڤالەنتین"ەوە، ناو نرا "جەژنی خۆشەویستی"، یان "جەژنی عاشقان"، کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد.

هەر بۆیە، وەک شەهیدی ڕێگەی عەشقی دەناسن و، لەو ڕۆژەوە ڤالەنتین وەک هێمایەکی عەشق و خۆشەویستی پێناسە دەکرێ و هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ١٤ی فێبرایەر عاشقان بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەن.

لە ساڵی ٣٥٠ی زایینی لە ڕۆما، بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی ناوی "ڤالەنتین" و یادکردنەوەی، لەو شوێنەی کە تێیدا کوژرا کەنیسەیەک دروست کرا. دواتر پیاوانی ئایینیی مەسیحی دژ بەم دیاردەیە وەستانەوە و بە شێوێنەری ڕەوشتی کچان و کوڕانی لاویان لە قەڵەم دا و، لەناو خودی ئیتاڵیادا کە پێی بەناوبانگ بوو، ئەم جەژنە هەڵوەشێنرایەوە؛ بەڵام لە سەدەی (١٨ و ١٩)ی زایینیدا دووبارە زیندوو کرایەوە.

ئەم دیاردەیە تەنیا وڵاتانی ڕۆژاوای نەگرتەوە، بەڵکوو تەشەنەی سەند و خۆی هاوێشتە نێو وڵاتانی ئیسلامییەوە و، کچان و کوڕانی موسڵمانیش دەستیان بە جێبەجێکردنی داب و نەریت و دروشمەکانی ئەوان کرد و، بە بۆنەی جەژن و یادەکانی ئەوانەوە ئاهەنگ و خۆشییان دەردەبڕی.

کلاودیۆس هەندێک باوەڕی سەیری هەبوو، بۆ نموونە پێی وابوو ئەو سەربازانەی کە سەڵتن، باشتر و بەهێزترن لەو سەربازانەی کە ژن و منداڵیان هەیە؛ بۆیە بڕیارێکی دا و گوتی: "سەربازانی ئیمپراتۆری ڕۆم، نابێ ژن بخوازن و دەبێ سەڵت و ڕەبەن بن." کلاودیۆس هەر بڕیارێک کە دەری دەکرد لێی پاشگەز نەدەبۆوە و دەبوایە جێبەجێ بکرێت، بۆیە کەس نەیدەوێرا یارمەتیی ئەو سەربازانە بدات کە دەیانویست ژن بخوازن.

### چیرۆکی جەژنی خۆشەویستی:

جەژنی خۆشەویستی، بە یەکێک لە جەژنەکانی ڕۆمانە بتپەرستەکان دادەنرێت و زیاد لە (١٧) سەدە لەمەو پێش، لای ڕۆمانەکان بتپەرستی باو بووە و، ئەو جەژنە گوزارشت بووە لە چەمکی بتپەرستیی ڕۆمانییەکان بۆ خۆشەویستیی خودایی.

ئەم بۆنە بتپەرستییە، چەندین ئەفسانە و خورافیاتی لەپشتەوەیە کە لای ڕۆمانەکان و میراتگرە گاورەکانیش هەر بەردەوام بووە. لەوانە، ڕۆمانەکان کە باوەڕیان وا بووە "ڕۆملیۆس"ی دامەزرێنەری شاری "ڕۆما" ڕۆژێک لە ڕۆژان گورگێک شیری داوەتێ و ئەمەیش هێز و بیرتیژیی پێ بەخشیوە؛ ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە ڕۆمانەکان بە هۆی ئەو ڕووداوەوە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی هەموو ساڵێکدا ئاهەنگیان گێڕاوە.

### جەژنی خۆشەویستی چییە؟

لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئەم ڕۆژە خەسڵەتێکی ڕۆمانسیی پێ بەخشراوە و، گەورە ئەدیبی ئینگلیزی، جێفری چۆسەر، هۆنراوەی بۆ ئەم بۆنەیە نووسیوە. لە سەدەی نۆزدەوە لە بریتانیا کارتی جەژنی خۆشەویستی دەرکەوتووە و جێی نامەی گرتۆتەوە و، بووە بە مۆدێلێکی ئەو سەردەمە لەو ڕۆژەدا. لە ساڵی ١٨٤٧دا ژنێک بە ناوی "ئەستر هاوڵاند"، بۆ یەکەم جار کارتی جەژنی خۆشەویستیی لە ماڵەکەی خۆی و لە ویلایەتی ماساچووسێت - ئەمریکا دروست کردووە، کە لاساییی کارتە ئینگلیزییەکانی کردبۆوە و، دەستی کرد بە فرۆشتنی. لەو کاتەوە ئیتر کارتی جەژنی ڤالانتاین کەوتە بازاڕەوە و دەفرۆشرێت و، بوو بە بازرگانییەکی پڕقازانج وەک کارتی جەژنەکانی تر.

ساڵانە لە هەموو دنیادا یەک بلیۆن کارتی پیرۆزباییی ئەو جەژنە دەفرۆشرێت و، بەمە، دوای کارتی جەژنی سەری ساڵ بە پلەی دووەم دێت. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، پیاوان دوو ئەوەندەی ژنان ئەو کارتانە دەکڕن. لە باشووری کوردستان، وێڕای تێڕوانینی جیاواز سەبارەت ئەم بۆنەیە، ماوەی چەند ساڵێکە ئەم ڕۆژە لەناو خەڵکدا و بەتایبەت لەناو گەنجاندا گرنگیی پێ دەدرێت و چالاکیی جۆراوجۆری بۆ ڕێک دەخرێت.

### بیروباوەڕەکان دەربارەی جەژنی خۆشەویستی:

بیروباوەڕەکان لەبارەی ئەم بۆنەیەوە، تێڕوانینی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە، یەکێک لەو بیروباوەڕانەی هەبووە، لە ماوەی ئەو جەژنەدا ئەو کچانەی دەگەیشتنە تەمەنی هاوسەرگیری، ناویان لەناو کاغەزێکی بچووکدا دەنووسرا و دەخرایە شوێنێکی دیاریکراوەوە، پاشان ئەو گەنجانەی ئارەزووی هاوسەرگیریان دەکرد، دەهاتن و هەر یەکەیان کاغەزێکی دەردەهێنا، بۆ ئەوەی لە دواییدا لە خزمەتی خاوەنی ئەو ناوەدا بوایە. بۆ ماوەی ساڵێک هەر یەکەیان یەکتریان دەناسی و لە کۆتاییدا هاوسەرگیرییان دەکرد. بەڵام کەنیسە ئەو نەریتەی ڕەت کردەوە؛ لەو ڕوانگەیەی دەبێتە هۆی تێکدانی ئاکاری کچان و کوڕان.

ئەم بیروباوەڕە لە وڵاتی ئیتاڵیادا ناوبانگی هەبوو و لەوێش سەری هەڵدا. هەندێک لە دید و تێڕوانینەکان وا باس دەکەن کە ئینگلیزەکان لە سەدەی پازدەی زایینییەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و، لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژاوا دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد. پاش ئەوە لە هەندێ کتێبخانەکاندا لە شێوەی کتێبی بچووکدا بە ناوی "کتێبی ڤالەنتین" بڵاو بووەوە، کە هۆنراوەی ڕۆمانسی و پێشنیاری دەربارەی چۆنێتیی نووسینی نامەی ڕۆمانسی و سۆزداری و ئەوینی لەخۆ دەگرت، بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانویست کارتی پیرۆزبایی و خۆشەویستی بۆ خۆشەویستەکانیان بنێرن.

## پەیوەندیی خۆشەویستی لە کوردستاندا:

پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز لە باشووری کوردستاندا ئەگەرچی لە دۆخێکی تەمومژاوی و بگرە لە قەیراندایە، بەڵام لە هەمان کاتدا لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاوازی لە ئاستدا دەکرێت. بە جۆرێک کە لە کۆمەڵی کوردیدا پەیوەندیی خۆشەویستی، نەک تەنیا نەبووەتە کەلتوورێک کە لە لایەن خێزان و تاکەکانەوە پەسەند بکرێت و لە هەمان کاتدا بەدیدێکی مرۆڤدۆستانەوە سەیر بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکوو بە شێوەیەکە گەر لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەنجام بدرێت، دەبێت کۆتاییەکەی تەنیا بە گەیشتن بێت بە یەکتری و لەژێر سەقفی هاوسەرگیریدا کۆتایی بێت. چونکە دەرەنجام گەر هاوسەرگیری نەکەن، ئەوا شکست و بێئومیدی و بێمتمانەیی و کارەساتی جۆربەجۆری لێ دەکەوێتەوە کە زۆر جار بە هۆی هۆکارگەلێکەوە تەنیا کچەکە باجی گەورە و زیانی ئەو پەیوەندییە دەداتەوە. ئەوەیش لەو ڕوانگەیەوەیە کە تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەز پرۆسەیەک نییە بۆ نزیکبوونەوە و ناسین و تێگەیشتنی دوو مرۆڤەکە لە یەکتری کە لە کۆتاییدا، گەیشتنیان بە یەکتری ئەگەرێک بێت و پێچەوانەکەیشی ئەگەرێکی تر و بێ ئەوەی دواجار ببنە دوژمنی یەکتری؛ جگە لەوەی بە دیوێکی تردا زۆر جار ئەوەندەی لە ڕوانگەی ئەقڵییەتێکی پیاوسالارییەوە سەیری ئەو پەیوەندییانە دەکرێت کە ئامانج لێی بەیەکگەیشتنە بۆ تێربوون و بەتاڵکردنەوەی پەیوەندییە سێکسییەکان و سەیرکردنی کچان لە دیدێکی مێیینەبوونەوە، ئەوەندە سەیری ئەو پەیوەندی و پرۆسەیە ناکرێت وەک جۆرێک لە پەیوەندیی مرۆیی و خۆشەویستیی ڕاستەقینە کە وەک دوو مرۆڤ دەبنە تەواوکەری یەکتری.

بۆیە دەرەنجامی هەموو ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە، کاریگەری و ئاسەواری جۆربەجۆری لێ دەکەوێتەوە. هەندێک لە کوڕان و کچان بەشاراوەیی و دزیی کەسوکار و دەوروبەرەوە پەیوەندیی خۆشەویستی دەبەستن. هەندێکی تر دەترسن و، گەر بشیانەوێ، ناتوانن پەیوەندییەکەیان بە پرۆسەی خۆشەویستیدا بڕوات و ئەمە وێڕای ئەوەی کەمینەن ئەوانەی بەئاشکرا پەیوەندی ببەستن و دەوروبەریش بیزانن. چونکە زۆر جار زانینی ئەو پەیوەندییە، لە لایەن کەسوکارەکانەوە و بەتایبەت لەلایەن کەسوکاری کچەکەوە بە ئاقاری ناخۆش کۆتایی دێت. ئەوەیش هەندێ جار بە کوشتنی کچەکە، یان هەردووکیان کۆتایی دێت، یان دەبێتە هۆی بەزۆر بەشوودانی کچەکە بە کەسێکی تر یاخود ڕەزامەندنەبوون بەو کوڕەی پەیوەندیی

هەبووە و هتد.

وێڕای هەموو ئەو لێکدانەوە و هەڵوێستە جیاوازانە، بوونی خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤەکاندا، گەر بە ئاقاری هاوسەرگیری یان پێچەوانەکەیەوە بڕوات، گرنگی و کاریگەریی خۆی هەیە؛ ئەگەرچی چاندنی تۆوی خۆشەویستی، یان تێگەیشتن و کارکردن بە هەست و سۆز و ڕەفتاری خۆشەویستی، پەیوەست و پەیوەندیدارە بە پرۆسە و سیستەمێکی درێژخایەن و تەواوکەر و بەردەوامی پەروەردەیییەوە، کە هەر لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵییەوە فێر دەکرێن و کاری پێ دەکرێت و، لە هەمان کاتدا لە ژیانیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و، دەبێتە کەلتوور و، لە ژیان و ڕەفتاری مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت و کاری پێ دەکرێت.

بۆیە گرنگی و بەهای خۆشەویستی لە نێوان دوو مرۆڤدا، لەوەدا بەرجەستە و بەردەوامیی دەبێت کە هەر یەکەیان قبووڵی یەکتری بکەن وەک خۆیان کە هەن، نەک وەک ئەوەی تەنیا خۆی، یان ئەوی دی دەیەوێت، بە شێوەیەک کە هیچ کەس هەوڵی قۆرخکردن و سەپاندنی جیهانی خۆی بەسەر ئەوی تردا نەدات. چونکە دواجار لە خۆشەویستیدا موڵکداریتی، یان خاوەنداریتی نییە، ئەوەندەی بەیەکگەیشتنی دوو جیهان و ژینگەی جیایە و پێکەوە جیهانێکی یەکگرتووی هاوبەش پێک دەهێنن کە هەر یەکەیان هەوڵی بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکانی یەکتر دەدەن و ڕێز لە خاڵە جیاوازەکانی یەکتریش دەگرن.

ئەمە بەدەر لەوەی خۆشەویستی بە واتای لێبووردەیی، بەخشین و قوربانیدان دێت و، لە هەمان کاتدا مەرج نییە خۆشەویستی، گرێدراوی ئامانج بێت و دواجار هەر ئەو هەستکردنانەیە وا لە مرۆڤەکان دەکات خوازیاری بەختەوەری و ژیانێکی ئارام و خۆشی بن بۆ یەکتری؛ چونکە دواجار ئەوە خۆشەویستییە وا لە مرۆڤەکان دەکات لێبووردەیی، یەکترقبووڵکردن، قوربانیدان و ئینتمابوون لە مرۆڤەکاندا بچێندرێ و، وا لە مرۆڤەکان دەکات ئارەزوومەندانە بەخشندە بن و بەتەنگ یەکترەوە بن و یەکتری بپارێزن و خۆشی و چێژ لە ژیان وەربگرن. خۆشەویستییە وا لە مرۆڤەکان دەکات باوەڕیان بە مەسەلەکان هەبێت و ئامانجیان هەبێت و خەبات لە پێناوی ئاوەڕۆکی بەدیهێنانی بابەت و ئامانجەکانیان بکەن، نەک ڕواڵەتکارانە و رووکەشانە کاری بۆ بکەن. خۆشەویستییە هەمیشە دەبێتە وزەبەخش بە تۆ و، تۆیش بە کەسانی تر دەیبەخشیت و، ئەوانیش بەوانی دیکە و هتد.

ئیدی ئەوە خۆشەویستییە کە وا لە شتەکان و دەوروبەر و مرۆڤەکان و ژیان دەکات کە بەجوانی ببینرێن و بەخۆشەویستییەوە مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکرێت؛ مرۆڤەکان حەز بە بەردەوامێتیی ژیان بکەن و هەبن و، هەست بە بوونی خۆیان لە ژیاندا

بکەن.

**سەرچاوەکان:**

١- ضحايا الحب: يوسف الحاج احمد
٢- قصة عيد الحب: عبد الحميد شمس الدين

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوەری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## لە دیدی دەستەبژێری کوردیدا خۆشەویستی چییە؟



### تەنیا رۆژێک بەس نییە بۆ خۆشەویستی

**تانیا ئاوارە**

یەکێک لە باسەکان دەربارەی خۆشەویستی بەو جۆرەیە کە لەسەرەتاوە وەک زریان بەهێزەولە وزەیەکی زۆرەوە دەست پێ دەکات پاشان بە تێ بەڕبوونی کات و ڕۆژگارەکان ئەو وزەیە خاودەبێتەوە و بەرەوخامۆشی دەچێت. رایەکی پێچەوانەش ئەو بۆچوونە رەتدەکاتەوە و مکورە لەسەر ئەوەی خۆشەویستی و عیشقی ڕاستە قینە کات و زەمەن هەرگیز نایگۆڕێت و بۆهەمیشە دەمێنێتەوە.

**تۆلستۆی دەڵێت:** هیچ شتێ نییە جگە لە خۆشەویستی وامان لێبکات ژیانمان ببەخشینە ئەوەی کە خۆشمان دەوێت.

عیشق و خۆشەویستی لە نێوان دووڕەگەزی جیاوازدا ڕوو دەدات کەلەڕووی تەمەن و لایەنی فیسیۆلۆجی و لێکچونی بیرکردنەوە هاوتەریب بێت، لەنێو چیرۆک و بەسەرهاتە جیهانیەکاندا چیرۆکی قەشە (ڤالانتاین) بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن بوەتە سونبلی ئەم ڕۆژە کە بەم جۆرە باسکراوە.

ڤالانتاین لە ڤالانتینۆسەوە هاتووە لەکۆتایی سەدەی سێیەمدا ئیمپراتۆریەتی ڕۆما (کلاودیسی دووەم) دوای ئەوەی بۆی روون بویەوە ئەوسەربازانەی لەکاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەربازی دا خێزاندار نین زیاتر بەهێزو و خۆڕاگرن، تا ئەو سەربازانەی خاوەن خێزانن. بۆیە فەرمانی دا تا کۆتایی هاتنی جەنگ هیچ سەربازێک نابێت هاوسەرگیری بکات، بەڵام قەشە (ڤالانتاین) بەنهێنی مەراسیمی هاوسەرگیری ئەنجامدا. دوای ئاشکرا بوونی ئەم کارەی قەشە ڤالانتاین ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لە ڕۆژی ١٤ - ٢ - ٢٧٠ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ قەشە ڤالانتاین دەرکرد و دواتر ئەم ڕۆژە وەکو

یادیک کرایەوە، پێدانی گوڵی سوریش لەم ڕۆژەدا لەوەوە هاتووە کاتێک قەشە دەخرێتە زیندانەوە لەوێ چاوی بە کچی پاسەوانی بەندینخانەکە دەکەوێت و عاشقی دەبێت هەرجارێکیش ئەم کچە سەردانی قەشە بکات لەگەڵ خۆیدا گوڵێکی سووری بۆ دەبات وەک نیشانەیەکی خۆشەویستی.

### یەکەم نامەی خۆشەویستی لەدوای لەسێدارەدانی قەشە (ڤالانتاین)

دوای لە سێدارەدانی قەشە ڤالانتاین یەکەمین نامەی خۆشەویستی کە نوسرابێت نامەی (چارلز دق ئۆریالز) ە لە ساڵی ١٤١٥ ناردوویەتی.

لە ڕۆژژمێری جارانی مەسیحدا ئەم ڕۆژە کرایە پشووی کەنیسە، بەڵام دوای هاتنی پاپا(پۆلسی شەشەم) ساڵی ١٩٦٩ ئەو ڕۆژە لە پشووی فەرمی لابراو تەنها یادیان کردەوە.

لەداستان و چیرۆکە کوردیەکانیشدا کورد خاوەنی چەندین عیشقی مەزنە لەوانە (مەم و زین، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند....) زۆرێک پێیان وایە دەبێت کوردیش ڕۆژێکی دیاری کراوی بۆعیشق هەبێت، بەڵام ئەم ڕۆژە بۆتە جیهانی و ساڵانە لەسەرتاسەری وڵاتاندا ئەم یادە لە بۆنەو مەراسیمی تایبەتدا دەکرێتەوە و کچان و کوڕانی کوردیش بە سێوی مێخەک ڕێز خۆشەویستی و عیشقی خۆیان دەردەبڕن.

ڤالانتاین لە زۆربەی شاکارە جیهانییەکاندا ڕەنگی داواتەوە وەک شاکارە مەزنەکەی (شکسپیر) کەبەبۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی یەوە شانۆی (هاملیت)ی نووسی.

### هاوشێوەکانی ڕۆژی ڤالانتاین

لە نێو هەندێ وڵاتدا هاوشێوەی ڕۆژی ڤالانتاین مەراسیم و بۆنەی جیاوا هەیە و تائێستاش هەندێ لەم مەراسیمانە بوونیان ماوە کە تێیدا عاشقان و خۆشەویستان بەیەک دەگەن و هەست و سۆزیان دەگۆڕنەوە؛

**لە وڵاتی چین**: شەوی حەوتەکان هەبووە لەم شەوەدا ئەو کچ و کوڕانەی مافوریان چنیوە کۆدەبوونەوە و یەکتریان هەڵدەبژارد و ئەم مەراسیمە تا ساڵی ٢٠٠٦ پەیڕەوکراوە.

**ئەمەریکا**: لەسەردەمی داگیرکاریدا کچان و کوڕان شەوانە دەڕژانە سەرشەقامەکان و کۆدەبونەوە بۆیە سەرمایە دارانیش بیریان لە خستنە بازاڕی گوڵ و کارتی هەموجۆر کردەوە دواتر وەک کارێکی بازرگانی بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ژاپۆن ڕەوانەکراو پەیڕەوکرا.

**ژاپۆن**: ڤێستیڤاڵی (تانا باتا) هەبووە کە بەرامبەر بە حەوتی جولای هەتاوی کچان و کوڕان لەم ڕۆژە تایبەتەدا کۆدەبونەوەویەکتریان دەبینی.

**میسر**: چواری نۆڤەمبەری هەمووساڵێ تایبەت بووە بە کۆبونەوەی کچان و کوڕان

**کۆریای باشوور**: ڕۆژی (پەپرو) بەرامبەرە بە بە یازدەی سێپتەمبەر لەم ڕۆژەدا عاشقان و هاوسەران کۆ دەبنەوەودیاری تایبەت دەگۆڕنەوە

**ئێران**: ڕۆژێکی تایبەت هەبووە بەناوی ( سپێداری مەزگان ) ڕۆژی ڕێزگرتن بووە لە زەوی و ژن لەم ڕۆژەدا پیاوان دیاری تایبەت پێشکەش بە خێزان و عاشقەکانیان دەکەن و داوایان لێ دەکەن لەم ڕۆژەدا کارنەکەن و پشوو بدەن .

**سعودیە**: پێچەوانەی ئەم وڵاتانە ڤالانتاین بوونی نەبووە و داوا لە دوکانداەکان کراوە دیاری تایبەت بە کڕیاران نەفرۆشن لەبەرامبەردا توشی سزا دەبوونەوە

ڕەنگ و مانای گوڵەکان لەم ڕۆژەدا:جگە لە گوڵی سوری خۆشەویستی کەلە نێوان دوڕەگەزی جیاوازدایە، دەکرێت بە گوڵێکی ڕەنگ جیاواز کەهەریەکەیان پێناسەی جیاوازی خۆی هەیە خۆشەویستی پێشکەشی بەرامبەرەکەت بکەی؛

**گوڵی سوور**: تایبەتە بە عاشقان و ئەگەر ڕەنگی گوڵەکە تۆختربێت مانای عیشقەکە گەرەترەوزیاتر عاشبوونە بەکەسی بەرامبەر .

**گوڵی پرتەقاڵی**: مانای بڕوا و شانازی کردنە بە کەسی بەرامبەر .

**گوڵی پەمەیی**: جوانی و شیکپۆشی بۆ ئەوکەسەی گوڵەکەی پێشکەش دەکرێت

**گوڵی سپی**: هیوا خواستن بۆ سەلامەتی و ئاشتی و ڕاستگۆیی و پاکی



سەرچاوە
Serchawe

**گوڵی بنەوشەیی**: هێزوجوانی و ڕووی گەش بۆ کەسی بەرامبەر

**گوڵی شین**: ئازادی و ئارامی و پاکی و بێگەردی

**گوڵی ڕەش**: خەم و دابڕان و جیابونەوە و ڕەشبینی بەرامبەر عیشق

لە نێو شیعری شاعیرانی کۆن و نوێشدا عیشق و خۆشەویستی چەمکێکی جوانی نێو دێڕە هۆنراوەکانی پێکهێناوە ئەحمەدی خانی یەکەمین شاعیر بووە چیرۆکی عیشقی مەم و زینی نوسیوەتەوە شاعیرانی دیکەش بەم جۆرە باس لە عیشق و خۆشەویستی دەکەن وەک:

**نالی**:

عاشقی بێ دڵ دەناڵێ مەیلی گریانی هەیە
بێ شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە

**سالم**:

هەزار عاشق دڵ و هەستی نەما بەوبادەی دەستی
خودا !! عالەم بکەی مەستی شەرابی لێوی فنجانی

**بێخود**:

من لە شاگردانی عیشقت بێ نەواو بێ قەرار
شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیای منبێ چاوی یار

**تاهیر بەگی جاف**:

ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارەکەم
یان بەجارێ بمکوژن یان جەرگم بە خەنجەر پارەکەن

**وەفایی**:

مردم و نەمزانی ئەو ئاورەی منی سوتان چ بوو

حاسڵی سەیروسلوکی عاشقان، هەر حەییرەتە

**حسیب قەرەداغی:**

عاشق نی یە لەم دنیایە بگا بە من

دێوانەکان خۆم ڕابەرم بۆ کوێ دەچن

**ئیبراهیم ئەحمەد:**

خۆشەویستەکەم، ئارامی گیانم

بینایی دیدەم، هیوای ژیانم

چیتە لەسەرچی کەوتووی بەقینا

تەنیا جێت هێشتووم لە چۆڵی ژینا

**پەشێو:**

بەڵێن بدە هەناسەم بی، سێبەرم بی، بارانم بی

تاکوو منیش شانۆی کۆنم جێ بهێڵم

دەمامەکی کۆن فڕێ دەم

دووباڵی پڕخۆشەویستی لە گەردنت گرێ دەم

**شێرکۆ بێکەس:**

من حەزم ئەکرد گوڵە باخێکی سوربومایە

بەومەرجەی لە ڕۆژی ڤالانتایندا پێشکەشی کچێ بکرامایە

**جەمال غەمبار:**

لە ڤالانتاینی مندا عاشقان لە هەتاو دێنەوە،

چاویلکەکەم خۆی بۆ هەڵگرتنەوەی تۆ ئامادە دەکات

کاسکێتەکەم خۆی هەڵئەدا بۆ ئاسمانێ پڕبێ لە تۆ



سەرچاوە Serchawe

خۆشم بە چارۆکەیەک ئەستێرەوە دێمە شەوی ئەوینتەوە

هێمن مام نادر:

لەودیوسنوری تەریقەتەوە تۆ دەپەرستم شەیدایی وایە
بێ باکم لەوەی خوێنم حەڵاڵ کەن، کوا عاشقی ڕاست گوێی لە دنیایە

ئیسماعیل محەمەد:

لێرە کەس گوێ لە حەسرەت و ماجەرای عاشقان نادا
گوڵم زۆرکەس لە زمانی خۆشەویستی و عەشق ناگا

ئەحمەد محەمەد:

بەهەشتی ئەم عەشقەی تۆ پڕ لە ئاهوو ئاواتە
دیارە تەمەن بێ ئەوین وەک ڕێگەی خەراباتە

هونەرمەندان و نوسەران و کەسایەتیە جیاوازەکان لەبەرامبەر عیشق و خۆشەویستی دا ڕاو بۆچونی جیاوازیان هەیەوبەم جۆرە پەیامەکانی خۆیان دەگەیەنن:

ئەوە هەر شاعیران نین لە دوو توێی دێرە شیعرەکانیان دا لە عەشق دەدوێن، بەڵکو هەر کەس بە جۆری خۆی و لە نەست و دیدی خۆیەوە لە مەعشوقەکەی و لە عەشق و واتاکانی دەدوێ:

چێنەر نزار؛ پەیکەرساز، دەڵێ: هەرشتێک هەر کردەوجوڵەیەک بە خۆشەویستییەوە نەبێت مانایەکی ئەوتۆی نییە، دەبێت هەمووکات خۆشەویستی دەسپێکی هەموو جوڵانەوەیەکمان بێت، وەمن ئەگەر خۆشەویستی نەبێت ناتوانم لەناو قوڕووئیشی پەیکەرسازی دا کاربکەم کارەکانم باشبن یان نا خۆشەویستیم بۆ هونەرپیش هەموو شتێک بووە .

دلێر محەمەد؛ شاعیر:

ڕاستە پیرۆزە گوڵی سوور بۆئەم ڕۆژی عاشقانە
بەڵام بەخوا گوڵێک کەمە بۆ عیشقێک لەنێوانمانا

ئەزانم ئێستا پێم ئەڵێی کوا گوڵی سوروردیاریەکەم

منیش پڕبەدڵ پێت ئەڵێم : بڕوابکە هەناسەکەم

نەمزانی بۆئەم ڕۆژی عاشقانە چی بنێرم بۆت

بەتەنها دڵێک شک ئەبەم چی لێ ئەکەی خۆت و خوای خۆت

**ئەمەل سەعید کوردە؛ گۆرانیبێژ، دەڵێ:** بە ئومێدم تاڵیەکانی ژیانیان ڕێژەی خۆشەویستی مەعشوقەکان کەم نەکاتەوە، بە پەیامێک میهروموحیبەت بسەلمێنە بۆ مەعشوقەکەت، چونکە کەس نازانێ ترپەکانی دڵ چ کاتێک لە لێدان دەکەون.

من ئەگەر کارەکانم بە عەشقەوە ئەنجام نەدەم دڵنیابن ناگاتە دڵی مەعشوقەکانم، کە گوێگرە بەڕێزەکانن،هیوادارم ڕێزو خۆشەویستی هەردەم میوانی دڵتان بێت.

**ڕەنج سەنگاوی؛ میدیاکار دەڵێ:** هەر بۆنەیەک جوانی و ژیان دۆستی و خۆشەویستی تێدایە بەلامەوە ڕۆژێکی جوانە و بەدەستم بێت سەرلەبەری ئەو بۆنانە قەرزبکەم وتێکەڵ بە کلتوری کوردی بکەم، چونکە لە پانتایی کلتوری کوردیدا ئەوەندەی مەرگ دۆستی و بۆنە خەماویەکان هەن بۆنەیەکی وامان نییە وەک چواردەی دوو خۆشەویستی تێدا بێت، ئاهێکی تێدابێت بۆخۆشەویستی مرۆڤ و خۆشەویستی ژیان، زۆر جوانە لەورۆژەدا وڵات سوور دەپۆشن.

**بەختیار سەعید؛ شێوەکار باس** لەوە دەکات تێکلاوکردنی عەشق و کارەکانی بە یەکتری فاکتەرێکن بۆ سەرکەوتن و دەڵێ : ئەگەر عەشق و خۆشەویستی نەبێت بۆکۆی ژیان ئەستەمە سەرکەوتووبیت، من سەرجەم کارەکانم بە خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەوە ئەنجام دەدەم هەربۆیە هەست دەکەم تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووم و هۆکارەکەشی تەنها خۆشەویستییە .

**شوان قەرەداغی؛ هونەرمەند،** رای وایە کە ناکرێت خۆشەویستی لە رۆژێکدا قەتیس بکرێ و دەڵێ: بە گونجاوی نابینم تەنها ڕۆژێک بۆ عەشق دیاری بکرێت، ئێمە با هەموو ڕۆژێک یەکترمان خۆشبوێت، من گۆرانییەکانم بە عەشقەوە دەڵێم و بۆعەشق و عاشقانە وسەرجەم جوانییەکانی ترە .

**ئالان محەمەد؛ ڕاگەیاندنکار دەڵێ:** خۆشەویستی مەزنترین هەست و واتایە ترس و نائومێدی لەناو دەبات و وات لێدەکات ببەخشیت بێ بەرامبەر، خۆشەویستی هەستێکی نا ئاساییە ناچێتە ژێر هیچ یاسایەکەوە.

**بەرزان هەستیار؛ نوسەرو شاعیر** لە باسی خۆشەویستی و رۆژی عاشقاندا دەقێکی خۆی بەبیر دەهێنێتەوە و دەڵێ: ساڵانێک



سەرچاوە Serchawe

پێش ئێستا لە شیعرێکدا بە ناونیشانی «بەسەر نەرمەگیای عیشقا، ڕەوتێک»، وتوومە:

«هیچ شتێکیش نەمێنێت،......
ئەو ئاسمانە زەبەلاحە ڕاگرێت
عیشق پەنجە تووتەی خۆی ئەخاتە ژێر»

ڕەنگە ئەوە بەس بێت بۆ ئەوەی لە ئەفسوونە ناوازەکەی عیشق حاڵیی بین.. دنیا بە هەموو ناشرینییەکانیەوە و ئاسمان بەو پان وبەرینییەی خۆیەوە، پێ دەچێت هەر لە حەوسەڵە و توانای عیشقدا بێت شان بخاتە بەر نەهامەتیی و باری سەختی دارمانیان. هەمان کات من وایشی دەبینم کە عیشق خۆی لە خۆیدا ڕۆح و جەستەیەکی دەوێت زۆرانبازییەکی میهرەبانانەی لەگەڵدا بکات، کە خودا بە دەستی خۆی هێزی بەرگەگرتنێکی پێ بەخشیبێت، کە لە جەستەی کەسانی تردا نابینرێت، بۆیە لە قەسیدەی «ساڵێک لە نیگەرانی»یدا دەڵێم:

ئینسان بەرگەی گوللە ناگرێت
ئیدی نازانم ...
چۆن سنگ ئەنێت بە عیشقەوە !!!

سەروین دەروێش؛ شاعیر، خۆشەویستی بە بەلەمی ڕزگارکەرەدەچوێنێت کە لەساتی خنکان دەبێتە فریادڕەس و دەڵێ: خۆشەویستی درێژکردنەوەی ژیان و مانەوەمە، من بە خۆشەویستی ئاڵەنگاریی مردنیش دەکەم.

ئەوین حەمە ئەمین، بەمجۆرە لە خۆشەویستی دەدوێ:

عەشق هەم ئاگروهەم ئاوە
لەدووری دەسووتێیت
لەنزیکی دەخنکێیت
بەبێ عەشقیش ناژیت
بەس هەناسەدەدیت
بەڵام لەڕاستیدا مردوویت

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## تۆ باوەڕت بە ڤالانتاین هەیە؟



د.ئارام رەفعەت

ئەوەی خۆی بە قەومێک بچوێنێت لەوان دەبێت!
ئەمە پرسیاری برادەرێک بوو لە بەندە و حەزدەکەم وەڵامەکەی لێرەدا بڵاو بکەمەوە:
بەڵێ لەناخی دڵەوە باوەڕم بە خۆشەویستی هەیە...

من هاوسەرەکەم، خێزانەکەم، هاوڕێکانم، نەتەوەکەم، وڵاتەکەم لەخۆم خۆشتر دەوێن و چرکەیەکیش بێ خۆشەویستی ئەوانە ناتوانم بژیم.

ئەوەی جێگای خۆشحاڵیمە ئەوەیە کە خۆم بەتەنها نازانم...

دەزانم جگە لەمن سەدان ملیۆن مرۆڤی تریش هەن کە ناتوانن بێ خۆشەویستی بژین و هاوشێوەی من ناتوانن رق و قینە بەرامبەر بە هاوتا مرۆڤەکەی هەڵگرن بەهۆی جیایی رەگەز و دین و عەقیدە.

دەزانم سەدان ملیۆن مرۆڤی تر هەن کە جیاوازی رەنگ و رەگەز و عەقیدە و بیروباوەڕ وەک سروشتی جوان و دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی تەماشا دەکەن نەک سەرچاوەیەک بۆ رق و دوژمنایەتی.

دەزانم سەدان ملیۆن کەسی تر من ئەو هەستەیان هەیە کە هەمووەمان لە مرۆڤایەتیدا هاوبەشین.

چەندە خۆشە ئێمەی مرۆڤ بەدوای شتە هاوبەش و جوانەکانماندا بگەڕێین هێندەش خەوشە (شوورەییە) کە مرۆڤایەتی خۆمان لەکەدار بکەین بە دوژمانیەتی کردنی مرۆڤەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە لەسەر بنەمای جیاوازی بیروباوەڕ..

لە رۆژی ڤالانتایندا وەیان "رۆژی خۆشەویستی)دا، لەسەرتاسەری جیهان ملیۆنان کەس، لە یابانی، چینی، کۆریایی، فەرەنسی، ئەوروپایی، ئەوسترالییایی، ئەفریقایی، ئەمریکایی گوڵی سووری خۆشەویستی پێشکەشی خۆشەویستەکانییان دەکەن.

بەوپەڕی شانازییەوە منیش بەدڵ لەو رۆژەدا دەمەوێت خۆشەویستیم بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەم و هەموو ئەوانەی لەناخی دڵەوە خۆشم دەوێن دووبارە بکەمەوە.

فەرموتە "هەرکەسێک خۆبچوێنێت بەوێنەی گەلێک ئەوە لەوانە".

ئەو پێناسەیە چەندە مەزنە! چەند گرنگە ئەگەر ئێمە بتوانیین لە ریزی نەتەوە سەرفراز و رۆشنگەرەکانی جیهاندا بین. ئەوە دوا خەونی منە کە ئالآی کوردستان لەریزی ئەو گەلە سەرفرازو رۆشنگەر و داهێنەراندا ببینم کە رۆژی خۆشەویستی و زمانی خۆشەویستی تێدا رۆژ و زمانی فەرمییە! .

بە پێچەوانەشەوە، بۆ یەک چرکەش خەون بەوەوە نابینم کە کوردستان هاوکوفی وڵاتگەلی وەک سعودییە و مۆریتانیا و سۆماڵ و ئێران و ئەفغانستان و هەموو ئەو وڵاتگەلە بێت کە خۆشەویستی تێدا حەرامە و عاشقان تێیدا قیساس و فەلاقە دەکرێن.

با لەدەرەوەی کایەی "خۆشەویستی"دا قسە بکەین. ئەگەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یابان و چین و ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیای لێدەرکرێت چی ڕوودەدات و چی دەمێنێتەوە؟

ئەوەی ڕوودەدا ئەوەیە کە هەرچی تەکنەلۆژیای جیهان هەیە، لە ئۆتۆمبێل، فڕۆکە، کارەبا، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، فەیسبوکە حەیاتەکە، ڕێگاوبان هەرچی دەسکردی مرۆڤە و تۆ لەدەورو پشتی خۆتدا دەیبینی لەدەستمان دەچێت.

جگە لەوانە هەزاران قوتابخانەی هزری، هەزاران بیرمەند و زانا و فەیلەسوف، هەزران مافگەلی وەک مافی هاوڵاتی بوون،



سەرچاوە
Serchawe

مافی مرۆڤ، ئازادی بیرورا، مافی چارەیخۆ نوسین...هتد لەدەستمان دەچیت..

ئەوەش دەمێنێتەوە مرۆڤ رەجمکردنەکەی سعودییە و تلیاکەکەی ئەفغانستان و پەت و قەنارەی ئێران و برسێتی و تاعونی سۆماڵ و کۆیلەفرۆشی مۆریتانیا و ئەنفالەکەی عێراق و شەڕی شیعە و سوننەی بەحرەین و رەشبگیری و چەوساندنەوەی تورکیا و قەسابخانەکەی سوریا و کەلتوری کچی شەشساڵە بە شودانی یەمەن و تەفرەقەی لوبنانە. .

کێشەی من ئەوە نییە کە تۆ تۆمەتبارم دەکەیت ئەگەر من خۆم وەک ئەوان بنوێنم ئەوا دەبمە یەکێک لەوانە، بەڵکو کێشەی من ئەوەیە کە ناتوانم وەکو ئەوان بم.

لانی کەم پێویستیم بە ١٠٠٠ ساڵی تر هەیە تا بتوانم لەسەرجەم داهێنانەکانی ئەوان سەردەربکەم، ئەوە داهێنان و بەشداری کردن لەداهێنان دەبێت لەبیر خۆم بەمەوە.

لەکۆتاییدا رۆژی خۆشەویستی لەهەموو هاوڕێیانی بەڕێز پیرۆز بێت،.

تێبینی: ئەم بابەتە لەڕۆژی خۆشەویستی ٢٠١٢ دا نوسراوە و لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاو کرایەوە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر  -  ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڤالانتاین زادەی خەیاڵی عاشقان



**نوسینی شیرین - ک**

### جەژنی خۆشەویستی

جەژنی خۆشەویستی یان رۆژی ڤالانتاین بۆنەیەکە لە ١٤ی شوباتدا لەسەرتاسەری دنیادا گەلێک کەس یادی دەکەنەوەو ئاهەنگی بۆ سازدەکەن، بەپێی نەریتی باوی وڵاتانی ئینگلیزی زمان، لەم رۆژەدا خۆشەویستان لەرێی نامە گۆڕینەوەو ناردنی گوڵ و شیرینی تەعبیر لەخۆشەویستی خۆیان دەکەن بۆیەکتری.

ئەم رۆژە بەناوی دوو شەهیدەوە ناونراوە لەشەهیدانی سەرەتای دەرکەوتنی ئاینی مەسیحی و هەردووکیشیان ناویان (ڤالانتاین)ە، بەڵام لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە ئەم رۆژە سیفەتێکی رۆمانسی پێبەخشراوە و گەورە ئەدیبی ئینگلیزی جێفری چۆسەر شیعری بۆئەم بۆنەیە نوسیووە، لەسەدەی نۆزدەشەوە لەبەریتانیا کارتی جەژنی خۆشەویستی دەرکەوتووەو جێی نامەی گرتۆتەوە وبووە بەمۆدیلێکی باو ، لەساڵی ١٨٤٧ یشدا ژنێک بەناوی (ئەستر هاولاند) بۆ یەکەمجار کارتی جەژنی خۆشەویستی لەماڵەکەی خۆیدا لەویلایەتی ماچۆسیتس - ئەمریکا درووستکرد کە لاسایی کارتە ئینگلیزییەکانی کردۆتەوەو دەستیکردووە بەفرۆشتنی، لەوکاتەوە ئیتر کارتی جەژنی ڤالانتاین کەوتە بازاڕەوەو دەفرۆشرێت و بوو بەبازرگانییەکی پڕ قازانج وەکو کارتی جەژنەکانی تر، ساڵانەش لەهەموو دنیادا یەک بلیۆن کارتی پیرۆزبایی ئەو جەژنە دەفرۆشرێت و بەمەش بەپلەی دووەم دێت دوای کارتی جەژنی کریسمس، بەپێی لێکۆڵنەوەکانیش پیاوان دوو ئەوەندەی ژنان ئەو کارتانە دەکڕن.

## قدیس ڤالانتاین

گەلێک لەشەهیدانی ئاینی مەسیحی ناویان ڤالانتاینە بەڵام دوو کەس هەن بەو ناوەوە کە لە 14 ی شوباتدا یادیان دەکرێتەوە: یەکەم ئەو ڤالانتاینەیە کە لەشاری ڕۆما ژیاوەو ساڵی ٢٦٩ی زاینی شەهیدکراوەو لەنزیک ڕێگای ڤیا ڤلامینا نێژراوە، لەسەردەمی قەیسەر کلۆدیۆسی دووەمدا کە بتپەرست بووە، دەستگیر کراوە، قەیسەر خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردووە، ویستوویەتی قەناعەتی پێبکات لەئاینی مەسیحییەت وەربگێڕێت و بیکاتەوە بەبتپەرست بەڵام ئەو ڕازی نەبووە بەڵکو هەوڵیداوە کلۆدیۆس بکات بەمەسیحی، لەئەنجامدا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دراوە، پێش لەسێدارەدانی چاوی کچی پاسەوانی زیندانەکەی چاک دەکاتەوە کەنابینا بووە.

ڤالانتاینەکەی تریش کە لەشاری تۆرنی ژیاوە ساڵی ١٩٧ی زایینی شەهیدکراوەو لەهەمان شوێن نێژراوە، بەپێی کتێبی (ئەفسانەی زێڕین)ی کاسۆلیک مەزهەبەکان هەردووکیان لەسەردەمی ڕاوەدوونانی مەسیحییەکاندا لەلایەن قەیسەرەکانی ڕۆماوە شەهیدکراون، ئەو کتێبە هیچ سیمایەکی ڕۆمانسیانە نادات بەچیرۆکی شەهیدبوونیان، بەڵام لەسەدەی چواردەوە وردە وردە سیمایەکی ڕۆمانسیانە دراوە بەحیکایەتی ڤالانتیانەکەی ڕۆما، کە گوایە لەو سەردەمەدا کلۆدیۆس یاسایەک دەردەکات ڕێ لەسەربازەکانی دەگرێت لەکاتی جەنگدا ژن بهێنن و ببنە خێزاندار، بەڵام ڤالانتاین کە قەشە بووە بەدزییەوە کوڕو کچە لاوەکانی لەیەکتری مارە کردووە، کە قەیسەر بەمە دەزانێت دەستگیری دەکات و حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنێت، شەوێک پێش لەسێدارەدانی نامەیەک بۆ ئەو کچە دەنوسێت کە باسکرا و دەڵێن بەوشەی هاوڕێم نامەکەی دەست پێکردووە، هەشە دەڵێت بەوشەی خۆشەویست ناویهێناوە و لەکۆتاییشدا نوسیویێتی دڵسۆزت ڤالانتاین ودواتر ئەو نامەیە لەناو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە.

## فیستڤاڵی لۆبرکایلی

سەرچاوە نوێیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیوەندیەک هەیە لەنێوان ڕۆژی ڤالانتاین وجەژنەکانی مانگی شوباتدا کە لەسەردەمی ئایینە کۆنەکانی پێش مەسیحییەتدا هەبوون لەوانە فیستڤاڵی لۆبرکایلیدا کە بۆ یادکردنەوەی هێزای خوداوەندی پیت و زەواج دەکرا، ژنی زیۆسی خوداوەندی گەورەی گریک ورۆمانەکان لە ١٣ی مانگەوە دەستی پێدەکرد تا ١٥ی مانگ بەردەوام دەبوو لەڕۆما، ئەمەش وەکو ئاماژەیەک بۆ تێکەڵبوونی سرووتە کۆنەکان بەئایینی مەسیحی، پاپا جیلاسیۆسی یەکەم لەنێوان ساڵانی ٤٩٢ بۆ ٤٩٦ ئەو فیستڤاڵانەی ئیلغا کرد.



سەرچاوە Serchawe

## قەسیدەکانی چۆسەر

یەکەم پەیوەندی لەنێوان ڤالانتاین و ڕۆمانسییەتدا لەسەردەمی جێڤری چۆسەر-ی شاعیر لەساڵی ١٣٨٢ دا دەستپێدەکات هەرچەندە هەندێک کەس دەڵێن ئەو قەسیدەیەی چۆسەر بەبۆنەی ژنهێنانی ریچاردی دووەم شای ئینگلتەرا دایناوە بەهەڵە تەفسیر کراوەو مەبەستی ڕۆژی ڤالانتاین نەبووە بەڵکو مەبەستی ئەو ١٤ی شوباتە بووە کە ریچارد ژنەکەی تیا گواستۆتەوە نەک ڕۆژی ڤالانتین، هەرچەندە قەسیدەکەی چۆسەر شێوازێکی فانتازی هەیە بۆ نەریتێکی کۆن کە قەت پێش سەردەمی چۆسەر نەبووە، بەڵام دواتر ئەو شێوازە بوو بەباو، دیارترین شاعیریش کە ئەو شێوازەی هەبووە ئالبان باتلەرە کە شێوازەکەی تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام کۆنترین کارتی جەژنی ڤالانتاین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پازدە، ئەویش ئەو شیعرەیە کە دۆقی ئۆرلینز بۆ ژنەکەی نوسیوە ئەو کاتەی زیندانیی بووە لەتاوەری لەندەن دوای بەدیل گرتنی لەشەڕی ئاجیکۆرت لە ساڵی ١٤١٥ دا، قەسیدەکە سیازدە بەیتەو دوو قافییەی هەیە، لەشانۆگەری هاملێت-ی شکسپیردا کە لەنێوان ساڵی ١٦٠٠ بۆ ١٦٠١ نوسراوە ئۆفیلیای پاڵەوانی شانۆگەرییەکە بەخەفەتەوە ئاماژە بۆ ئەو قەسیدەیە دەکات.

## جەژنی خۆشەویستی لەسەدە نوێیەکاندا

ساڵی ١٨٤٩ لەگۆڤارێکی ئەمەریکیدا وانوسراوە (ئێستا جەژنی ڤالانتاین پشووی رەسمییە لەوڵاتدا کە جاران وانەبوو ژمارەیەکی زۆر کارتی رازاوە بەدانتێل چاپکراوە).

ئەستەر هۆلاند کە ژنێکی ئەمریکییە لەنێوان ساڵی ١٨٢٨ بۆ ١٩٠٤ لەویلایەتی ماچۆسیتس ژیاوە یەکەم کەسە کارتی جەژنی ڤالانتاینی لەماڵەکەی خۆیدا درووستکردووەو ساڵی ١٨٤٧ دەستیکردووە بەفرۆشتنی ئەو کارتانە، باوکی دوکانێکی گەورەی کتێبفرۆشی هەبووە ئەو بیرۆکەیەشی لەوەوە بۆ هاتووە کە لەئینگیلتەراوە کارتێکی بەدەست دەگات بۆ ئەو بۆنەیە، چونکە سەرەتا ئەو نەریتە لەوێ باو بووەو هەر لەوێشەوە گەیشتۆتە ئەمریکا، لەساڵی ٢٠٠١ یشەوە یەکتێتی بازرگانانی کارتی جەژنە پیرۆزە ساڵانە خەڵاتێک دەدەن بەناوی خەڵاتی ئەستر هۆلاند بۆ باشترین دیزاینی کارتی جەژنی ڤالانتاین، ئەو دەزگایە لەو باوەڕادیە ساڵانە بلیۆنێک کارت دەفرۆشرێت لەو بۆنەیەدا، لەسەدەی نۆزدەوە کارتی جەژنە پیرۆزە جێی نامەی گرتۆتەوە بۆ پیرۆزباییکردن لەبۆنەکاندا، لەو کاتەوە بەژمارەی زۆر درووست دەکرێت ودەخرێتە بازاڕەوە، ئەوەی لەدواییەکانی سەدەی نۆزدەشەوە روویدا ئاماژە بوو بۆئەوەی دواتر لەویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا روویداو جەژنی ڤالانتین بووە بە بازرگانییەکی بەربڵاو، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستشەوە جگەلە کارت جۆرەها کەلوپەلی تر هاتە ئاراوە وەکو دیاری لەو ڕۆژەدا پیاوان پێشکەشی ژنانی دەکەن وەکو گوڵ، شۆکۆلاتە واتە نەستەلە لەقوتوی تایبەتدا کە رەنگی

سوورەو بەقوماشی سەتەن و دانتێل داپۆشراوە و قوتوەکە لەشێوەی دڵدایە و هتد..جگەلەوەی لەو ڕۆژەدا خەڵکی پیرۆزبایی لەیەک دەکەن و بەیەکتری دەڵێن: هیوادارم جەژنی خۆشەویستی بەخۆشی بەسەر بەریت، تەنانەت لە قوتابخانەکانیش لەئەمریکا لەو رۆژەدا قوتابییەکان پۆلەکانیان دەڕازێننەوەو کارت دەگۆڕنەوەو قسەی خۆش و جوان بۆ یەکتری دەنووسن، لەسەرتای هەزارەی تازەشەوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە واتە ئەنتەرنێت و مۆبایل بەهەموو جۆرەکانییەوە، خەڵکی کارتی تایبەت درووست دەکەن و بۆیەکتری دەنێرن، کورتە نامە و ئیمەیل دەگۆڕنەوە.

ڤالانتاین زادەی خەیاڵی عاشقان

## بەشی دووەم

### جەژنە هاوشێوەکانی ڤالانتاین

### ئەوروپا

لە ئەوروپا جگەلە رۆژی ڤالانتین چەندین جەژنی تر هەیە لەو بۆنەیەوە نزیکە، لەوانە: لە ٢٥ی کانوونی دووەمدا لەویلز - بەریتانیا خەڵکی یادی رۆژی قدیس دواینۆین دەکەنەوە کە پارێزگاری عاشقەکان بووە، لەفەرەنسا و ئیسپانیاش کە هەردووکیان کاسۆلیکی مەزهەبن یادی رۆژی ڤالانتین دەکەنەوە هەر وەکو وڵاتانی تری ئەوروپای خۆرئاوا، بەڵام لەهەرێمی کاتالۆنیا بەو رۆژە دەڵێن رۆژی قدیس جۆرج، فیستیڤاڵ دەکەن و کتێب و گوڵ دەگۆڕنەوە، لە پورتوگالیش پێی دەڵێن رۆژی عاشقان، لەدانیمارک ونەرویژ بەبەربڵاوی یادی ئەو رۆژە ناکرێتەوە بەڵکو هەندێک کەس گرنگی پێدەدەن و دیاری وگوڵ دەنێرن بۆ خۆشەویستانیان یان پێکەوە دەچنە دەرەوە بۆ ئێوارە خوانێکی رۆمانسی، لەسوید بەو رۆژە دەڵێن: (رۆژی هەموو دڵەکان) لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە یادی دەکەنەوەو لەو رۆژەدا زۆرترین گوڵ و ماکیاژ دەفرۆشرێت مەگەر لەرۆژی دایکدا ئەوەندە بفرۆشرێت، لەفیلەندا بەم رۆژە دەوترێت (رۆژی هاوڕێ) خەڵکی ئەو کەسانە بەسەردەکەنەوە کە خۆشیان دەوێن ئیتر مەرج نییە ئەو کەسە دڵدارەکەی بێت، لەسلۆڤینیا هەر لەکۆنەوە یادی ئەمرۆژەیان کردۆتەوە، پەندێکی پێشینانیان هەیە دەڵێت (لەگەڵ رۆژی ڤالانتایندا خێرو بێر دێت) لەوباوەڕەشدان لەمرۆژەوە ئیتر گژوگیاو گوڵ دەژێنەوەو لە رەزەکاندا دەست بەکاردەبن و مەل وئاژەڵەکان جووت دەبن، هەروەها پەندێکی تریشیان هەیە دەڵێت:(قدیس ڤالانتاین یەکەم کەس بوو مژدەی بەهاری هێنا) لەهەندێک شوێنی ئەو وڵاتە رۆژی ڤالانتاین بەیەکەم رۆژی بەهار دائەنێن کەواتە وەکو رۆژێک بۆ خۆشەویستی و رۆمانسییەت لەم رۆژەیان نەڕوانیوە تەنیا لەمساڵانەی دواییەوە ئەوانیش وەکو رۆژی خۆشەویستی تەماشای دەکەن چونکە بەپێی کەلتووری ئەوان ١٢ی مارت رۆژی خۆشەویستییە و پێیدەڵێن (رۆژی قدیس گریگۆری)، لەرۆمانیا ٢٤ی شوبات رۆژی خۆشەویستییە و یەکێکە لەپشووە تەقلیدییەکانیان بۆیە کە لەم ساڵانەی دواییدا

خەڵکی فێربوون لە ١٤ی شوباتدا یادی رۆژی خۆشەویستی دەکەنەوە گەلێک کەسایەتی ناودار و دەستڕۆیشتوو دژی دەوەستنەوەو بەلاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی خۆرئاوای دائەنێن، لەتورکیاش یادی ڤالانتاین دەکرێتەوەو ناوی(رۆژی خۆشەویستانە).

## ئەمریکای لاتین

ئەمەریکای ناوەڕست و باشوور دەگرێتەوە، زۆربەی وڵاتانی ئەو ناوچەیە بەو رۆژە دەڵێن (رۆژی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی) یان(رۆژی ئەو هاوڕێیەی خەڵکی نایناسن) لە ١٤ی شوباتدا ئەم یادە دەکەنەوە تەنیا لەکۆلۆمبیا نەبێت کە لە ٢٠ی سێپتەمبەردا ئەم یادە دەکەنەوەو سروتەکانی لەجەژنی کریسمس دەچێت نەک ڤالانتاین، لەگواتیمالاش هەر ناوی (رۆژی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی)یەو وەکو وڵاتانی تری دنیا یادی دەکەنەوە، بەڵام لەبەرازیل بەهیچ جۆرێک یادی رۆژی ڤالانتاین ناکرێتەوە، بەڵکو لە ١٢ی حوزەیراندا یادی دەکەنەوە و پێی دەڵێن(رۆژی عاشقان)، خۆشەویستان چەپکە گوڵ و کارتی پیرۆزبایی دەگۆڕنەوە بۆیە ئەم رۆژەشیان هەڵبژاردووە چونکە رۆژی دواتر جەژنی (قدیس سانت ئەنتۆنییە) کە قدیسی زەواجە و لەو رۆژەدا ژنان هەندێک سرووتی باو پیادە دەکەن بۆ راکێشانی پیاوان و هەڵبژاردنی دەزگیران و مێرد، دوایئەوەش بەماوەیەکی کەم (کەرنەڤال)ی ساڵانە دەکەن کە لەرووی کەلتووری و تیجاریەوە زۆر بەلایانەوە گرنگە و ئەو کەرنەڤالە پشوویەکە بۆ خۆ نقوومکردن لەنێو خۆشی ورابواردندا بۆچەند رۆژێک، لەفەنزوێلا ساڵی ٢٠٠٩ رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رێکەوتی ١٥ی شوباتی دەکرد بۆیە هۆگۆ چاڤێز سەرۆکی فەنزوێلا داوای لە لایەنگرانی کرد یادی ئەو رۆژە نەکەنەوەو خۆیان بەو شتانەوە سەرقاڵ نەکەن تەنانەت ئەگەر هەر ماچێکیش بووە بەڵکو دەبێت هەموو هەوڵ وتواناکانیان بخەنە گەڕ بۆسەرخستنی پرۆسەکە، پێیوتن دوای پرۆسەکە دەتوانن یەک هەفتە خەریکی خۆشەویستی بن!!

## ئاسیا

خەڵکی وڵاتانی سەنگافورە و کۆریای باکوور لەهەموو وڵاتانی تری ئاسیا زیاتر یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە و پارە سەرف دەکەن بۆ کرینی دیاری رۆژی ڤالانتاین، لەژاپۆن کە لەهەموو شتێکدا داهێنەرن وهەمیشە پارێزگاری کەلتووری خۆیان دەکەن، کۆمپانیای مۆریناگا کە بەناوبانگترین کۆمپانیای شیرینییە ساڵی ١٩٦٠ نەریتێکی داهێنا ئەویش ئەوەیە: لەو رۆژەدا تەنیا ژنان بۆیان هەیە شۆکۆلاتە بەدیاری بدەن بەپیاوان، شەعبیەتی پیاویش بەپێی ئەوە پێوانە دەکرێت چەند پاکەتە شۆکۆلاتەی بۆ دێت بەدیاری وجۆرەکەشی چۆنە چونکە ئەگەر پیاوێک مەحبووب بێت ئەو جۆرە شۆکۆلاتەیەی بۆدێت کەلێی نوسراوە (ئەو شکولاتەیەی دیارییە بۆ خۆشەویست) بەڵام ئەو پیاوانەی چارەیان گرانە ژنان جۆرە شۆکۆلاتەیەکیان دەدەنێ کەلێی نوسراوە (شۆکۆلاتەی ئیجباری) چونکە ژنان ناچارن لەو رۆژەدا دیاری بدەن بەهەموو ئەو پیاوانەی لەگەڵیاندا



سەرچاوە Serchawe

کاردەکەن بۆیە کە پیاوێکیان بەدڵا نەبێت ئەو جۆرە شوکولاتەیەی دەدنێ کە وای لێنووسراوە، ودوایئەوە بەمانگێک لە ١٤ی مارتدا یادی (رۆژی سپی) دەکەنەوە کە تیایدا پیاوان دیاری ئەدەنەوە بەو ژنانەی لەڤالانتایندا دیارییان پێبەخشیون، لەم وڵاتەدا گوڵ و مۆم ناکەن بەدیاری بۆ ئەم بۆنەیە.

لەکۆریای باشووریش بەهەمان شێوە لە ١٤ی شوباتدا ژنان شۆکۆلاتە دەکەنە دیاری بۆ پیاوان، دوای مانگێک پیاوەکانیش جۆرە شیرینییەکی تر دەکەنە دیاری بۆ ژنان، لەرۆژی ١٤ی نیسانیشدا کەپێیدەڵێن(رۆژی رەش) ئەوانەی نە لە ١٤ی شوبات و نە لە ١٤ی مارتدا هیچ دیارییەکیان وەرنەگرتووە لەریستورانتێک کۆدەبنەوەو جۆرێک لەنۆدڵزی رەش دەخۆن وەکو جۆرێک لەپرسە بۆ تەنیایی خۆیان، سەرەڕای ئەوە لەکۆریای باشوور هەموو ١٤ی مانگێک بۆنەیەکە بۆ مەسەلەیەک کە پەیوەندی بەخۆشەویستییەوە هەیە لەکانوونی دووەمەوە دەستپێدەکات تادەگاتەوە کانوونی یەکەم بەمجۆرە: ١٤ی ک/ دووەم رۆژی مۆم، ١٤ی شوبات رۆژی ڤالانتاین، ١٤ی مارت رۆژی سپی، ١٤ی نیسان رۆژی رەش، ١٤ی مایس رۆژی گوڵان، ١٤ی حوزەیران رۆژی ماچ، ١٤ی تەمووز رۆژی زیوین، ١٤ی ئاب رۆژی سەوز، ١٤ی ئەیلوول رۆژی مۆسیقا، ١٤ی تشرینی یەکەم رۆژی مەی، ١٤ی ت/دووەم رۆژی سینەما، ١٤ی ک/ یەکەم رۆژی باوەش پیاکردن.

لە کلتووری چیندا سرووتێک هەیە پێی دەڵێن(شەوی حەوتەم) تیایدا دوو ئەستێرە کە هێمان بۆ دوو دڵدار هەموو ساڵێک لە ٧ی مانگی ساڵی چینیدا لەرووبارێک کە رێی کاکێشانە دەپەڕنەوەو بەیەک دەگەن، بەڵام لەئێستادا لەرۆژی ڤالانتایندا پیاوان شۆکۆلاتەو گوڵ دەکەنە دیاری بۆژنان، لەفلیپین بەم رۆژە دەڵێن (رۆژی دڵ) و نرخی گوڵ بەرزدەبێتەوە چونکە زیاتر گوڵ دەکەنە دیاری.

## ڤالانتاین لەهەندێک وڵاتانی تر

### سعودیە

لەم وڵاتەدا یادکردنەوەی ئەم رۆژە قەدەغەیەو لەمبارەیەوە فەتوای روون و ئاشکرا هەیە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی یادەکەدا رێگای توند دەگیرێتە بەر بۆ رێگرتن لەهەر سیماو دیاردەیەک رووی ئەم یادە نیشانبدات بۆ نموونە بەچەند رۆژ یان هەفتە پێش یادەکە نایەڵن دوکانەکانی گوڵفرۆشی گوڵی سوور بهێنن ئەمەش بازاڕێکی رەشی درووست کردووە بۆ فرۆشتنی گوڵی سوور.

## میسر

میسرییەکان ساڵی دووجار یادی ڕۆژی خۆشەویستی دەکەنەوە یەکێکیان لە ١٤ی شوباتدا واتە لەڕۆژی ڤالانتیندا وەکو زۆربەی ولاتانی دنیا دیاری دەگۆڕنەوەو دەبێت دیارییەکانیش ڕەنگی سوور بێت، ئەویتریشیان لە 4ی نۆڤەمبەردایە، لەساڵی ٢٠٠٦ دا لەڕۆژی ڤالانتایندا بایی 6ملیۆن جونەیهی میسری گوڵ فرۆشراوە، هەروەها ئەزهەریش ڕێی لەیادکرنەوەی ئەم ڕۆژە نەگرتووە بەمەرجێک لەپایەکانی ئاین لادەن و بەبیانووی ئەو بۆنەیەوە شتی ناجایز نەکەن کە ئاینی ئیسلامی ڕێی پێنادات.

## ئیسرائیل

لەئیسرائیل لەدوا ڕۆژەکانی مانگی ئابدا یادی ڕۆژی خۆشەویستی دەکەنەوە، بەڵام لەکۆندا گەلی ئسرائیل لەو ڕۆژەدا کچان بەرگی سپییان لەبەر کردوەو لەرەزەکاندا وەستاون چاوەڕوانی کوڕانیان کردووە و گوڵ ودیارییان گۆڕیوەتەوەو خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دەربڕیوە.

## ئێران

هەرچەندە حکومەت هەندێک ڕێگریی لەیادکردنەوەی ئەم یادە دەکات بەڵام ساڵ بەساڵ لاوان و هەرزەکارانی ئەو وڵاتە زیاتر یادی دەکەنەوەو بازاڕەکان زیاتر کەلوپەلی تایبەت بەو یادە دەهێنن و جامخانەکانی پێدەڕازێننەوە ولاوان بەسەر شەقامەکاندا پیاسە دەکەن و دەستی یەکتر دەگرن وەکو تەعبیر کردنێک لەو یادە.

## هیندستان

لێرەش توندڕەوە هیندۆسییەکان ڕاشکاوانە دژی ئەو یادە دەوەستنەوە، لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە ئەو دوکان وکۆگایانەی کەلوپەلی ئەو یادە دەفرۆشن توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، چونکە ئەندامانی ئەو پارتە هیندۆسییە توندڕەوە دژی هەر گۆڕان و بیرێکی نوێن و یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە بەجۆرێک لە(پیس بوونی کەلتووریی) دائەنێن کە خۆرئاوا دەیەوێت بارگاویان بکات پێی.

* ئەم بابەتە ئامادەکراوەم پێشتر لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە

ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

## مێژووی ڤالانتاین و چۆنیتی هاتنی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی




### ڕووداو

لە ١٤ی شوباتی هەموو ساڵێکدا لە سەرانسەری جیهان ڕێز لەم ڕۆژە دەگیرێت و عاشقان وەک ڕۆژێکی تایبەت جەژنی بۆ دەگێڕن. لەم جەژنەدا زۆر کەس لەگەڵ خۆشەویستەکانیان جەژن دەگێڕن و پۆستکارت یان نامەی عاشقانە بۆ یەکتر دەنێرن یان بە بەسەربردنی کاتێکی ڕۆمانسی لەگەڵ خۆشەویستەکانیان، گوزارشت لە خۆشییەکان دەکەن.

مێژووی ئەم جەژنی خۆشەویستییە دەگەڕێتەوە بۆ ١٧ چاخ لەمەوبەر و بە یەکێک لە جەژنی ڕۆمانەکان دادەنرێت. زیاد لە (١٧) چاخ لەمەوپێش ئەو کاتەی کە بتپەرستی لای ڕۆمانەکان باوبووە، ئەو جەژنەیان گێڕاوە و گوزارشت بووە لە چەمکی بتپەرستی ڕۆمانییەکان بۆ خۆشەویستی خودایی. ئەم بۆنە بتپەرستییەش چەندین ئەفسانە و خورافیاتی لە پشتەوەیە، کە لای ڕۆمانەکان و دواتریش لای کریستیانەکان و بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی وڵاتانی جیهان هەر بەردەوام بووە.

پاش بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت و هاتنی ڕۆمانەکان بۆ نێو ئایینی مەسیحییەت، ڕۆمانەکان بەردەوامبوون لە سەر ئاهەنگگێران بەبۆنەی جەژنی خۆشەویستییەوە، بەڵام لە چەمکە بتپەرستییەکەی خۆیان، کە خۆشەویستی ئیلاهی بووە گواستویانەتەوە بۆ چەمکێکی دیکە و بە گەواهیدەرانی خۆشەویستی گوزارشتیان لێدەکرد.

لەو ساتەدا و لە سەدەی (٣)ی زایینیدا ئیمپراتۆری ڕۆمانی کلۆدیۆسی دووەم حوکمڕانی ڕۆمانییەکانی دەکرد و بەهۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەخەکرد بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکان بکەن و بە ژنهێنانەوە سەرگەرم نەبن، بەڵام ڤالانتاینی قەدیس کە ڕەبەنێکی گاور بووە ڕووبەڕووی بڕیارەکەی ئیمپراتۆر بووەوە و ژێربەژێر و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجامدەدا، پاش ئەوەی ئیمپراتۆر بەوەی زانی دەستگیریکرد و زیندانیکرد و

بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند و لە رۆژی (١٤ - ٢ - ٢٧٠)ی زاینی لەسێدارە درا، دواتر پاپا رۆژی کوژرانی (ڤالانتاین)ی قەدیس، کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد بە جەژنی خۆشەویستی لە قەڵەمدا و ئێستا پێشیدەوترێت جەژنی عاشقان.

لێرەوە عیشقی ئیلاهی بووە عیشقی مرۆڤ، ڤالانتاین بوو بە رەمزی عیشقێکی مرۆڤدۆستانە، لە ئاسمانەوە دادەبەزێت بۆ سەر زەمین. عیشق رەهەندی ستوونی نامێنێت و رەهەندی ئاسۆیی مرۆڤدۆستانە وەردەگرێت.

لە ساڵی ٣٥٠ی زایینی لە رۆما بە مەبەستی بەرزراگرتنی ناوی (ڤالانتاین) و یادکردنەوەی، لەو شوێنەی کە تێیدا لەسێدارەدرا کەنیسەیەک دروست کرا، دواتر پیاوانی ئایینی مەسیحی دژ بەم دیاردەیە وەستانەوە و بە شێوێنەری رەوشتی کچ و کورانی لاویان لە قەڵەمدا، لەناو خودی ئیتاڵیادا کە پێی بەناوبانگ بوو ئەم جەژنە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام لە سەدەی (١٨ و ١٩)ی زایینیدا دووبارە زیندووکرایەوە.

ئەم دیاردەیە تەنها وڵاتانی خۆرئاوای نەگرتەوە، بەڵکو تەشەنەی سەند و پەلی هاوێشتە نێو وڵاتانی ئیسلامیشەوە و کچان و کورانی مسوڵمانیش گیرۆدەی ئەو داوە بوون و بوونە چاولێکەر و ئێستا هەموو ساڵێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مانا و رەهەندە ئاینی و مێژووییەکەی هاوکات لەگەڵ کریستیانەکانی جیهان جەژن دەگێڕن.

ساڵانە ئەم جەژنە لە هەر وڵاتەو بە جۆرێک ئەنجام دەدرێت، هەریەکەیان بە شێوازی نەریتی خۆیان ئەم کارە ئەنجام دەدەن ئەمساڵ لە ڤاتیکان نزیکەی ١٧ هەزار کەس خۆیان ناونووس کردووە بۆ ئەوەی لە رۆژی ١٤ - ٢ رۆژی ڤالانتاین لەگەڵ پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکان بەسەر بەرن. ژمارەیەکی زۆر لە عاشقان لەو وڵاتەدا خۆیان ناو نووس کردوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و بریارە لەو کۆبوونەوەیەدا عاشقان لە گۆڕەپانی بەتریسی پیرۆز چاویان بە پاپا بکەوێت و ئەویش لەو رۆژەدا گوتاریان بۆ بدات و باسی ژیانی داهاتوویان بۆ بکات .

ئیسرائیل یەکێکە لەو نموونانەی کە بەشێوازی تایبەتی یادی ئەو رۆژە دەکاتەوە، بەو بۆنەیەشەوە کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی هەستاوە بە نمایشکردنی بەرهەمەکانی خۆی تاوەکو رێگە خۆش بکات بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ کڕینی دیارییەکان بەبۆنەی جەژنی ڤالانتاینەوە.

ئەم کۆمپانیایە هەستاوە بە دروستکردنی چەندین جۆر ئەڵماسی ناوازە کە سەرنجی خەڵکی رابکێشێت و پیاوان بتوانن لەو

ڕۆژەدا بە جوانترین دیاری دڵی خۆشەویست یان هاوسەرەکانیان خۆشبکەن.

ئەو کۆمپانیایە کە هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەم کارە کۆمپانیای لیبشە و بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایە داوایان لە بەرهەمهێنەرەکانیان کردووە کە بە جۆرێک بەرهەمیان بۆ چاک بکەن کە شتێکی ناوازە بێت و بەجۆرێک بێت کە لە بیری خەڵکدا بمێننەوە و ببنە یادگاری.

بەپێی قسەی جیۆلۆجیستەکان بەشێک لەو ئەڵماسانەی کە ئەم کۆمپانیایە خستوونیەتە بازارەوە سرووشتین و دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی ١ بۆ ٣ بیلیۆن ساڵ لەمەوپێش، کەواتە ئەو شتە راستە کە دەڵێن ئەڵماس بەرهەمێکە کە وەک خۆی دەمێنێتەوە بۆ هەمیشە.

ئەم کۆمپانیایانە چەندین بژاردەیان خستووەتە بەردەم خەڵک بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆیان بۆ کەسانی بەرامبەریان دەربڕن و لەو ڕۆژی ڤالانتاینەدا، هەروەها نرخی ئەم ئەڵماسانە لەنێوان ١٥٠٠ بۆ ١٧٥٠ دۆلاری ئەمریکیدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڤالانتاین لەچیەوە هاتوە؟




ویستگە ستایل

چەند ڕۆژێکی دیکە لە تەواوی جیهاندا یادی ڕۆژی ڤالانتاین دەکرێتەوە و ئەو کەسانەی یەکتریان خۆش دەوێت لەو ڕۆژەدا دیاری بەیەکتر دەبەخشن و گوڵی سوور یەکێک دەبێت لەبڵاوترین ئەو دیاریانەی کە لەو ڕۆژەدا عاشقەکان پێشکەشی یەکتری دەکەن و ئەو ڕۆژەش ناونراوە ڤالانتاین و ١٤ی ٢ی هەموو ساڵێک ئەم یادە دەکرێتەوە.

### دەزانیت بیرۆکەی ئەم ڕۆژە لە چیەوە هاتوە؟

چەند بیرو ڕایەکی جیاواز لەسەر ئەم بابەتە هەیە و بە بڕوای کۆمەڵێک لە مێژوونوس بیرۆکەی ڕۆژی ڤالانتاین دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی ڕۆمانیەکان کە لە کۆندا لە ١٥ی فەبرایری هەموو ساڵێک ئاهەنگیان گێڕاوە بەبۆنەی میهرەجانێکی تایبەت کەبە (لۆبر کالیا) ناوبراوە و بڕوایان وابوە ئەگەر ئەم ئاهەنگە بگێڕن ئەوە لە هێرشی گورگ پارێزراو دەبن و لە کاتی ئاهەنگەکەدا پیاوەکان بە پێستی ئاژەڵ لە خانمەکانیان داوە بڕوایان وابوە ئەم لێدانە دەبێتە هۆی باشکردنی توانای وەچە خستنەوە لە ئافرەتەکاندا.



بەڵام هەندێک بیروڕای دیکە بەتەواوەتی ئەم بۆچونە ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە کە ناوی ڤالانتاین لەوەوە هاتوە کاتێک ئیمپراتۆر (کلۆدیۆس)ی دووەمی ڕۆمانی ڕێگری کردوە لەوەی کە پیاوان هاوسەرگیری بکەن و قەشەی یەکێک لە کەنیسەکان کە ناوی ڤالانتاین بوە کچ و کوڕەکانی بەنهێنی لەیەک مارە کردوە و ئەم ڕۆژەش بەناوی ئەو قەشەیەوە ناونراوە.



ڕاوبۆچونی سێهەم دەڵێت کە ئەم ڕۆژە لەوە هاتوە کە پیاوێکی مەسیحی کاتێک لەناو زینداندا بوە لەسەردەمی ڕۆمانیەکان ئەوەی ڕەت کردۆتەوە کە خواوەندی ڕۆمانیەکان بپەرستێت و بەشێک لەوانەی مێژویان گێڕاوەتەوە دەڵێن کە ئەو پیاوە لە ١٤ی ٢ لە ساڵی ٢٦٨ی میلادی لە سێدارە دراوە و ناوی ڕۆژی ڤالانتاین لەوەوە هاتوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە ستایل - ڕێکەوتی: ١٠ی فیبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ئەگەر بەتەنهایت چۆن رۆژی ڤالانتاین بەسەر دەبەیت؟



ماڵپەڕی کی ئین ئین

لەگەڵ نزیکبـوونەوەی رۆژی ڤالانتـاین، عاشـقان ئامادەکـاری دەکەن بە کڕینـی دیـاری یـاخود شیرینی، تـاوەکو لەو رۆژەدا بیگۆڕنەوە.

١٤ شوباتی هەمـوو سـاڵێک رۆژی جیهـانی ڤالانتانیـانە، لەو رۆژەدا عاشـقان دیـاری یـاخود گـوڵ دەگـۆڕنەوەو کـاتی خـۆش بەسەردەبەن، بەڵام هەندێکی دیکە بەتەنهان، یاخود شکستیان هێناوەو نازانن چۆن ئەو رۆژە بەرێبکەن.



ئاماندا رایت مامۆستای زانستی دەرونی لە زانکۆی کانکای لە ویلایەتی ئەلیونی ئەمریکا دەڵێت، مرۆڤ هەنـدێک کـات لەبەر چەند هۆکارێک گرنگی بەخـۆی نـادات، دەبێت لەو رۆژدا هەوڵبـدەیت خۆتت خۆشبوێت و چـاوەڕێی هـێچ کەسێک نەکەیت کە دیاریت بۆ بێنێت، بەڵکو دیارییەکی سادە کە شیرینی بێت یاخود بۆنی خۆش یاخود گوڵ بۆ خۆت بکرە.



سەرچاوە
Serchawe



ئاماندا رایت ئاماژەبەوە دەکات، لە ١٤ مانگدا هەندێک کەس دڵخۆشن و هەندێکی دیکە خەمۆکن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت رۆژەکە بە ناخۆشی بەسەر بەریت، هەوڵ بە لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانت بچیتە شوێنە گشتییەکان بۆبەسەر بردنی کاتێکی خۆش، یاخود تەماشاکردنی دیمەنی خۆر هەڵاتن و خۆر ئاوابوون، یان راهێنانی یۆگا ئەنجامبدەیت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کی ئین ئین(KNN) - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١٩

## لە ڕۆژی ڤالانتاین خۆشەویستی هەمیشەیی مسۆگەر بکە



**چاوان هێرش**

عاشقان و خۆشەویستان لەم ڕۆژەدا، بە گوڵێک و دەربڕینی وشەی "خۆشم دەوێی" ئەوینەکەیان نوێ دەکەنەوە، ئەمەش کارێکی پەسەند و جوانە، بەڵام لەوە کاریگەرتر ئەوەیە، چۆن بتوانین ئەو خۆشەویستییە بپارێزین بۆ هەمیشە!

هاوسەران و ئەوینداران، پێویستە ئەوە بزانن، خۆشەویستی شەپۆلە، دێ و دەچێ، بەڵام زیرەکەکان دەتوانن نەیەڵن هەرگیز ڕوو لە ساردبوونەوە بکات، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی ئەم شتانەی خوارەوە:

*** ڕێزگرتن لە جیاوازی**

ئەو کەسەی هەڵت بژاردووە کە خۆشەویست و هاوژینت بێت، لەبەر ئەوە نییە کە کتومت لە خۆت دەچێ، بەڵکوو ژێکانی دڵتان بۆ یەکی لێ داوە، هەر بۆیە، دەبێ ڕێز لە هەستەکانی بەرامبەر بگریت و هەرچییەک بێت، جێی گاڵتەپێکردن نییە. هەرگیز نابێ یەکێک لەو دوو کەسە، بۆ خاڵی لاوازی ئەوی تر بگەڕێ و هەمیشە لەسەر ئەو شتانە سەرکۆنەی بکات و بیشکێنێتەوە.

دوای ئەوەی بڕیاری خۆشەویستی و هاوسەرگیریت دا، ئیتر دەبێ واز لە وشەی "من" بهێنی، شتەکان لەمەودوا دەبۆ یەک کەس نییە، دەبێ هەمیشە "ئێمە" جێی بگرێتەوە، چونکە ئێوە پێکەوە جوانن و تەباییتان مانای بەهێزیی پێوەندیتانە، ئەمەش تەنیا سەرکەوتووەکان دەزانن، بەبێ ئەوەی بەرامبەر ناچار بکەن لە خۆیاندا بیانتوێننەوە، لێیان تێ بگەن.

### ⁕ خۆت لە دەمەقاڵێ بپارێزە

دوو کەس پێکەوە بن، هەڵبەت بۆچوونی جیاوازیشیان دەبێ، بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆی دروستبوونی دەمەقاڵێ و بەرزبوونەوەی تۆنی دەنگ لە دۆخی ئاساییەوە بۆ هاوارکردن بەسەر یەکدا، پێویستە خۆشەویستان جیاوازی لە نێوان جیوازی بیرورِا و دەمەقاڵێ بکەن، چونکە جیاوازی کێشە نییە، هەمیشە شتێکی باشتری لێ بەرهەم هاتووە.

### ⁕ گفتوگۆی بەردەوام

ئەو جیاوازییانەی پێشتر باسمان کرد، لە جیاتی دەمەقاڵێ، بە گفتوگۆی بەردەوام چارە دەبێ، هەڵبەت گفتوگۆی نێوان هاوسەران و خۆشەویستان، تەنیا کاتی گرفت نییە، بەڵکوو یەکێک لە خاڵە هەرە سەرکەوتووەکانی نێوانیان ئەوەیە، هەمیشە کاتیان هەبێ پێکەوە قسە بکەن و باسی شتی گرنگ و ناگرن بکەن، وەک دوو هاورِێ.

### ⁕ بەرپەرچدانەوە

رِەتکردنەوەی بیرۆکەی بەرامبەر و بەرپەرچدانەوەی، مایەی بێزارییە، هەمیشە هاوسەران پێیان خۆشە، کاتێک بیرۆکەیەک بۆ بەرامبەرەکەیان باس دەکەن، یەکسەر بە نەخێر و رِەتکردنەوە وەڵامی نەدەنەوە، بەڵکوو ئەگەر بە دڵیشیان نەبێ، هۆکارێکی رِاستی بدۆزنەوە کە بیسەلمێنن ئەو بۆچوونە هەڵەیە.

### ⁕ بایەخدان

پێویستە هاوسەران رِۆژی لەدایکبوونی یەکتری، رِۆژی یەکترناسینیان، رِۆژی مارەکردن و گواستنەوە، رِۆژی ڤالانتاین، یەکەم ماچ زۆر شتی تریان هەبێ کە هەمیشە لەیادیان بێت و زیندووی بکەنەوە، ئەم بایەخدانە، پێوەندیی نێوانیان پتەو دەکات. کارێکی جوانیشە دەستپێشخەری لە پیاوەوە بێت، چونکە هەستێکی زۆر جوان و گەورە بە خانمەکانیان دەبەخشێ.

### ⁕ بایەخ بە بایەخەکانی بدە

هاوسەرەکەت چەند هاورِێیەکی هەیە و زۆر گرنگن لەلای، زۆری بەلاوە خۆش دەبێ کاتێک تۆش بایەخ بە هاورِێ و دۆست و

خزمەکانی ئەو دەدەیت، ئەمە مایەی پتەوی و نزیکی نێوانتانە، هەمیشە هەوڵ بدە ئەو کاتانەی دەیەوێ لەگەڵ ئەو دۆستانەی بێت، دۆخێکی بۆ بڕەخسێنی کە بەوپەڕی متمانەوە بێت، خۆشت بەشداربە لەگەڵیان.

سەرچاوە؛ ئەلجومهورییە

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ڤالانتاین و مێژووی پەیدابوونی

**نوسینی: دڵشاد موحەمەد**

ئومەتی ئیسلامی خاسیەت و تایبەتمەندیی، دیدوتێروانین، بیروبۆچوون، داب و نەریت و بەها و کەلتوری تایبەت بەخۆی هەیەکەهەڵگۆزراو وهەڵقوڵاوی سەرچاوەی کانیاوی سازگاری پەیامەکەیەتی کەبریتییەلە(قورئان و فەرمووده)، ئەمەش وایکردووەئومەتێکی جیاواز بێت لەئومەتانی تر و کرفتار و گوفتارەکانی زادەی ناخی خۆی بێت و چاولێکەر و شوێن پێهەڵگری میللەتانی تر نەبێت ؛ بەردەوامیش هەوڵی بەرەو پێشچوون و گەشەسەندن و داهێنانکاری بدات لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا..

لەرۆژگاری ئەمرۆماندا بەهۆی پەیوەندی و تێکەڵبوونی شارستانیەتیەکان بەیەکدی و کرانەوەی راگەیاندنی بەرووی کۆمەڵگەکەماندا شتگەلێکی سەیروسەمەرەهاتۆتەنێو وڵاتانی ئیسلامییەوەکەزادەو هەڵقوڵاوی وڵاتانی ئەوروپی و خۆرئاوایەبەتایبەت مەسیحیەکان، زۆر جاریش ئەو شتانەدوورن لە راستی و ئەفسانەوخورافاتن، هەموو ئەو شتانەش لە رێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوەبەوپەری رازێنراوەیی و بریقەداری و جوانکراوی دەگوازرێتەوەبۆ وڵاتانی موسڵمان نشین و ئەوانیش چاویان لێدەکەن و بێ سێ و دوو شوێنیان دەکەون و رەسەنایەتی خۆیان و پەیامەکەیان لەبیر دەکەن و بێئاگا لەوەی پەروەردگار دەفەرموێت: (یا ڕیها الذین آمنوا لا تتخذوا عدوی وعدوکم ڕولیاء تُلقونَ إلیهم بالمودّەوقد کفروا بما جاءکم من الحقّ یُخرجونَ الرَّسولَ وإیّاکم ڕنْ تؤمنوا باللّهِ ربِّکم إنْ کنتم خَرَجْتُم جهاداً فی سبیلی وآبتغاءَ مرضاتی تُسِرُّون إلیهم بالمَوَدَّهِ وڕنا اعلمُ بما ڕَخْفَیْتُم وما اعْلَنْتُم ومَنْ یَفعلْهُ مِنْکم فقد ضلَّ سَوَآءَ السَّبیلِ)(١) واتە: "ئەی ئەو کەسانەی کەباوەرتان هێناوەدوژمنانی من و خۆتان مەکەن بەدۆستی خۆتان، دۆستایەتی خۆتانیان بۆ دەنێرن لەکاتێکدا دڵنیاشن ئەوان بێباوەرن بەو ئایینەراستەی کەبۆتان هاتووە، پێغەمبەر (درودی خوای لیبێت) و ئێوەش دەردەکەن لەبەرئەوەی کەباوەر دەهێنن بەخوای پەروەردگارتان، جا ئەگەر دەرچوون لەوڵاتی خۆتان بۆ جەنگکردن لەرێی منا وەبۆ داواکردنی خۆشنوودی من (دۆستایەتی ئەوان مەکەن)، راز و نهێنییان پێدەڵێن بەدۆستایەتی لەکاتێکدا من پێی ئەزانم بەوەی شاردتانەوەو بەوەی ئاشکراتان کرد، وەهەرکەسێک لەئێوەدۆستایەتیان بکات ئەوەبێگومان رێی راستی وون کردووە"(٢)

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت لەم ساتەوەختەدا قسەوباسی لێبکەم و سەربوردێکی مێژوویی لەبارەوەبگێرمەوەونەریتێکی

بتپەرستانەیەبەناوی (رۆژی خۆشەویستی - ڤالانتاین - VALENTINE,S DAY ) و ئەمرۆکەلەنێوان کچ و کورانی گەنجدا باوو بەربڵاوەو هەموو ساڵێک لە(١٤ - ٢)دا یادی دەکەنەوەو خۆیانی پێوەسەرگەرم دەکەن و عەشق وخۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبرن.

## چیرۆکی جەژنی خۆشەویستی عید الحب)

جەژنی خۆشەویستی بەیەکێک لەجەژنەکانی رۆمانەبتپەرستەکان دادەنرێت و زیاد لە(١٧) چەرخ لەمەوپێش لای رۆمانەکان بتپەرستی باوبووەو ئەو جەژنەش گوزارشت بووەلەچەمکی بتپەرستی رۆمانییەکان بۆ خۆشەویستی خودایی (الحب الإلهی) ئەم بۆنەبتپەرستیەش چەندین ئەفسانەو خورافیاتی لەپشتەوەیەکەلای رۆمانەکان و میراتگرەگاورەکانیش هەر بەردەوام بووە، لەوانە؛ رۆمانەکان باوەریان وایەکە(رۆملیۆس)ی دامەزرێنەری شاری (رۆما) رۆژێک لەرۆژان گورگێک شیریداوەتێ و ئەمەش هێز و بیرتیژی پێبەخشیووە، ئیدی لەو رۆژەبەدواوەرۆمانەکان بەهۆی ئەو رووداوەوە لە ناوەراستی مانگی شوباتی هەموو ساڵێکدا ئاهەنگیان گێراوە.(٣) پەیوەندی (ڤالەنتین)ی قدیس بەجەژنی خۆشەویستییەوە

پاش بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و هاتنی رۆمانەکان بۆ ناو ئاینی مەسیحیەت، رۆمانەکان بەردەوام بوون لەسەر ئاهەنگ گێران بەبۆنەی (جەژنی خۆشەویستی)یەوە، بەڵام لەچەمکەبتپەرستییەکەی خۆیان (خۆشەویستی ئیلاهی) گواستیانەوەبۆ چەمکێکی ترو بەگەواهیدەرانی خۆشەویستی گوزارشتیان لێدەکرت.. لەو ساتەدا و لەسەدەی (٣)ی زاینیدا ئیمبراتۆری رۆمانی (کلۆدیۆسی دووەم) حوکمرانی رۆمانییەکانی دەکرد و بەهۆی سەرقاڵبوونی بەجەنگەوە، ژنهێنانی لەسەربازەکانی قەدەغەکرد بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکان بکەن و بەژن هێنانەوەسەرگەرم نەبن، بەڵام (ڤالەنتین)ی قدیس رووبەرووی بریارەکەی ئیمبراتۆر بووەوەو ژێربەژێر و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجامدەدا، پاش ئەوەی ئیمبراتۆر بەوەیزانی دەستگیریکرد و خزاندیەنێو کونجی زیندان و بریاری لەسێدارەدانی بەسەردادا و لەرۆژی (١٤ - ٢ - ٢٧٠)ی زایینی کوژرا، دواتر پاپا رۆژی کوژرانی (ڤالەنتین)ی قدیس - کەبانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی کرد و لەو پێناوەدا کوژرا-ی کردە(جەژنی خۆشەویستی) و پێشی دەوترێت (جەژنی عاشقان).

لەساڵی ٣٥٠ی زایینی لە رۆما بەمەبەستی بەرز راگرتنی ناوی (ڤالەنتین) ویادکردنەوەی، لەو شوێنەی کەتێیدا کوژرا کەنیسەیەک دروست کرا؛ دواتر پیاوانی ئایینی مەسیحی دژ بەم دیاردەیەوەستانەوەو بەشێوێنەری رەوشتی کچ و کورانی لاویان لەقەڵەمداو، لەناو خودی ئیتاڵیادا کەپێی بەناوبانگ بوو ئەم جەژنە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام لەسەدەی (١٨ و ١٩)ی زایینیدا دووبارەزیندووکرایەوە.(٤)



سەرچاوە Serchawe

ئەم دیاردەیەتەنها وڵاتانی خۆرئاوای نەگرتەوە، بەڵکو تەشەنەی سەند و خۆی هاویشتەنێو وڵاتانی ئیسلامیشەوەو کچان و کورانی موسڵمانیش گیرۆدەی ئەو داوەبوون و بوونەچاولێگەر و شوێن پێهەڵگری دوژمنانی خودا و ئیسلام و موسڵمانان و دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی داب و نەریت و دروشمەکانی ئەوان و بەبۆنەی جەژن و یادەکانی ئەوانەوەئاهەنگ و خۆشی دەردەبرن، هەروەک پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ((لَتَتَّبِعُنَّ سُنَنَ الذين من قبلكم شبراً بشبرٍ او ذراعاً بذراعٍ حتَّى لو سلكوا جُحْرَ ضبٍّ لَسَلَكْتُمُوه، قالوا اليهود والنصارى؟ قال: فَمَنْ؟)) (٥) ...

پەراوێزەکان:

١- سورەتی الممتحنه - ١

٢- پوختەی تەفسیری قورئان، لاپەرە (٥٤٩) - ئامادەکردنی: موحەممەد مەلا ساڵح بامۆکی.

٣- ضحايا الحب - يوسف الحاج احمد - لاپەرە (٣٤-٣٥).

٤- ضحايا الحب، لاپەرە (٣٦-٤٣).

٥- صحيح البخاری - ٣٤٥٦، كتاب احاديث الانبياء - باب: ما ذكرعن بنى إسرائيل.

ڕێکەوتی ٩ی فێبریوێری ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

# ڤالانتاین.. رۆژێک بۆ خۆشەویستیی پێشمەرگە لەم رۆژەدا هەمووومان سەنگەرەکانی پێشمەرگە گوڵباران دەکەین




**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ساڵی رابردوو بەشێکی زۆر لە چین و توێژەکان داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد رۆژی ڤالانتاین ببێتە رۆژی خۆشەویستیی پێشمەرگە و جەختیان لەوە کردەوە کە لە سایەی شەونخوونی و بەرگریی و فیداکاریی پێشمەرگە خەڵکی کوردستان بە ئارامی دەژین. لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوادەکەن لە رۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا دیاری ئەو رۆژە ببەخشرێتە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە نەک لە دژوارترین رۆژانی سەختدا پشتیان لە خاکی وڵاتەکەیان نەکرد، بگرە هەموو ئەو خۆشەویستییەی شکیان دەبرد، بە خاک و نیشتمانیان بەخشی و بە گیانبازی و خۆنەویستیی خۆیان کەرامەتی نەتەوەیی و خاکی کوردستانیان پاراستووە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.

"شتێکی قورسە بتوانیت بە چەند وشەیەک ئاستی خۆشەویستیی خۆت بۆ کەسانێک دەرببڕیت، کە ژیانی خۆیان خستووەتە سەردەستیان و مەرگیان خستووەتە پیش ژیانیان بۆ ئەوەی ئێمە بەسەربەرزی بژین. ئێمە ناتوانین قەرزی ئەوانە بدەینەوە کە دەمانپارێزن و ژیانی ئاسوودەمان پێدەبەخشن." ئەوە قسەی شەیدا جاف بوو. ئەو خاتوونێکی میدیاکارە و ئاماژە بەوە دەکات کە "پێویستە هەموو گەلی کورد ئەوەی لەبەر چاو بێت، پێشمەرگە لە رابردووەوە هەتا ئێستاش لە چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئێمەن و کەسانێکن کەمترین بەرژەوەندیی مادديیان هەیە، ئەوەی ئەوان خۆی بە قوربان دەکەن، ماڵ و سامان نییە، بەڵکوو خۆشەویستی گەل و خاک و نیشتمانە." وتیشی: "لە رۆژی خۆشەویستی و ڤالانتاین تەنیا ئەوەمان



سەرچاوە
Serchawe

پێ دەکرێت خۆشەویستی بێ ئەندازەی خۆمان بۆ برا پێشمەرگەکانمان دووپات بکەینەوە و دەستی ماندونەبوونیان بگوشین و سڵاوی پڕخۆشەویستییان بۆ بنێرین".

موقەدەم ستار چوچانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: "ئێمەی پێشمەرگە دژی تاریکی و لە پێناوی خۆشەویستیدا شەڕدەکەین". هێما بۆ ئەوەش دەکات کە ڕۆژی ١٤ی شوبات ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستییە، کە لەو ڕۆژەدا بەهۆی بەیەکتر گەیاندنی خۆشەویستان، قەشەیەک لە سێدارەدرا. وتیشی: "ماوەی دووساڵە ئەم ڕۆژە جیهانییە لە کوردستان جێی گرنگی تەواو نییە، چونکە هەزاران گەنجی کورد پێشمەرگەن و بەبێ گوێدانە هیچ قەیرانێک و سەختییەکانی ژیان، ماوەی دوو ساڵە لە بەرەکانی جەنگدا بەرگری لە خاک و وڵات دەکەن. بەڵام جێگەی خۆیەتی گرنگی بە خۆشەویستی بدرێت، چونکە ئێمە دژی تاریکی و ڕق و ستەمکاری و داگیرکاری و لە پێناوی پاراستنی وڵات شەڕدەکەین، بەرگری لە ئاشتی و خۆشەویستی دەکەین.".

موقەدەم ستار لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە "هەزاران کوڕ وکچی ئەم وڵاتە، لە پشتی سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە ئەم ڕۆژی ڤالانتاین لەیەکتر پیرۆز دەکەن و مانای تەواوی پێ ئەدەن، بەبێ هەستکردن بە ترس ودڵەڕاوکێ لەو دوژمنەی کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لەلا نییە و خۆشەویستی لای ئەوتیرۆریستانە کوفری گەورەیە. وتیشی: "جێگەی خۆیەتی ئەمساڵ لە ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا هەمووان ئەو ڕۆژە بە تەواوی مانا بەرجەستە بکەن و خۆشەویستیی خۆیان بۆ پێشمەرگە دەرببڕن، چونکە دەربڕینی ئەو هەستە هاندەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە باوەڕی زیاتر و پتەوتر ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە. پێشمەرگە هەموو خۆشەویستیی خۆی داوە بە خاک ونیشتمان، چاوی لە پاراستنیەتی و بەڵێنی ئەوپەڕی وەفاداری بە گەلەکەی داوە وسات لە دوای سات لەسەر بەڵێنەکەی سوورتر دەبێ و بەڵێنەکەی نوێ دەکاتەوە."
شیراز محەمەد وەک کچە پێشمەرگەیەک لە بەرکانی جەنگەوە پەیامی ئەو ڕۆژە دەگەیەنێت و دەڵێت: "پێشمەرگە ڕۆژانە لە بەرەکانی شەڕی دژی داگیرکەران و تیرۆریستاندا گوللەباران دەکرێ و لە پێناوی پاراستنی نیشتماندا سڵ لە مەرگ ناکاتەوە، بۆیە شایانی ئەوەیە نەک تەنیا لە لایەن ئەوینداران و عاشقان، بەڵکوو لە لایەن هەموو گەلی کوردەوە گوڵباران بکرێن." وتیشی: "ئەم یادە کە بە ڤالانتاین یان ڕۆژی خۆشەویستی ناسراوە، بە هێمایەک بۆ عاشقان پێناسە کراوە، لەو ڕۆژەدا ئەویندارن و خۆشەویستان بە بەخشینی گوڵی سوور و شیرینی و لای خۆشمان بە سێوی مێخەک ڕێز ئەو یادە دەکەنەوە، بەگشتی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا ڕۆژێکی بۆ دابنێین، پێویستە هەموو ڕۆژێکمان خۆشەویستی تێدابێت بۆ ئەوەی مانایەکی جوانتر بە ژیان بدات. ئێمە دەتوانین بێجگە لەو مانایەی کە پەیوەستە بە خۆشەویستی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، هاوکات بیکەین بە دەرفەتێک بۆ خۆشەویستیی خاک و نەتەوەکەمان و بۆ خۆشویستنی پێشمەرگە و هەموو ئەو کەسانەی کە بەردەوام لە خەباتدان بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان. ئێمە دەتوانین بە



سەرچاوە
Serchawe

پشتگیریکردن لەو ئامانجەی کە ئەوان خەباتی بۆدەکەن، هاوکار و پاڵپشتیان بین بۆ سەرکەوتنیان. هەروەها لەم ڕۆژەدا پێویستە بەڵێن تازە بکەینەوە بۆ خۆشەویستیمان بەرامبەر بە خاک و نیشتمان و شەهیدەکانمان. بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی خۆشەویستی بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان کە هێزی پێشمەرگە لە جەنگدایە دژی تیرۆرستان، هەندێک کەس بە بەخشینی بەشێک لە خوێنی خۆیان پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە دەکەن، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی و پیرۆزە. بۆیە هیوادارم لە ئەمساڵدا ڕۆژی خۆشەویستیی ببێتە یادێک بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و سەرکەوتنی بە سەر تیرۆریستانی دڕندە و داگیرکەرانی کوردستان، کە تا ئێستاش ناوی کوردستان وەک چەقڵی چاو ئازاریان دەدات. ئێمەی کورد دەبێ لە هەر یاد و بۆنەیەکدا خۆشەویستیمان بۆ پێشمەرگە و شەهیدان و خاکەکەمان دووبارە بکەینەوە. لە کۆتاییدا منیش وەک تاکێکی کورد بەو بۆنەوەیەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو ئاشقانی کوردستان و هەموو جیهان دەکەم. هیوادارم ئەم ڕۆژە ببێتە هەوێنی ئاشتی و خۆشەویستی لە نێوان هەموو گەلانی جیهان و کوردیش بە مافی ڕەوای خۆی بگات کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە."

ڕەجەب حاجی ڕەجەب بەرپرسی نووسینگەی ئەکادیمیای پارتی، سەبارەت بە هەمان پرسی دەڵێت: "با 2/14 بکەین بە ڕۆژی خوشەویستی لە بەرامبەر دڵسۆزی و فیداکاری برا پێشمەرگەکان. با ئەم روژە بکەین بە ڕۆژی سۆز و وەفا بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ڕۆحیان شەهیدانمان شاد بکەینەوە و خانەوادەکانیان گوڵباران بکەین و هەموومان پێکەوە دەستەگوڵی تەژی لە بۆنی خاک و نیشتمان بکەینە دیاری بۆیان و هەموومان بە جلوبەرگی شەرافەتمەندانەی پێشمەرگە بچینە بەرەکانی بەرگری و بڵێین ئێمە ئێوەمان خوش دەوێ و هەمان عاشقی ئەو ڕێباز و ئەو نیشتمانەین کە ئێوە خۆتانی بۆ فیدا دەکەن." وتیشی: "ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بەرپەرچدانەوەی ئەو خراپەکارییانەیە کە لەم دواییەدا خەڵکانێکی گێرەشێوێن بە ئامانجی تێکدانی ناو ماڵی کورد ئەنجامی دەدەن. زۆر پێویستە بۆ هەموو جیهان ئیسپاتی بکەین کە ئێمە خاوەن هەڵوێست و نیشتمان و خاک و پیشمەرگە و قوربانین و هەموومان ڕۆژی خۆشەویستی دەکەین بە ڕۆژی وڵاتپارێزی و ڕۆژی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی، دڵنیاشین کورد و کوردستان سەردەکەوێ بەم هەڵوێستە لەخۆبردووەی پێشمەرگە قارەمانەکان، هەر بژین خۆشەیستانی پێشمەرگە و ئەوانەی کە خوێنی سووری خۆیان کردە قوربانی خاکی کوردستان ڕۆحیان شاد بێ."

بارزان کەمال وەک هاووڵاتییەکی کوردی دانیشتووی هەندەران، بەمجۆرە باس لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی خۆشەویستی دەکات: یادکردنەوەی ڕۆژی ڤالانتاین لە ئەوروپا تایبەتمەندی خۆی هەیە. تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری پێشکەش بە یەکتر دەکەن، عاشقانیش گوڵی سوور دەگۆڕنەوە و یەکتر لەباوەش دەگرن. لەم ڕۆژەدا بازاڕی گوڵفرۆشتن گەرمە و تەنانەت هاوسەرانیش گوڵی سووری خۆشەویستی لە یەخەی یەکتر دەدەن. بەڵام کوردانی هەندەرانیش خوازیاری

ئەوەن نەک تەنیا لە رۆژی خۆشەویستی، بەڵکو لە هەموو رۆژەکانی ژیان خۆشەویستی خۆیان بە پێشمەرگە ببەخشن کە رەمزی زیندوومانەوەی نەتەوەکەمانن. ئێستا خەڵکی بیانییش رێز و خۆشەویستییان بۆ پێشمەرگە هەیە کە شەڕی تیرۆریستانی جیهانی دەکەن."

لە سەدەی سێیەمی زایینی ئیمپراتۆری رۆمانی کلۆدیۆسی دووەم حوکمڕانی رۆمانییەکانی دەکرد و بە هۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەخە کرد، بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکان بکەن و بە ژنهێنانەوە سەرگەرم نەبن، بەڵام ڤالانتاینی قەدیس کە رەبەنێکی گاور بوو، رووبەڕووی بڕیارەکەی ئیمپڕاتۆر بووەوە و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجامدەدا، پاش ئەوەی ئیمپڕاتۆر بەوەی زانی، بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند و لە رۆژی (١٤- ٢ - ٢٧٠)ی زایینی لەسێدارە درا. دواتر پاپا رۆژی کوژرانی (ڤالانتاین)ی کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد بە جەژنی خۆشەویستی لە قەڵەم دا.

سپۆت:

کوردانی هەندەرانیش خوازیاری ئەوەن نەک تەنیا لە رۆژی خۆشەویستی، بەڵکو لە هەموو رۆژەکانی ژیان خۆشەویستی خۆیان بە پێشمەرگە ببەخشن کە رەمزی زیندوومانەوەی نەتەوەکەمانن

هیوادارم ئەم رۆژە ببێتە هەوێنی ئاشتی و خۆشەویستی لە نێوان هەموو گەلانی جیهان و کوردیش بە مافی رەوای خۆی بگات کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە ئێستا خەڵکی بیانییش رێز و خۆشەویستییان بۆ پێشمەرگە هەیە کە شەڕی تیرۆریستانی جیهانی دەکەن رێزگرتن لە پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بەرپەرچدانەوەی ئەو خراپەکارییانەیە کە لەم دواییەدا خەڵکانێکی گێرەشێوێن بە ئامانجی تێکدانی ناوماڵی کورد ئەنجامی دەدەن

با ئەم روژە بکەین بە رۆژی سۆز و وەفا بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و رۆحیان شەهیدانمان شاد بکەینەوە و خانەوادەکانیان گوڵباران بکەین و هەموومان پێکەوە دەستەگوڵی تەڕی لە بۆنی خاک و نیشتمان بکەینە دیاری بۆیان و هەموومان بە جلوبەرگی شەرافەتمەندانەی پێشمەرگە بچینە بەرەکانی بەرگری و بڵێین ئێمە ئێوەمان خوش دەوێ و هەمان عاشقی ئەو رێباز و ئەو نیشتمانەین کە ئێوە خۆتانی بۆ فیدا دەکەن.

هیوادارم لە ئەمساڵدا رۆژی خۆشەویستیی ببێتە یادێک بۆ رێزگرتن لە پێشمەرگە و سەرکەوتنی بە سەر تیرۆریستانی دڕندە و داگیرکەرانی کوردستان، کە تا ئێستاش ناوی کوردستان وەک چەقڵی چاو ئازاریان دەدات.



سەرچاوە Serchawe

بۆ یادکردنەوەی رۆژی خۆشەویستی بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان کە هێزی پێشمەرگە لە جەنگدایە دژی تیرۆرستان، هەندێک کەس بە بەخشینی بەشێک لە خوێنی خۆیان پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە دەکەن، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی و پیرۆزە.

پێشمەرگە رۆژانە لە بەرەکانی شەڕی دژی داگیرکەران و تیرۆریستاندا گوللەباران دەکرێ و لە پێناوی پاراستنی نیشتماندا سڵ لە مەرگ ناکاتەوە، بۆیە شایانی ئەوەیە نەک تەنیا لە لایەن ئەوینداران و عاشقان، بەڵکوو لە لایەن هەموو گەلی کوردەوە گوڵباران بکرێن.

هەزاران کوڕ وکچی ئەم وڵاتە، لە پشتی سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە ئەم رۆژی ڤالانتاین لەیەکتر پیرۆز دەکەن و مانای تەواوی پێ ئەدەن، بەبێ هەستکردن بە ترس ودڵەڕاوکێ لەو دوژمنەی کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لەلا نییە و خۆشەویستی لای ئەو تیرۆریستانە کوفری گەورەیە.

لە رابردووەوە هەتا ئێستاش لە چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئێمەن و کەسانێکن کەمترین بەرژەوەندیی مادییان هەیە، ئەوەی ئەوان خۆی بە قوربان دەکەن، ماڵ و سامان نییە، بەڵکوو خۆشەویستی گەل و خاک و نیشتمانە ئێمە ناتوانین قەرزی ئەوانە بدەینەوە کە دەمانپارێزن و ژیانی ئاسوودەمان پێدەبەخشن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## لە کوردستان ڤالانتاین بە شێوازی جۆراوجۆر یاد دەکرێتەوە



ڕۆژی ١٤ی شوبات کە بە ڕۆژی ڤالانتاین یان خۆشەویستی ناسراوە، عاشقان بە بەخشینی دیاری و بەسەربردنی کاتی ڕۆمانسی لەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا یادی دەکەنەوە، ئەمساڵیش لە کوردستان ئەم ڕۆژە زۆر بە گەورەیی یادی دەکرێتەوە و دەیان ئامادەکاریی بۆ کراوە، بازاڕەکانی گوڵفرۆشی و کافتریاکانیش گەرمتر بوون.

بە هێنانی گوڵی سوور و دیارییە تایبەتەکانی ئەم ڕۆژە، بازاڕەکانی هەرێم گەرمتر بووە و ڕەنگی سووری بۆ عاشقان پۆشیوە، کافتریاکانیش بۆنە و ئاهەنگی جۆراوجۆریان تایبەت بەو ڕۆژە ئامادە کردووە و سبەی سازی دەکەن.

محەمەد یوسف یەکێک لە گوڵفرۆشەکانی هەولێرە، لەمبارەیەوە بە "وشە"ی گوت: بۆ ئەم ڤالانتاینە ٤٠ هەزار گوڵی سروشتیم ئامادە کردووە، پێشبینیش دەکەم هەمووی بفرۆشم. ئێستە لە جاران زیاتر کچان و کوڕان گرنگی بەم ڕۆژە دەدەن و دیاری دەکڕن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی سەرنجمان دابێت، کچان زیاتر چەپکە گوڵی گەورە دەکڕن و پارەی زۆرتری پێ دەدەن.

زیاتر گوتی: گوڵەکانمان هۆڵەندین و جۆراوجۆرن، هەیە بۆ یەک ڕۆژ دەمێنێتەوە و هەشە تا حەوت ساڵ بەرگە دەگرێت. ئەرکی ئێمە ئەوەیە بە جوانترین شێوە و ستایلی نوێ گوڵەکان بڕازێنینەوە، تا دڵی کڕیارانی پێ ڕازی بکەین.

لەناو کچان و کوڕاندا بە شێوازی جۆراوجۆر قسە لەسەر ئەم ڕۆژە دەکرێت، هەندێک بە گرنگ و هەندێکیش بە بۆنەیەکی زیادەی دادەنێن، لەمبارەیەوە "وشە" لێدوانی لە چەند گەنجێک وەرگرت و ڕاو بۆچوونی خۆیان بەم شێوەیە خستە ڕوو.

ڕۆژە کچێکی ٣٠ ساڵە، ماوەی چوار ساڵە لە پێوەندی خۆشەویستیدایە، پێی وایە خۆشەویستی لە هەموو ڕۆژ و ساتێک بوونی هەیە، بەڵام دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت کە بۆ نوێکردنەوەی ئەو خۆشەویستییەیە، بە گرنگی دەزانێت و حەز دەکات یادی بکاتەوە.

گوتی: خۆشەویستەکەم لە ماوەی ئەم چوار ساڵە گوڵی زۆری بۆ هێناوم، هەموویانم هەڵگرتووە، بەڵام ئەوانەی لە ڤالانتاین بۆی هێناوم، زۆر تایبەتن لەلام و بە باشی هەڵمگرتوون، چونکە هەمیشە لایژن یادکردنەوەی ئەو ڕۆژانە گرنگە و حەز دەکەن گرنگییان پێ بدرێت.

ئازاد ڕەحمان ماوەی ساڵێکە هاوسەرگیری کردووە، پێشتریش پێوەندیی خۆشەویستی لە نێوان خۆی و هاوسەرەکەیدا هەبووە، بەردەوام یادی ڤالانتاینیان کردووەتەوە و بە ڕۆژێکی گرنگی دەزانێت. گوتی: حەفتەیەکە ئامادەکاریم بۆ ڤالانتاین کردووە، ئەمساڵیش بە چەپکێ گوڵ و کراسێکی سوور پیرۆزبایی لە هاوسەرەکەم دەکەم، شوێنی تایبەتیشم بۆ خوانی ئێوارە گرتووە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک هەر شتێکی تر، ڕۆژی ڤالانتاینی بەهەند وەرگرتووە و بووەتە جێی باسی هاوولاتییان، بۆیە ڕەوەندی ٢٢ ساڵ کە لە پێوەندی خۆشەویستیدایە گوتی: ناچارم دیاریی بۆ خۆشەویستەکەم ببەم، دەنا لە سناپچات و تۆڕەکانی تر وێنەی گوڵی هاوڕێکانی ببینێت و من هیچی بۆ نەبەم، لێم زویر دەبێت و بە کەمتەرخەم لە ئاست خۆشەویستییەکەمان دەبینێت.

لە باشووری کوردستان چوار کۆمپانیای گەورە و زیاتر لە ١١ سەرمایەدار گوڵ هاوردە دەکەن، بەشێک لە گوڵی ڕۆز لە وڵاتانی ئیسپانیا، هۆڵەندا، ئێکوادۆر، ئێران و سریلانکاوە هاوردە کراون. تەنیا یەک بازرگان لە هەولێر نزیکەی ٥٠٠ هەزار گوڵی ڕۆز و چەند جۆرێکی تری گوڵی بۆ ڕۆژی ڤالانتاین هێناوە، هەندێکیشیانی بۆ دەرەوەی عێراق هەناردە کردووە.

ئیڤان عەبدولڕەحمان

ڕێناس شابان

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## ڤالانتاین چییە و لە کوردستان چۆن دەگوزەرێ؟



١٤ی شوباتی هەموو ساڵێک کە دەکاتە ئەمڕۆ سێشەممە، رۆژی ڤالانتاین یان رۆژی خۆشەویستانە و لە سەرانسەری جیهان عاشقان و ئەو کوڕ و کچانەی یەکیان خۆشدەوێت، یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە و وەکو رۆژێکی تایبەت رێزی لێدەگرن.

لەم رۆژەدا زۆر کەس لەگەڵ خۆشەویستەکانیان جەژن دەگێڕن، گوڵی سوور، پۆستکارت یان نامەی عاشقانە بۆ یەک دەنێرن، یاخود بە بەسەربردنی کاتێکی رۆمانسی لەگەڵ خۆشەویستەکانیان، گوزارشت لە خۆشەویستی و دڵگەرمییان بۆ کەپلەکانیان یان هاوژینەکانیان دەکەن.

لە باشووری کوردستان سەرەڕای شەڕی داعش و قەیرانی دارایی خەڵک پێشوازییەکی گەرم لەو رۆژە دەکەن، هەرچەندە بەهۆی کولتووری کۆمەڵگەی کوردی، بەراورد بە وڵاتانی دیکە کوڕ و کچان ناتوانن بە ئازادی گوڵی سوور پێشکەش بە یەک بکەن و لەو رۆژەدا ژوان ببەستن، لە زۆر ناوچەشدا تاوەکو ئێستا بە عەیبە و بڤە دادەنرێت، مامۆستایانی ئایینی و بەشێک لە خەڵکیش بە حەرامی دەزانن.

### لە سلێمانی بە چالاکی جۆراوجۆر پێشوازی لە ڤالانتاین دەکرێت

لە شاری سلێمانی کە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستانە، هاوشێوەی ساڵانی رابردوو بەتایبەت لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە چالاکی جۆراوجۆر پێشوازی لەو رۆژە کرا، لە کافتریا و هۆڵی بۆنەکانیش لە ئێوارەوە تاوەکو درەنگانی شەو چەند ئاهەنگێک سازدەکرێن.



سەرچاوە Serchawe

سامان بەشارەتی، پەیامنێری رووداو رایگەیاند، گرووپێکی کچانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی، وەک گوزارشتکردن لە خۆشەویستییان بۆ مامۆستاکانیان، لەژێر ناونیشانی "هەمیشتە یەکترمان خۆش بوویت" 150 گوڵی سووری سرووشتییان پێشکەشک کردوون.

## لە دهۆک ١٨ ئاهەنگ سازدەکرێن

لە شاری دهۆک بەپێچەوانەی دوو ساڵی رابردوو، ئەمساڵ خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لەو رۆژە کرد و لەنێو شەقام و شوێنە گشتییەکان سیمای ڤالانتاین بە شارەوە دیارە. پێشەوا پەهلەوی، پەیامنێری رووداو رایگەیاند، لەنێو دهۆک بە بەشداری هونەرمەند و گۆرانیبێژان ١٥ ئاهەنگ لە شوێنە جیاجیاکان و، سێ ئاهەنگیش لەنێو کەمپی ئاوارەکان سازدەکرێن، لەنێو زانکۆ و پەیمانگاکان و کافتریاکانیش چالاکی جۆراروجۆر ئەنجام دەدرێن.

## لە هەولێر و کەرکووک گوڵی سوور بەرناکەوێ

لە شارەکانی هەولێر و کەرکووک و ناوچەکانی دیکەش بە چالاکی جۆراروجۆر پێشوازی لە ڤالانتاین کرا. هەردی محەممەد، پەیامنێری رووداو لە یەکێک لە گوڵفرۆشەکانی شاری کەرکووک رایگەیاند، بازاڕی گوڵفرۆشان زۆر گەرمبووە و، بەتایبەت چڵە گوڵی سوور بەرناکەون.

ڤالانتاین بەوە ناسراوە "جەژنێکی بە پیشەسازی کراوە" و خاوەنی کۆمپانیاکانی دروستکردنی دیاریی تایبەت بەو رۆژە، زۆرترین قازانجی ماددی تێدا دەکەن، لە هەندێک لە گوڵفرۆشەکانی هەولێر و کەرکووکیش لە شەوی رابردووەوە فشار لەسەر گوڵفرۆشەکان دروستبووە و لە هەندێ شوێن نۆرە بۆ کڕینی گوڵی سوور بەسترابوو.

## پێشمەرگە پەیامی خۆشەویستی بۆ کەسوکاریان دەنێرن

رەنجە جەمال، پەیامنێری رووداو، لە رۆژی ڤالانتاین سەردانی هێزێکی پێشمەرگەی کرد لە میحوەری مەخموور، رەنجە لەنێو هێزی پشتیوانی یەک رایگەیاند، پێشمەرگەکان بەسەر دوو بەرە دابەشبوونە، بەشێکیان باوەڕیان بە رۆژەکە هەیە و پەیامی خۆشەویستی بۆ دایک و باوک، هاوژین و خۆشەویست، خوشک و براکانیان دەنێرن، بەشێکیشان باوەڕیان پێی نییە.

پێشمەرگە بەوە ناسراون خۆشەویستییەکی بێسنووریان بۆ خاک و وڵات و ئاڵای کوردستان هەیە، یەکێک لە پێشمەرگەکان

بە رووداوی گوت "ئێمە لەجیاتی گوڵی سوور خوێنی خۆمان پێشکەشی خاک دەکەین و خەڵکی کوردستان بە سەرجەم دەنگ و رەنگ و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان دەپارێزین".

## مێژووی ڤالانتاین

مێژووی ئەم جەژنی خۆشەویستییە دەگەڕێتەوە بۆ ١٧ چاخ لەمەوبەر و بە یەکێک لە جەژنی رۆمانەکان دادەنرێت. زیاد لە (١٧) چاخ لەمەوپێش ئەو کاتەی کە بتپەرستی لای رۆمانەکان باوبووە، ئەو جەژنەیان گێڕاوە و گوزارشت بووە لە چەمکی بتپەرستی رۆمانییەکان بۆ خۆشەویستی خودایی. ئەم بۆنە بتپەرستییەش چەندین ئەفسانە و خورافیاتی لەپشتەوەیە، کە لای رۆمانەکان و دواتریش لای کریستیانەکان و بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی وڵاتانی جیهان هەر بەردەوام بووە.

پاش بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و هاتنی رۆمانەکان بۆ نێو ئایینی مەسیحییەت، رۆمانەکان بەردەوام بوون لە سەر ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی جەژنی خۆشەویستییەوە، بەڵام لە چەمکە بتپەرستییەکەی خۆیان، کە خۆشەویستی ئیلاهی بووە، بۆ چەمکێکی دیکە گواستوویانەتەوە و بە گەواهیدەرانی خۆشەویستی گوزارشتیان لێدەکرد.

## ڤالانتاین لەسێدارە دراوە

لەو ساتەدا و لە سەدەی (٣)ی زایینیدا ئیمپراتۆری رۆمانی کلۆدیۆسی دووەم حوکمڕانی رۆمانییەکانی دەکرد و بەهۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەخە کرد بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکان بکەن و بە ژنهێنانەوە سەرگەرم نەبن، بەڵام ڤالانتاینی قەدیس کە رەبەنێکی گاور بووە، دژی بڕیارەکەی ئیمپراتۆر وەستاوەتەوە و ژێربەژێر و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجامداوە.

دوای ئەوەی ئیمپراتۆر بەوەی زانیوە، دەستگیری کردووە و زیندانی کردووە، پاشان بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە و لە رۆژی (١٤ - ٢ - ٢٧٠)ی زایینی لەسێدارە دراوە، دواتر پاپا رۆژی کوژرانی (ڤالانتاین)ی قەدیس، کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد، بە جەژنی خۆشەویستی لەقەڵەمدا.

لەوکاتەوە عیشقی ئیلاهی بووە عیشقی مرۆڤ، ڤالانتاین بووە رەمزی عیشقێکی مرۆڤدۆستانە، لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەمین دابەزی و، عیشق رەهەندی ستوونی نەما و رەهەندی ئاسۆیی مرۆڤدۆستانەی وەرگرت.



سەرچاوە Serchawe

## بۆچی لە ئیتاڵیا قەدەخەکرا؟

لە ساڵی ٣٥٠ی زایینی لە ڕۆما، بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی ناوی (ڤالانتاین) و یادکردنەوەی، لەو شوێنەی کە تێیدا لەسێدارەدرا، کەنیسەیەک دروست کرا، دواتر پیاوانی ئایینی مەسیحی دژی ئەم دیاردەیە وەستانەوە و بە شێوێنەری ڕەوشتی کچ و کوڕانی لاویان لەقەڵەمدا، لەنێو خودی ئیتاڵیادا کە پێی بەنێوبانگ بوو، ئەم جەژنە هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام لە سەدەی (١٨ و ١٩)ی زایینیدا دووبارە زیندووکرایەوە.

## چۆنیەتی هاتنی ڤالانتاین بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان

ئەم دیاردەیە تەنها وڵاتانی ڕۆژئاوای نەگرتەوە، بەڵکو تەشەنەی سەند و پەلی هاویشتە نێو وڵاتانی ئیسلامیشەوە، کچان و کوڕانی موسڵمانیش گیرۆدەی ئەو داوە بوون و بوونە چاولێکەر و ئێستا هەموو ساڵێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی مانا و ڕەهەندە ئایینی و مێژووییەکەی، هاوکات لەگەڵ کریستیانەکانی جیهان جەژنی ڤالانتاین دەگێڕن.

ساڵانە ئەم جەژنە لە هەر وڵاتەو بە جۆرێک ئەنجام دەدرێت، هەریەکەیان بە شێوازی نەریتی خۆیان ئەم کارە ئەنجام دەدەن، ساڵانەش لە ڤاتیکان هەزاران کوڕ و کچی عاشق ناوی خۆیان دەنووسن بۆ ئەوەی ڕۆژی ١٤ - ٢ لەگەڵ پاپا بەسەربەرن، پاپاش لە گۆڕەپانی بەتریسی پیرۆز گوتاریان بۆ دەدات و باسی ژیانی داهاتوویان بۆ دەکات.

## فتوای داعش لەبارەی ڤالانتاین

ڕێکخراوی داعش قورسترین سزای بۆ ئەو کەسانە دیاریکردووە یادی ڕۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) دەکەنەوە. هەروەها پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگی سوور، یان هەر ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕۆژە لە سنووری دەسەڵاتی داعشدا قەدەخە کراون.

ساڵی ڕابردوو دادوەری شەرعی داعش لە موسڵ سەبارەت بە یادکردنەوەی ڤالانتاین بریاری دا هەرکەسێک ئەو یادە بکاتەوە، لەسێدارە بدرێت، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەو جۆرە یادکردنەوانە حەرامن.

سەرچاوە ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## چیرۆکی ڤالانتاین چییە؟ و چەند زانیارییەکی گرنگ لە بارەی ڕۆژەکەوە



### ماڵپەڕی خەڵک

ڕۆژی ڤالانتاین یان ڕۆژی خۆشەویستی بریتیە لە ڕۆژی ١٤ی فێبریە (٢٥ی ڕێبەندان). لەم ڕۆژە دا ئەویندارران خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن وە ئەم دەربڕینەش بە شێوەی پێدان یان ناردنی کارتی ڤالانتاین، گوڵ یان نوقڵ و شیرینی بۆ ئەو کەسەیە کە خۆشیان دەوێت. ئەگەرچی ڤالانتاین جەژنێکی ڕۆژئاواییە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان جەژن دەگێڕدرێت.
لە وڵاتی عەرەبستان فرۆشتنی هەر شتێکی پەیوەندیدار بە ڤالانتاین لەم ڕۆژە دا قەدەغەیە و پۆلیسی مەزهەبی ئەم وڵاتە پێش بە فرۆشتنی هەر دیارییەی ئەوینداری وەکوو گوڵی سوور دەگرێت.

سەبارەت بە ڤالانتاین و سەرچاوەی ئەو ڕۆژە چەند بۆچوونی جیاواز هەیە و وای لێهاتوو کە تا ڕادەیەک تێکەڵی ئەفسانە بووە، بەڵام یەکێک لە بۆچەنەکانی ڤالانتاین ئەوەیە:

لە سەدەکانی سێهەمی زایینی لە ڕۆمی باستاندا، سەرکردەیەک هەبوو بەناوی کلۆدیۆسی دووهەم. کلۆدیۆس هەندێک باوەڕی سەیری هەبوو، بۆ وێنە پێی وابوو ئەو سەربازانەی کە سەڵتن باشتر و بەهێزترن لەو سەربازانەی کە ژن و منداڵیان هەیە، بۆیە بڕیارێکی دا دەرێ کە سەربازەکانی ئیمپڕاتوری ڕۆم نابێ ژن بخوازن و دەبێ سەڵت و ڕەبەن بن.

کلۆدیۆس زۆر بێ ڕەحم بوو و هەر بڕیارێک کە دەری کردبا لێی پاش گەز نەدەبوو و دەبوایە جێبەجێ بکرێ، بۆیە هیچ کەس نەیدەوێرا یارمەتی ئەو سەربازانە بدا کە دەیان دەویست ژن بخوازن.

بەڵام قەشەیەک بە نـاوی ڤالانتاین(ڤـالێنتەنیوس) بە دزی سەربازە ڕۆمییەکـانی لەگەڵ کچە خۆشەویستەکانیان لێک مـارە دەکرد و بە مرادی دەگەیاندن.

کلۆدیۆس ئاگـاداری ئەو بـابەتە بـوو و بڕیـاری زینـدانی کردنی ڤالانتـاین دەرکـرد. ڤالانتـاین لە نـاو زیندانـدا ئاشقی کچی زیندانبانەکە بوو، بەو جۆرەی کە لە ئەفسـانەکاندا هـاتووە ڤالێنتـاین نـامەی بـۆ ئەو کچە دەنـارد و لە سەری دەنوسی لە لایەن ڤالێنتـاینی تـۆ (From Your Valentine). لە ئاکامـدا قەشـە بە تـاوانی لێـک مـارەکردنی ئەو ئاشـقانە بە پـێچەوانەی یاسـاکانی کلۆدیوسـی دووهەم لە سێدارە درا هەر بـۆیە وەکـوو شـەهیدی ڕێـگەی عەشـقی دەنـاسـن و لەو ڕۆژەوە ڤالانتـاین وەکـوو هێمـایەکی عەشق و خۆشەویسـتی پێنـاسە دەکـرێ و هەمـوو سـاڵی لە ڕۆژی ١٤ی فێبـریە (٢٥ی ڕێبەنـدان) عاشقان پیرۆزبایی بە یەک دەڵێن.

زۆرتـرین دیارییەکـانی ئەو ڕۆژە بـریتین لە: لقێـک گـوڵی سـور یـا دەسـتە گـوڵێکی بچـووک، چوکـۆلات، کـارتی پیرۆزبـایی ڤالێنتاین، بووکە شووشە، شەم، نامەیەکی دڵداری، چەند دێڕ شێعری دڵداری و...هتد.

ڕەنگەکانی ئەو ڕۆژە بریتین لە: سوور، سپی و پەمەیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک نێت - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# ڤالانتاین و رۆژی خۆشەویستی



**بەدرخان کۆڤان**

**هیچ شتێک نییە جگە لە خۆشەویستی کەوامان لێبکات ژیانمان ببەخشینە ئەوەی کە خۆشمان دەوێت...**

(تۆڵستۆ)..

لە بارەی ١٤ - ٢ رۆژی ڤالانتاین زۆرشت گوتراوە. دەڵێن کوڕو کچێکی عاشق کە یەکێکیان قەشە ڤالانتاین دەبێت دوای ئەوەی دەزانێت بە یەک ناگەن و کەسانێک رێگرن لە بەردەم عەشقەکەیاندا دەچنە سەر یەکێک لە شاخە کانی ئیتاڵیا بریار دەدەن خۆیان فرێدەنە خوارەوە، مشتوومڕێکی زۆر دەکەن کامیان پێشتر خۆی فرێ بداتە خوارەوە، کەبە خواست و ویستی خۆیان بووە، دواتر قەشە ڤالانتاین دەڵێت دەبێ خۆم پێشتر فرێبدەم چونکە نامەوێت تۆ پیش من بمریت. بەڵام دوای مردنی کورەکە، کچەکە لە بەڵێنی خۆی پەشیمان دەبێتەوە دۆستێکی تر دەگرێت، لەوە بە دواوە ڤالانتاین دەبێتە رەمزی وەفاو خۆشەویستی بۆ هەمووجیهان... ئاسان نییە بە چەند وشەیەک بتوانین مانەو چەمکی خۆشەویستی شرۆڤەبکەین هەموو مرۆڤێک خاوەن سۆزو خۆشەویستییە، شرۆڤە کاران پێیان وایە خۆشەویستی لە سەرەتاوە وەک زریان بە هێزەو لە وزەیەکی زۆرەوە دەست پێدەکات و لە پاشان وردە وردە بە تێپەربوونی رۆژگارو ساڵەکان خاو دەبێتەوە و ئەو سۆزەو هەڵچووەی لە ساتە کانی یەکەم دا هەیبووە خاودەبێتەوە، هەموو ئەوینێکی گردار و هەموو خۆشەویستییەکی سۆزبەخش کە دەگاتە ئەنجامێکی چاک یاخود دوامەنزڵی خۆی ئیدی دادەمرکێتەوە و خامۆش دەبێت، ئەمە سونەتی ژیانەو سرووشتی شتەکان بەو جۆرە یە لە یەک ئاست و یەک شیوەدا نامینێتەوە. رستەیەک هەیە و دەڵێت (خۆشەویستی بەخشینە نەک وەرگرتن) مرۆڤی خاوەن سۆز بەخش. دەبێت لە ناخیەوە خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی دەربخات و بیبەخشێ، خۆشەویستی

نێوان دووعاشقی هەودار بە یەکتر گەر هەستی تیروانین و رازەکان بۆ یەکتر شرۆڤە نەکەن دا هاتوێکی باشی نابێت، خۆشەویستی هەڵقوڵاوی راهێنی دڵە چۆنیەتی و دەرخستنی هونەرو کارایی دەوێت کە تیایدا سەرکەوتوویێت. خۆشەویستی کارەسات دەخولقێنی گەر نەتواندرێت هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکرێت. هیچ کردارێک بێ خۆشەویستی سوود بەخش نابێت... ئەریک فرۆم لە بارەی خۆشەویتییەوە دەڵێت (ئەگەر تاکە کەسێکم خۆشبوێت خۆشەویستێکی راستە قینەیە، ئەوا هەمووکەسانی ترم خۆشدەوێت جیهانم خۆش دەوێت ژیانم خۆش دەوێت سروشتم خۆش دەوێت، ئەگەر بتوانم بە کەسەک بڵێم تۆم خۆشدەوێت) هەودارانی عاشق وەرن با لەو رۆژە چی رق و کینەمانە لە بیر خۆمان بەرینەوە و باوەشی گەرم بۆ یەکتر بکەینەوەو یەکتر لە ئامیز بگرین با هەموومان لەو رۆژە بخزێینە قووڵای هونەری فەلسەفەو خۆشەویستی با فێری وانەی خۆشەویستی بین با رۆژە سەختەکان بە خۆشەویستی وسۆزداری بۆ یەکتربەرێبکەین، ... وەرن چی رووی ناشرینە بالەو رۆژە بە ماسک مەکیاژ رووپۆش بکەین گوڵی سوور بکەینە دیاری... وەرن با لەم رۆژە وە خوانی ژوان بۆ یەکتر راخەین پێکی شەراب بدەین لە یەک. خۆتان بخەنە بەررێژنە بارانی ژوان تاکو جەستەکەتان تەڕ دەکاتەوە لە ئەوین... وەرن عەشق ڕەها کەن بۆ چەند ساتێک ژیان لێوان لێو کەن لە جوانی لێوەکانی یەکتر ماچ بکەن باوەش بە یەکتربنێن فتوا و نەریت بکوژن. گەر هەر تەنها ساتێکیش بێت خۆتان بۆ عەشق و ژوان بدزنەوە هەتاکەی لەم وڵاتە نەریت لە گەڵتان بژێت وەرن با برژێنە نێو دنیای شیعری تەڕو پاراو و رۆمانسییەت ئاویزانی عەشقە و ژوان ببینەوە دیسان تێی هەڵچینەوە وەرن با رابردەی پڕ لە تریاژیدیا لە بیر خۆمان بەرینەوە، لەوێوە لە گەڵ نەرمەی دەنگی میوزیک و ترازان لە ئازاری ژیان وباوەشی گەرمی خۆشەویستەکەمان ئاویزان بین. بۆئەوەی لەم ساتەوە پێی بڵێن... لە بیابانە-هاژەی چەم و-لە نەهاتە هەڵمی نان و-لە غوربەتا داڵدەو پەنای - کلیلداری بە هەشتی تۆی تۆ نەک نیوە هەموو دنیای... شاعیری عەشق وجوانی مام (هێمن) دەمێکە وتویەتی... خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تار... خۆزگە تاوێ رام نە بواردیایە بێ یار... خۆزگە پیری کەلەلای نەدەکردم... خۆزگە لە یەکەم ژوانگە دەمردم...

هاورێیانی حەوداڵی عەشق و سیحری جوانی بۆ رۆشنایی دڵی زامدرتان و ڕابردووی تەمەنی بە هەدەرچووتان گوڵی سوور بە یەکتر ببخشن مۆمی عەشق داگیرسێنن لە وڵاتک کە عەشق تیا یدا نامۆ وغەوارەیە..

سەرچاوە: ماڵپەڕی راچڵەکین - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# رۆژی خۆشەویستیی




**بەختیار عەلی**

بۆچوون و گێرانەوەكان زۆرن كە باس لە رۆژی "ڤالانتاین" دەكەن، بەڵام ئەوەی لە هەموویان بەهێزترە، ئەو چیرۆكەیە كە باس دەكات،

لە كۆتایی سەدەی سێیەمی زایینی لە سەردەمی حكومرانی رۆمانەكان و فەرمانرەوا پادشا "كلادیۆسی دووەم"، كاتێک سەرەنجیدا زۆربەی ئەو كەسانەی هاوسەریان هەیە رەتیدەكەنەوە بەشداری لە شەڕدا بكەن، بۆیە فەرمانیدا بە قەدەغەكردنی پێكهێنانی ژیانی هاوسەری بە هەموو شێوەیەک، ئەم فەرمانە لە نێوەندەكەدا ناڕەزایەتی زۆری لێكەوتەوە، لە نێویشیاندا قەشە "ساینت ڤالانتاین" لە كەنیسەی كاسۆلیكی، بڕیاریدا بەشێوەیەكی نهێنی بەردەوام بێت لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هاوسەرگیری.

بەڵام دوای ئەوەی كارەكەی ئاشكرا بوو، ئیمپراتۆر مەرجێكی دانا تاوەكو لێی خۆشبێت ئەویش داوای لێكرد واز لە ئایینی مەسیحی بێنێت لەبەرامبەردا بتەكانی رۆمان بپەرستێت، بەڵام قەشە "ڤالانتاین" بەتوندی داواكەی ئیمپراتۆری رەتیكردەوەو سوربوو لەسەر پەرستنی ئایینەكەی خۆی.

لە رۆژی ١٤ی فێبرایەری ساڵی ٢٧٠ فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، تا لە ساڵی ١٨٣٦ "بەتریک گانو" رێگەی دا تەرمی قەشە ڤالانتاین بۆ كەنیسەی "كارمالایت" لە شەقامی "وایتفرایەر" لە "دبلن"ی ئێرلەندا بگوازرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی زۆر رای جیاواز لەسەر ئەم رۆژە لە کەنیسەکانی کاسۆلیک دا هەن، هەندێکیان دەڵێن ئەم رۆژە تایبەت بووە بە رێزلێنان لە شەهیدانی شەڕ هیچ پەیوەندیەکی مێژووی نێوان ڤالانتاین و رۆژی خۆشەویستی نەبووە، بۆیە ساڵی ١٩٦٩ کەنیسە لە رۆژمێریدا رۆژی ئەو قەشەیەی رەتکردۆتەوە.

هەر بۆیە ئەو رۆژە بۆتە رۆژی خۆشەویستی و ئاهەنگ دەگێردرێت و یادی رۆحیەتی بەرگریانەی ئەو قەشەیە دەکەنەوە کە لە مافەکانی گەنج کردوویەتی لە هاوسەرگیری و خۆشەویستیدا، هەروەها لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان رۆژی ڤالانتاین بە دووەم جەژن دادەنرێت لە دوای جەژنی سەری ساڵی نوێ.

شێوازی ناردنی نامەکانی خۆشەویستی ئەندێشەیی لە رۆژی ڤالانتایندا لە سەردەمەکانی ناوەڕاست بڵاوبۆوە، کە لەنێوان خۆشەویستان ئاڵوگۆڕ دەکران. تاوەکو سەردەمی نۆزدەیەم ئەو نامانە هەر بە دەست دەنوسران، بەڵام لە سەردەمی نوێدا شێوازەکەی فراوانبوو گۆڕا بۆ کارت و دیاری تایبەت بەو رۆژە لەنێوان خۆشەویستان بۆ سەرجەم جیهان ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەپێی زۆرێک لە ئامارەکان زۆربەی ئافرەتان دیارییەکان دەکڕن.

ئەوەی زانراویشە بۆ یەکەمجار کە پەیوەندی ڤالانتاین لەگەڵ خۆشەویستی رۆمانسیەت دەرکەوتووە لە کاری ئەدەبیدا بووە، ئەویش لەساڵی ١٣٨٣ لە شعری "جیۆفری چوسەر" کاتێک بۆ رێزلێنان لە پادشا "ریچاردی دووەم" پاشای ئینگلتەرا لە جەژنی یەکەمی نیشانەیدا گووتوویەتی: "ئەوەتا لە جەژنی قەشە ڤالانتاین هەموو باڵندەیەک خۆشەویستێک بۆخۆی هەڵدەبژێرێت".

هەروەها بەرزترین و باشترین شعریش لە مێژووی رۆژی ڤالانتاین شعری پادشا (چارڵز)ـە فەرمانڕەوای "ئەورلیانز" کە لە ساڵی ١٤١٠ بۆ هاوسەرەکەی نوسیویەتی، کاتێک لە شەڕی "ئەجینکۆرت" لە تاوەری "لەندەن" گەمارۆدرابوو.

چەند رووداوێکی دیکە کە هاوکات بوون لەگەڵ رۆژی ڤالانتاین، لەساڵی ١٣٤٩ لە رۆژی ڤالانتایندا لە شاری "ستراسبرج" چەند کەسێکی ئاژاوەچی مەسیحی نزیکەی ٢٠٠٠ یەهودیان سوتان.

هەووەها ڤالانتاین خۆی خزاندۆتە نێو پاساشەوە، کاتێک لە ساڵی ١٤٠٠ لە "پاریس" دادگای باڵای خۆشەویستی لە رۆژی ڤالانتاین کرایەوە ئەو دادگایە تایبەت بوو بە کاروبارەکانی خۆشەویستی لەوانە بەڵێننامەی خۆشەویستی، ناپاکی خۆشەویستی و توندوتیژی دژی خانمان.

ڤالانتاین لە زۆربەی کارەکانی ناوداره جیهانیەکان رەنگیداوەتەوە، لەوانە شاکارەکانی "شکسپیر" کە بە بۆنەی رۆژی جەژنی ڤالانتاین شانۆیەکی بە ناوی "هاملێت" نوسیوە.

دەوڵەمەندان و سەرمایەدارانیش سودیان لەم رۆژە وەرگرتووە، لەسەردەمی داگیرکردنی ئەمەریکا لە سەدەی نۆزدەیەم کاتێک گەنجێکی زۆر رژانە سەر شەقامەکان بە بۆنەی ڤالانتاینەوە، بۆیە خاوەن سەرمایەکان بیریان لە دروستکردنی کارت و دیاری رەنگ سوور کردەوە، کە هێمای خۆشەویستیە دواتر رەوانەی ئەوروپا و ژاپۆن و سەرجەم جیهانیان کرد.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٣ی فیبریوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڤالانتاین.. رۆژی نوێبوونەوەی عەشق و ژیان



**ئامادەکردنی: کاشان و ژیمان**

رێکەوتی ١٤ - ٢ی هەموو ساڵێک بە رۆژی خۆشەویستی ناسراوە، بە جۆرێک کە جیهان بە رەنگی سوور رووپۆش دەکرێت، ئەو رۆژە دەبێتە رۆژی نوێبوونەوەی عەشق و ژیان.

خۆشەویستی سنوورو رەنگ و دینە جیاوازەکان دەبەزێنێت و لە دڵی عاشق و مەعشوقدا خۆی دەبینێتەوە.

میللەتی کوردیش خاوەنی دەیان چیرۆک و داستانی خۆشەویستییە، بێبەش نییە لە رۆژی خۆشەویستی، وەکو نەریتی کۆنی کوردیش لە هەندێک ناوچەو شوێندا لەو رۆژەدا عاشقان سێوی مێخەکرێژ دەکەنە دیاری بۆ یەکتری، کە ئەو سێوە وەکو دەڵێن بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ تەمەنی دەبێت وەکو هێمایەک بۆ مانەوەی خۆشەویستییەکەیان.

هونەرمەندان و نووسەران و شاعیرانی کوردیش سەرەڕای ئاوازو دێڕە عاشقانەکانیان، لەم رۆژەدا چەندین پەیڤی عاشقانە پێشکەش بە هەوادارانیان دەکەن.. لەو چوارچێوەیەشدا (سایتی خاک) لەم راپۆرتەیدا کە تایبەتە بە رۆژی ڤالانتاین خامەی نووسەران و هونەرمەندان کۆدەکاتەوەو وتەو پەیڤە عاشقانەکانیان بڵاودەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی چەند شیعرێک بڵاودەکاتەوە کە بۆ یەکەمجارە لە رێگەی سایتی خاکەوە بڵاوی دەکەنەوە.

## خۆشەویستی تەنها بۆ رەگەزی بەرامبەر نیە

لەبارەی خۆشەویستییەوە، هونەرمەندی پەیکەرتاش زاهیر سدیق کە ئازادی و خۆشەویستی تێهەڵکێشی یەکدی کردووەو لە جێژوانی عاشقانی سلێمانیدا پەیکەرێکی بۆ خۆشەویستی نەخشاندووە، بە مانایەکی فراوان پێناسەی خۆشەویستی دەکات و بۆ سایتی خاک وتی: خۆشەویستی تەنها ناگەڕێتەوە بۆ دوو کەس لە هەردوو رەگەز، بەڵکو خۆشەویستی بە مانا راستەقینەکەی مەودایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێت. وەکو خاک، دایک، نیشتمان...

## سیمبولێک بۆ خۆشەویستی

ئەو هونەرمەندە باس لە بیرۆکەی پەیکەری خۆشەویستی دەکات و دەڵێت: ساڵانێک پێش ئێستا بیرم کردەوە سیمبولێک بۆ ئەو رۆژە بکەین، ئەویش پەیکەری خۆشەویستی بوو کە دروستم کرد، جگەلەوەی مەبەستیشم بوو ئەو پەیکەرە لە شوێنێک دابنێم گونجاو بێت و شایەنی گەورەیی خۆشەویستی بێت. هەربۆیە لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی دامنا، بەوپێیەی ئەو پارکە ناسنامەیەکی تایبەتی هەیە، لەو رێگەیەوە وشەی ئازادی و خۆشەویستیم تێهەڵکێشی یەکتر کرد.. کە بەداخەوە سەرەتا بەهۆی رووداوێکی نادیارەوە سوتێنرا، بەڵام بۆ جارێکی ترو لە ماددەی پلێت لەهەمان شوێن دروستم کردەوە. سوپاسی دادە هێرۆش دەکەم کە هاوکاری تەواوی کردم بۆ دروستکردنەوەی ئەو پەیکەرە کە ئێستا وەکو سیمبولی خۆشەویستی دادەنرێت. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە مەبەستم نیە تەنها سیمبولی خۆشەویستی بێت بۆ شاری سلێمانی، بەڵکو سیمبولی خۆشەویستی بێت بۆ هەموو کوردستان. خۆشحاڵیشم کە توانیومە بۆ یەکەمجار سیمبولی خۆشەویستی دروستبکەم. هەموو ساڵێکیش لەو رۆژەدا ئەو سیمبولە پێشکەش بە عاشقانی کورد دەکەمەوە، بەوهیوایەی هەمیشە بیروبۆچوونی خۆشەویستی زاڵبێت بەسەر دیدی شەڕانگێزی و ئایدیای تاریکپەرستان.

## خۆشەویستی پێویستە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا هەبێت

هەر سەبارەت بە رۆژی خۆشەویستی، ژنە نووسەرو رۆژنامەنووس تابان گەرمیانی لەگەڵ ئەوەدا نیە خۆشەویستی رۆژێکی بۆ دیاری بکرێت و پێیوایە گرنگە هەموو چرکەکانی تەمەن خۆشەویستی بێت. هەروەک لە لێدوانێکدا بۆ سایتی خاک دەڵێت: من بۆ خۆم لەگەڵ دیاریکردنی رۆژێک نیم بۆ خۆشەیستی، چونکە خۆشەویستی وەک ژەمەکانی خواردن پێویستە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا هەبێت، گرنگە هەموو چرکەکانی تەمەنمان خۆشەویستی بێت، بە کردارو گوتار بۆ دەوروبەرمان بیسەلمێنین.

## چەند شتێک کاریگەری هەیە لەسەر خۆشەویستی

ئەو نووسەرە وتیشی: دیارە تێڕوانینمان بۆ خۆشەویستی جۆری ئەو ژینگە دیاری دەکات کە چۆن مرۆڤەکان تێیدا پەروەردە دەبن، وەکو ئاین، یاسا، پەروەردە، سروشت، خێزان، کە هەموو ئەمانە کاریگەریان هەیە لەسەر جۆری خۆشەویستی.

## خۆشەویستی سەرەتای هەیە. بەڵام کۆتایی نیە

لە کۆتاییشدا روونیکردەوە کە خۆشەویستی تەنها بۆ رەگەزی بەرامبەر نیە، بەڵکو بۆ (نیشتمان، سروشت، منداڵ، دایک، باوک، هاوسەر و هتدە..، بەڵام لە گۆمەڵگای رۆژهەڵاتی و کۆمەڵگای کوردی کورتکراوەتەوە لە نێوان دوو رەگەزدا. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە خۆشەویستی کاتێک مانا دەبەخشێت بە وشەی خۆشەویستی، کە لێوانلێو بێت لە قوربانی و لێبوردەیی لە پێناوی بەدەستهێنانیدا، بەوپێیەی خۆشەویستی هەستێکە سەرەتای هەیە، بەڵام کۆتایی نیەو دەبێت بەردەوام بێت و ببەخشرێت.

## هەندێک ئەو رۆژە یاد دەکەنەوەو هەندێکیش رەتیدەکەنەوە

هەر لەبارەی رۆژی خۆشەویستییەوە، کنێر عەبدوڵڵا سەرنووسەری گۆڤاری تەوار کۆمەڵگا دەکات بە دوو شێوە، بەشێوەیەک کە بەشێکیان رەتیدەکەنەوەو بەشێکیشیان یادی دەکەنەوەو بۆ سایتی خاک دەڵێت: رۆژی خۆشەویستی ئەگەرچی جەژنێکی رۆژئاواییەو هێمایەکە لە سەرتاسەری جیهانداو بە شێوازی جۆربەجۆر یادی دەکرێتەوە، بەڵام لە کوردستاندا ئەم بۆنەیە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. هەروەک هەندێک یادی دەکەنەوەو ئاڵوگۆڕی دیاری و هەستی سۆزداری دەکەن، هەندێکی تریش باوەڕیان وایە ئەو بۆنەیە هیچ پەیوەندییەکی بە کەلتووری کوردستانەوە نییەو یادکردنەوەی گرنگ نییە، ئیدی بەشێکی هۆکارەکانی دەبەستنەوە بەوەی ئەو بۆنەیە پەیوەندیدارو هەڵقوڵاوی کۆمەڵی رۆژئاوایە، هەندێکیشیان پێیانوایە گرێدراوی ئاینی مەسیحەو هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵی کوردییەوە نییە.

## لە کوردستاندا زۆربەی بۆنەکان تایبەتمەند نین بە کۆمەڵی کوردییەوە

ئەو سەرنووسەرە وتیشی: لە کوردستاندا زۆربەی بۆنەکان تایبەتمەند نین بە کۆمەڵی کوردییەوە، بۆ نموونە سەدان چیرۆکی کاریگەری خۆش و ناخۆشی جۆربەجۆری خۆشەویستیمان هەیە، بەڵام نەمانتوانیوە کار لەسەر ئەوە بکەین کە

یەکێک لەو چیرۆکانە ببێتە هێمایەک و یادبکرێتەوە وەک زۆرێک لە بوارەکانی تر.

### خۆشەویستی کاریگەری لەسەر بەردەوامبوون و کۆتاییهاتنی ژیان هەیە

گۆرانیبێژی لاوی کورد هەڵوێست هەروەک چۆن لە گۆرانییەکانیدا ئاوازی خۆشەویستی دەچڕێت و گوێی گەنجان پڕ لە عەشق دەکات، بەوجۆرەش پێیوایە خۆشەویستی سەرەتاو کۆتایی ژیانە، هەربۆیە لە ڕۆژی ڤالانتایندا لە ڕێگەی سایتی خاک-ەوە پیرۆزبایی لە عاشقان دەکات و دەڵێت: بە بڕوای من خۆشەویستی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەردەوامبوون و کۆتاییهاتنی ژیان هەبێت هەروەکو (هەوا، ئاو، ئاگر، خاک..) کە بە نەبوونیان ژیان دەوەستێت. هەربۆیە بەردەوامی ژیان پەیوەستە بە بەردەوامی خۆشەویستییەوە.

### خۆشەویستی میوانێکی چاوەڕواننەکراوە

لای خۆشەوە فۆتۆگرافەری کورد هاوبەش نوری بۆ ڕۆژی خۆشەویستی جیاواز دەدوێت و بەتەنها باس لە خۆشەویستی ناکات، بەڵکو عەشق و مەرگ پێکەوە گرێدەدات و بۆ سایتی خاک دەڵێت: مردن و خۆشەویستی دوو میوانی چاوەڕواننەکراون، کاتێک دێن یەکێکیان دڵمان دەبات و ئەوی تریان تریەی دڵمان دەبات.

**گەر بمتوانیایە.. یەکەمجارە ئەم شیعرەی ئیسماعیل محەمەد بڵاودەکرێتەوە**

بۆ ڕۆژی خۆشەویستی شاعیر (ئیسماعیل محەمەد) ئەوین و سۆزی خۆی لە چەند دێڕێکدا دەردەبڕێت و بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی سایتی خاکەوە شیعرێکی بڵاودەکاتەوە لەژێر ناوی (گەر بمتوانیایە)، کە ئەمەی خوارەوە شیعرەکەیەتی:

بەهۆی تۆوەیە چی بەسەرمایە
لەدەستم چووە ماڵ و سەرمایە
هێشتا عەشقی تۆ هەر لە سەرمایە
وێنەت لە دڵی پڕ کەسەرمایە
مەیلت وەک وەرزی بەهاران وایە
تاوێ گەرمایە، تاوێ سەرمایە
زۆر کەڕەت بیری وا بەسەرمایە
کە تۆ لە بیرکەم گەر بمتوانیایە

پۆرترێت.. یەکەمجارە ئەم شیعری باست حەمە غریب بڵاودەکرێتەوە

شاعیرو نووسەر باست حەمە غەریب هەستی خۆی لە چەند دێڕێکدا دەردەبڕێت و لە ڕێگەی سایتی خاک-ەوە بۆ یەکەمجار بڵاوی دەکاتەوە لەژێر ناوی (پۆرترێت)، کە ئەمەی خوارەوە شیعرەکەیەتی:

ئەڵێی بەدەست و پەنجەی خۆم
ڕووخسارتم ورد ورد کێشاوە
وەستایانە،
فڵچە لە فڵچەی نەداوە
هەر ڕەنگێک لە شوێنی خۆیدا
هەر گۆشەیەک و هەر چاڵێک
سێبەرێکی تەنکی گۆنا
هەڵکەوتەی سیحریی هەر خاڵێک
خەتی کەمێک تاریکی لێو
زەردەخەنە، وەک شەکرە سێو
برژانگ، تارتر لە بەختی خۆم
بریقەی ڕوومەت چەشنی مۆم
برۆ وەک پەلکە زێڕینە، بەس ڕەشێک تۆخ
زوڵفێک تاڵ تاڵ، نەرم نەرم
تریفەی نیگایەکی شۆخ
تێکەڵاوی کەمێک شەرم
چەشنی وێنەکەی خەیاڵم، هەموو شتێکت نیانە
وەک خانمی ڤالانتاینیش
ئەو گوڵە سوورەت لێ جوانە!

چاوەڕوانی خۆری چاوتم.. شیعری شاعیر ئەحمەد محەمەد

شاعیری شیعری لیریک ئەحمەد محەمەد بۆ خۆشەویستی پارچە شیعرێکی هەیە کە ئەمەی خوارەوەیە:

من بەکاتی چرۆو گەڵا؛ چاوەڕوانی خۆری چاوتم
شنەی نەرمی نسارانم ، هێشتا وێڵی زوڵفی خاوتم
بیرەوەریت وەک بروسکە هەوری یادم ئەسوتێنێ
هاتنەوەی تۆ بەهارێکەو رەنگی تازە ئەخوڵقێنێ

ڤالانتاین دێ.. شیعری پەیکار عوسمان بۆ ڤالانتان

نووسەرو شاعیر پەیکار عوسمان لە تێکستێکیدا بۆ ڤالانتان، جەنگ و خۆشەویستی ئاوێتەی یەکتری دەکات، کە ئەمەی خوارەوە شیعرەکەیەتی:

کێشەی جەنگ ئەوەیە
ڤالانتاین دێ و سنگی کچان چۆڵوهۆڵ
گوڵەکان هەموو دران لە سنگی شەهید
ڤالانتاین دێ و قەدی کچان ڕووتوقووت
شیعرەکان هەمووی کرانە بەری پێشمەرگە
ڤالانتاین دێ و لێوی کچان پڕ خاڵین
لەو ماچە سورانەی قەدەر
لە ژووانی گرتنەوە
بۆ سەنگەر
ڤالانتاین دێ و دڵی کچان پڕ پڕن
لە قەهری ئەو کورانەی
دڵیان گۆڕی و
دایان بە نیشتمان
کێشەی جەنگ ئەوەیە ڤالانتاین دێ و
من لە کەڵبەستان!
لە تاو لوورەی گورگ و
قرقێنەی مەرگ و
بریسکەی سمێڵی چەقۆ،

شەرم ئەکەم بە یار بڵێم

خۆشئەوێ ی،

دڵم هێشتا پڕە

لە تۆ

سەرچاوە: ماڵپەڕێ خاک  -  ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

## ڤالانتاین و ١٢ ڕاستیی نەزانراو



بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی، هەمووان چاوەڕوانی ١٤ی شوباتی هەموو ساڵێک دەکەن کە بە رۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) ناسراوە، بەڵام بۆ ئەمساڵ پێگەیەکی سەربە تۆڕی (ئێن بی سی) ئەمریکا، ١٢ ڕووداوی بڵاوکردەوە کە یەکەمجارە باسی لێوە بکرێت.

**پێگەی (دەبلیو ئی ئەی یو)ی سەربە تۆڕی (ئێن بی سی) ئەمریکا ئەم زانیارییە نامۆیانەی بڵاوکردەوە کە لەرۆژی ڤالانتایین روویانداوە:**

١- لە ڤالانتایندا خەرجیی پیاوان دەگاتە نزیکەی ١٣٠ هەزار یۆرۆ کە ئەمەش دوو ئەوەندەی خەرجیی خانمانە لەو رۆژەدا.

٢- تەنها لە ئەمریکا بۆ ئەو رۆژە نزیکەی هەشت ملیار قاڵبە شیرینی و شوکولاتە بەرهەم دەهێنرێت، واتە ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر دانە دانە ئەو شوکولاتانە دابنرێن، بەشی رێگای نێوان رۆمای پایتەختی ئیتالیا و ولایەتی ئەریزۆنای ئەمریکایی دەکات.

٣- لە ئەمریکا و لە رۆژی ڤالانتاین، هەموو ساڵی یەک ملیار کارتی پیرۆزبایی دەگۆڕدرێتەوە.

٤- لەو رۆژەدا نزیکەی ٥٠ ملیۆن گوڵ دەگۆڕدرێتەوە.

٥- کارتی پیرۆزبایی و خۆشەویستی لەو رۆژەدا دەدرێت بە مامۆستایان و دایک و منداڵ و تەنانەت ئاژەڵیش.



سەرچاوە Serchawe

٦- زۆرینەی کڕیاری گوڵ لە ڤالانتاین، پیاوانە بە ڕێژەی ٧٣%.

٧- لە هەموو ڤالانتاینێکدا نزیکەی ٣٦ ملیۆن دڵ لەشێوەی سندوق و شوکولاتە و شیرینی دەفرۆشرێت.

٨- شاری ڤیرۆنا ی ئیتالیا کە شوێنی خۆشەویستییە گەورەکەی نێوان رۆمیۆ و جولێتە، هەموو ساڵێک هەزار وتاری تایبە بە جەژنی خۆشەویستیی تێدا پێشکەش دەکرێت.

٩- یەکەم قاڵبە شیرینی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٠٠ لەلایەن ریچارد کادبۆری دروستکرا کە ئەو رۆژەش کەوتە رۆژی ڤالانتاین.

١٠- هەر لە رۆژی ڤالانتاینی ساڵی ١٨٧٦ بوو کە ئەلیکساندەر گراهام بیڵ بێتاوانکرا لەسەر داهێنانی تەلەفون.

١١- کۆنترین هۆنراوەی خۆشەویستی لەسەر تاتەقوڕێک نووسراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزارو ٥٠٠ ساڵی پێش زایین لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا.

١٢- لە چاخەکانی ناوەڕاست و لە رۆژی ڤالانتاینی ئەو کاتەدا، کچان خواردنی زۆری سەیر و نائاساییان دەخوارد، بەو هیوایەی شەو خەون بە هاوسەری داهاتوویانەوە ببینن.

سەرچاوە: فۆستا - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## ڤالەنتاین، ڕۆژی خۆشەویستیی یان کۆنەویستیی؟!



**دارا ئەحمەد**

هەر بزاڤەکی پێشڤەڕۆیانەی کۆمەڵ - کە هیچ چار نییە تەنیا یەک هێڵی یەک ڕەوتی فەرهەنگیی بنەمای سەرەکیی دامەزران و هەڵسووڕێنەریەتی - بە بێ هیچ گومان و دوودڵییەک تاسەر و جاویدانیی نییە و ڕۆژەک لە ڕۆژان سەرانگرێ دەبی و پێویستی بوونی نامینێ بە تایبەتییش ئەو دەمەی کە بزاڤەکە زۆرەک لە خواست و ئامانجەکانی و ەدەستدێنی ئەگەر دەرفەتی خۆگونجاندن و ئاوێتەبوونی بە بزاڤی تازەی هاوشێوەی خۆی لۆ نەڕەخسێ ئەوە دەرد لێی دەدا و هووردە هووردە بۆگەن دەبی و لەجێی خۆی گیان دەدا.

وەلی هێندەک بزاڤی نابابەتیی و دەستکرد هەن لەگەڵ ئەوەی زوو ڕووە ڕاستەقینەکەیان دەردەکەوی و بە بنبەست دەگەن.. کەچی لە لایەن ئافەریدەکەرانیان - کە شانازیی بە پێشینەی تێکۆشانیان دەکەن و دەیانەوێ سۆزدارانە لەسەری بژین - بە هاوکاریی هێندەک سیاسەتبازی دەرکیی و نێوخۆی دەرێی خۆیان - کە ئەوانیش بزاڤی تازە و نوێ دژ بە ڕژەوەندییەکانیانە - بە دەرزیی و داودەرمان لەسەر پێیانیان ڕادەگرن و تەمەنیان درێژ دەکەنەوە.. ئەوە ڕێک وەک ئەو نوکتانەی لێدێ کە ئێستا لە دەوروبەرمان هەن؛ دوو نموونەی دیار و بەرجەستە لەو بارەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** حیزب یان حکومەت خاوەنی زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوە تایبەتمەند و پیشەیی و جەماوەرییەکانە لەسەر ئاستی تێکڕای جیهان بە تایبەتییش لە وڵاتە هەژار و پاشدامایەکان.. کە دەبووا لەمێژە کۆتایی پێ بهاتبا و وەک بێ ئابڕوویی سیاسەتمەدارانی سەدە کەونەکان بە تایبەتییش ئی سەدەی بیست تەماشا بکرابا.. کەچی هێشتا مرۆڤەکان گاڵتەجاڕییانە دەست و پەنجەی خۆیان لەگەڵ ئەو خاوەندارییە - کە بە دیکۆر و ڕتووشکردن شێردرایەتەوە - نەرم دەکەن و ئێستاش وەک تانەی سەر چاوان ڕۆشناییەکان خامۆش دەکا.



سەرچاوە Serchawe

**دووەم**: باڵادەستیی هزر و رەفتاری شۆردراوەی پیاوسالاریی و چەوسێنەرانەی سیستەمی سەرمایەداریی و موتوربەکردنیان لەسەر رەوتی بزاڤی یەکسانییخوازانەی نێوان ژنان و پیاوان کە ژنانەک بە پاڵپشتی پیاوانی رووکەش ئازادیی و یەکسانیی خۆیان لە بەهرەمەندبوونیان لە (ئازادیی پۆشین و ماکیاژ، چوونەدەر و سەیران، یاساگەلەکی یەکسانییخوازانە کە لە بەرانبەر دابونەریت و مۆراڵ هێزی یاساییان نییە، گەیشتن بە دەسەلاّت بە هەمان فەرهەنگی پیاوسالاریی، دژە پیاویی و وەسەردابڕینی هەمان چەوساندنەوەی سەر ژنان وەسەر هێندەک پیاوی گەمژە، ئەندێشەی ناسکتربوون و سۆزدارتربوونی ژنان و هێندەک شتی دیکەی بێ زاخ و رووکەشی لەو بابەتانە) دەبیننەوە.. کە دەبووا لەمێژە سەرلەبەری جوداکارییە دەستکردە چەوسێنەرەکانی نێوان ژنان و پیاوان کە پیاوسالاریی و دین و دابونەریتە دارزیەکان دروستیان کردییە لە بنوبۆتکەوە هەڵکێشرابان.. وەلی ئەفسووس.

(ڤالەنتاین)یش - وەک گوزارشتەک لە سۆز و خۆشەویستیی لە ئەنجامی هزری ئەندێشەمەندانەی بێ پێگە و بێ زەمینە لە هەناوی خەون و خولیای ئازادکردنی حەز و ئارەزووە جەستەییەکان سەرچاوەی گرتییە - لە ئێستادا وەک هەمان ئەو بزووتنەوە نابابەتیی و ساختانە لە رووکەشدا لە ئەنجامی حەسرەت و کۆسپەکانی سەر رێی خۆشەویستیی هاتیتە ئارا و هاوکاتیش بە بەرگی بزاڤەکی پێشڤەرۆیانە خۆی ئارایشت کردییە، ئەگەر هەمووەمان کۆک بین لەسەر ئەوەی سەرجەمی سەرهات و چیرۆکە جۆراوجۆرکانی پەیدابوونی وەلا بنێین و لەسەر ئەو چیرۆکە رێک بکەوین کە گوایە بە هۆی رووداوەک و کاردانەوەکانی (ڤالەنتاین) دروستبووە.. وەک دەگێرنەوە: (پتر لە هەزار و حەفت سەت ساڵ لەمەوبەر پاش ئەوەی (کلۆدیۆسی دووەم)ی ئیمپراتۆری رۆمانیی لە پێناو بە هێزبوون و مانەوەی چەکدارەکانی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی دا، (ڤالەنتین)ی قەشە بەرانگژی بڕیارەکە بوویتەوە و چووە بە نهێنیی گرێبەستی هاوسەرگیریی لە نێوان ئەو کەسانە ئەنجامداوە کە ویستیتان خێزان پێکەوەبنێن، ئیمپراتۆریش لەسەر ئەوە قەشەی دەستگیر کردییە و لەنێوی بردییە، ئیدی ئەو رۆژە کرایتە رۆژی خۆشەویستیی و بە ناوی قەشەکەیان کردییە.. لە سەردەمی جۆراوجۆریش بە شێوەی جۆراوجۆر یادی کرایتەوە.)، پاشانیش بێین بە بێ رۆچوون و هووربوونەوەکی پێویست دانی پێدا بنێین کە ئەرێ رەوا و لەجێی خۆیدا بووە ئەو رۆژە کرایتە رۆژی خۆشەویستیی.. لە ئێستاشدا ئەو گەمژەییە لە خۆمان دانەتەکێین و هەر بە رۆژی خۆشەویستیی ناوی ببەین و یادی بکەینەوە.. ئەوە جگە لەوەی لەو دوو نوکتەی سەرێ زۆر کۆمیدییترە.. دەبی فرە بێ هومێد و ناباوەڕیش بین بەوەی کە لە راستییدا خۆشەویستیی بوونی هەبی لە نێوان ژنان و پیاوان تەنانەت دەبی لەوەش بە گومان بین کە دەزانین واتای خۆشەویستیی چییە و چ دەگەیەنی بە تەواویی! چونکە:

١- لەنێوچوونی قەشەیەک چ پەیوەندییەکی بە خۆشەویستییەوە هەیە؟! ئەوە لە کاتەکدا کە دینەکەی ئەو و هەموو دینەکانی دیکە و پەیڕەوکارەکانیان - بە تایبەتییش کەسانەکی پلەبەرزیی دینیی وەک قەشە - نەک هەر دوژمنی



سەرچاوە
Serchawe

سەرسەختی خۆشەویستیی نێوان ژنـان و پیـاوانن بـەڵکە هەمیشە ڕێگر بوونـە لـە هـەڵسوکەوتکردنی حـەز و ئـارەزووە جەستەییـەکانی نێوان ژنـان و پیـاوانیش.. بـە درێژایـی هـەبوون و باڵادەستییشیـان لـە مێـژوودا سـەرلەبەری مرۆڤایـەتییان لەسەر خۆشەویستیی و لەسەر ئازادیی (بەریەک کەتن)ی جەستەکان لە خین و فرمێسک هەڵکێشایە و تا ئێستاکەشی لەگەڵ دابی بە پێی ئاستی پلە و پایەی دەسەڵاتـەکانیان چەنـدەی لـە توانایانـدا هـەبی هـەر هـەمان ڕەفتـاری قێزەونانـە ئـەنجام دەدەن، دیارە بەرانگژبوونەوەی ئەو قەشەیەش دژ بە بڕیاری ئیمپراتۆرەکەی بە بێ هیچ گومانەک بە پلەی یەکەم لـە پێنـاو وەدەستهینانی بەرژەوەندییـە خۆپەرستیی و بیـر کلۆلییـەکانی خۆی بـووە وەک کەسایەتییەکی دینـدار و بـە پلەی دووەمیش ئارایشتکردنی دینەکەی بـووە تـا دزێوییـەکانی وەشێری و بتـوانی لـە جێبـەجێکردنی بەرنامەی دینەکەی زۆرتـرین خـەڵک لەخشتە ببا و پێگەی دینەکەی بەهێز و بەهێزتر بکا کە دووبـارە دەبیتە بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆشی.. نـەک لـە پێنـاو خۆشەویستیی و ئازادبوونی حـەز و ئـارەزووە جەستەییەکان کە هـەبوونی ئـەو دووانـە لـە هـەر دەم و جێیـەک خۆبـەخۆ دیـن دەپووکێننەوە.

٢- سزای ئەوپەڕی دژەمرۆیی لەسێدارەدان هەرگیز واتـای ئەوە ناگەیـەنێ کە کەسی لەسێدارەدرا ئـەرێنیی و مافپـەروەر بـێ، بە سەدان و بە هەزاران نموونە لەبەردەستن کە کەسی بـەرانگژبۆوە لـە دەسەڵاتـدار چەوسێنەرتر بـووە و ئەگـەر سـەربکەتبا ئەوە کاری زۆر دڕندانەتری لە دەسەڵاتدارەکە ئەنجام دەدا، باشترین نموونـەش لـەوڕۆدا کە زۆر بـە نموونـەی ئـەو قەشـەیـە دەچی.. (نەوشێروان مستەفا)یە وەک نموونـەیـەکی نـەرێنیی کە بـەرانگژی دەسەڵاتـەکی نـەرێنیی بوویتـەوە، هـەروەک ئـەو قەشەیە کە توانیبووی لـە بەرانبـەر بڕیـارە دژەمرۆییەکەی ئیمپراتـۆر - کە لـە تێڕوانینـەکی کۆنەپەرستانەی سـەربازگیریی سەرچاوەی گرتبوو - سوود لە نـەزانین و پاشدامایی خـەڵکی ئـەو سەردەمە وەربگری و هانیـان بـدا تـا هاوسـەرگیری بکـەن ئەوە لەگەڵ ئەوەی خودی هاوسەرگیریی خۆی کـارەکی نەرێنییـە و لەنێوبـەری خۆشەویستیی نێوان ژنـان و پیـاوان بـووە لـە گشت سـەردەمەکاندا، نەوشێروانیش کتومت لاسایی ئـەوی کردیتـەوە.*** جا ئەگـەر گریمـان نەوشێروان لـەنێوبردرا ئـەوە لەنێوبردنەکەی دوور و نێزیک هیچ پەیوەندییەکی بە وەدیهینانی سیستەمەکی ئازادیییخواز و یەکسانییخوازەوە نییە.. چونکە خودی بوونی خۆی و بەرنامەکەشی لە چوارچێوەی (حیزبی گۆڕان!**) وەک نـاوەکی رووکەش دوژمنـی سەرسـەختی سیستەمەکی لەو جۆرەن، هەر بـە هـەمان جۆریش لـەنێوچوونی ئـەو قەشـەیـەش دوور و نێزیـک هیـچ پـەیوەندییـەکی بـە خۆشەویستییەوە نەبووە.. چونکە خودی بوونی خۆی و بەرنامەکەشی لـە چوارچێوەی (حیزبـی مەسیحیی!***) وەک نـاوەکی رووکـەش دوژمنـی سەرسەختی خۆشەویستیین.

٣- ژیانی پیشڤەڕۆیانەی ئەوڕۆ بە پشتبەستن بـە زانستی کۆمەڵایـەتیی جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کە خۆشەویستیی و هەوڵسوکەوتکردنی حـەز و ئارەزووەکـانی جەستە زۆر لـە یـەک جودان، ئەگـەر پـەیـڕەوی دابونـەریت و دینـەکان وەلا بنێین دەکرێ ژنەک و پیاوەک حەز و ئارەزووە جەستەییەکانیان بـە یـەک دابمرکێننـەوە و خۆشەویستی یەکدیش بـن جـا هاوسـەری



سەرچاوە Serchawe

یەکدی بن یان نا، هەروا دەکرێ ژنەک و پیاوەک حەز و ئارەزووە جەستەییەکانیان بە یەک دابمرکێننەوە و خۆشەویستی یەکدیش نەبن جا هاوسەری یەکدی بن یان نا، کەواتە لە هەردوو باردا جودان، هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤی سەردەمی ئێستا ئەوانەی دەیانەوێ ژیان بگۆڕن و جوانتری بکەن ئیدی لە کۆششی ئەوە دان بتوانن بە بێ هاوسەرگیریی خۆشەویستیی بکەن و هەڵسوکەوتی حەز و ئارەزووە جەستەییەکانیشیان بکەن.. هەروا مافی ئەوەش بە خۆ دەدەن و پێیان چاکتر و زانستییانەتر و گونجاتریشە کە جگە لەوەی دەیانەوێ هاوسەرگیریی لە فەرهەنگی خۆیان رەش بکەنەوە بتوانن بە بێ خۆشەویستییش جەستەیان لە بەرانبەر یەکدا ئازاد بکەن، رەتکردنەوەی هاوسەرگیریی ئێستا لەو وڵاتانەی هێندەک پێشڤەرۆترن لە جێەکانی دیکەی جیهان بوویتە دیاردەکی باو.. چونکە هاوسەرگیریی پێشتر و لە سەردەمی ئەو قەشەیە و زۆر پێشی ئەویش بە بێ خواستی مرۆڤەکان و بە تۆبزیی پیاوسالاریی و دینەوە داسەپابوو، لەبەرئەوە کۆششی ئەو قەشەیە بە شێوەکی گشتیی دژ بە مرۆڤ و بە شێوەکی تایبەتیی دژ بە خۆشەویستیی و ئازادیی هەڵسوکەوتکردنی حەز و ئارەزووە جەستەییەکان بووە هەموو ئامانجەکەی ئەوە بوو ئەو تۆبزییەی هاوسەرگیریی درێژە پێ بدا کە لە دینی مەسیحییدا زۆر کۆنەپەرستانەیە چونکە لەو دینەدا کە دوو کەس لە یەک مارە دەکرێن و دەبنە هاوسەری یەکدی ئیدی تا دەمرن دەبی پێکەوە بن و ئەگەر گەورەترین نەگونجان و ناکۆکییشیان بکەویتە نێوان هەر ناتوانن دەست لەیەک بەربدەن.. ئەوەش لای مرۆڤی پێشڤەرۆی ئەورۆ بوویتە کۆمێدیایەکی فرە بێزەوەر.

دیارە بە هۆی باڵادەستیی فەرهەنگی دین و پیاوسالاریی.. وەرگرتنی ئەو تێڕوانینانەی سەرێ زۆر قورسن لەکن زۆرینەی خەڵکی کوردستان و هێندەک ناوچەی دەوروبەری، هەروا ئەوان لە روانگەکی دیکەوە ڤالەنتاین بە شێوازەکی نەرێنیی رەت دەکرێتەوە.. واتە چاک و خراپی رۆژاوایان پێ خراپە چونکە ئی رۆژاوایە.. بەوەش دووچاری ئەوە بوونە خراپتر لە خراپ ئافەریدە بکەن! لە بەرانبەریشدا خەڵکەکی زۆریش هەن پێیان وەیە (ڤالەنتاین) لە راستییدا رۆژی خۆشەویستییە!؛ نەک هەر لە رێزەکانی هەرزەکاران و لاوان بەڵکە خەڵکانەکی تەمەن گەورەش لە رێزەکانی چەپ و کۆمۆنیستەکان و نێوەندە رۆشنبیرییەکان پێی هەڵدەپەڕن و هۆنراوە و چیرۆک و وتاری عەنتیکە عەنتیکە بەو بۆنەیە دەڕازێننەوە و بە باڵایدا هەڵدەدەن و ئاهەنگی گەورە گەورەشی لۆ ساز دەکەن!

لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگانەی لای خۆمان هێشتا بە چاک و خراپمانەوە پاشکۆی چاک و خراپی رۆژاواین.. هەر لاسایی ئەوان دەکەینەوە.. لەگەڵ ئەوەی ڤالەنتاین وەک ڤایرۆسەکی پیس هووردە هووردە جەستەی کۆمەڵگەکانی لای خۆشمان ئاڵوودە دەکا وەک ئەوەی کە جەستەی کۆمەڵگەکانی رۆژاوای دارزاندییە و سەرمایەداران وەک بازرگانییەکی گەورە دەیخەنە کار و ساڵانە لە پێناو گێژوویژکردنی گەنجان بە دەیان ملیار دۆلار کە لە خین و ئارەقە و ماندیبوونی خەڵکی زەحمەتکێش وەدەستدێ بە فیڕۆ دەدەن، سەرەڕای ئەو بارە نەرێنییەی پاشکۆیەتییمان باری ئەرێنیی پاشکۆیەتییشمان



سەرچاوە
Serchawe

هەیە.. نموونەی ئەوەش؛ لە لای خۆشمان زوو یا درەنگ بە جۆرەک لە جۆرەکان کۆتایی بە هاوسەرگیریی دێ.. چونکە خۆمان نەک چارەسەرەکی باشترمان لەوان پێ نییە بەڵکە هیچ چارەسەرەکمان پێ نییە.. مەگەر ئیسلام کە هەر لە بنی بنەوە دوژمنی سەرسەختی خۆشەویستیی و سەرکوتکەری حەز و ئارەزووەکانی جەستەیە و هاوسەرگیریی کردیتە زنجیرەک و ملی ژنان و پیاوانی پێ شەتەک دایە کە تێیدا ژنان زۆر زۆر لە پیاوان ستەمکێشترن!!!

جا زۆر لە جێی خۆیەتی و زۆریش رێی تێدەچی رۆژەک لە رۆژان کە مرۆڤەکان پتر هۆشیار دەبنەوە.. پەنجەی پەشیمانیی خۆیان بگەزن لەوەی کە رۆژەک لە رۆژان (ڤالانیاین)یان بە رۆژی خۆشەویستیی زانییە و بەو بۆنەشەوە ئاهەنگیان ساز کردییە یان بە لایەنی کەم وەک رۆژەکی رەش لە مێژووی خۆیان لێی بڕوانن! ئەوەش ببیتە هۆی ئەوەی بە سوودوەرگرتن لە دەقی ئەفسانەکانی نێو داستانە خۆشەویستییەکانی وەک (شیرن و فەرهاد) و (رۆمیۆ و ژولیەت) و (لەیل و مەجنون) و (مەم و زین) و لەو بابەتانە رۆژی خۆشەویستیی لە نێوەڕاستی وەرزی بەهار دیار بکەن نەک رۆژەکی ئەوها سارد و سەرمای وەک ئەوەی ئێستا کە سەرەڕای ئەوەش پڕاوپڕە لە کۆنەویستیی دینی مەسیحی.. ئەویش بە مەرجەک حکومەت خەرجییەکانی بگریتە ئەستۆی خۆی و بەرکی هەژاران و زەحمەتکێشانی پێ دانەدۆشرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رەوند - رێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٢

---




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

رێبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe




سەرچاوە
Serchawe